# گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟

وتاری فەلسەفی

نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

# گوڵەکان بۆکێ دەپشکوێن؟

وتاری فەلسەفی

نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

- بەرگ: شۆڕش غەفووری
- نەخشەسازی ناوەوە: شۆڕش غەفووری
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٦
- چاپخانە:
- تیراژ: ٧٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دیناری عێراقی
- ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم: (                    )

ناونیشانی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی (لمن تفتح الازهار؟)یە
لە چاپی دووەمی عەرەبییەکەی ساڵی ٢٠١٢ وەرگێڕدراوە
وەرگێڕان و چاپکردنی لەسەرئەرکی (زریان کاکەیی)یە.

هەولێر ـ ٢٠١٦



# گوڵەکان بۆکێ دەپشکوێن؟

نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

# پێرست

- شانازم بەو کارە
- پیری گەورە و هزرمەندی کورد فەلەکەدین کاکەیی

## بەشی یەکەم

- پێشەکی و روونکردنەوە
- پێشەکی سەرەتایی
- گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟
- لە کەشی هزر و ئاوێنەی خەڵکی تر (بوون و زۆربوونی پرسیارەکان).
- فەلسەفەی بن عەرەبی
- زانیاری لەلای جەلالەدینی رومی (مەولەوی)
- ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت، بۆ نمونە لەلای عەبدوڵا گۆران
- ئازار و دەربازبوون
- زانیاری و کەمال
- داهێنانی شیعر بۆ کێ کراوە؟
- کامەرانی ئامانجی خوڵقە
- منداڵ گوڵ و سەرچاوەی کامەرانین
- خۆر بۆ کێ هەڵدێت؟
- دەرئەنجام.. گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟

## بەشی دووەم

- گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟
- گۆڕان و گونجانی بەردەوام
- ئەو نامانەی نەگەیشتوون
- یادێک بۆ خاکەکە
- مووروووە شینەکە
- دوو نیشانەی سەر رێگاکە

- حەلاج نوێژ دەکات
- ئاو و جەژن و باخچەکە
- دەنگ و رەنگ
- سوودی جەختکردنەوەکان
- دایکایەتی
- ریپۆرتاژێکی رۆژنامەگەری لەگەڵ رۆژنامەنووسێک
- ژن شۆڕشە
- ترس و برسیەتی نەماوە
- دیاری ئازار و نەورۆز و سڵاوێک بۆ خانەقین
- ئازادی رادەربڕین
- شەیدابوون بۆ دۆزینەوەی تیرێژێک لە رووناکی
- با مینەکان بێدەنگ بن
- قامچی
- بۆ ئەوانەی نەعلی پێیان لە پێستی ئامۆزاکانیان دروستکراوە!
- پفکردنێک
- نەورۆز
- سێ دیمەن
- دانوستانێکی لاڵ
- شارێک نە گوڵ دەفرۆشێت و نەدەیبەخشێت
- شادییەکی رەوا
- بەردەوام خەون دەبینم
- بەزم و شتەکانی تر
- شادییەکی رەوا
- برین
- ژنێک و گوڵێک و ئاشتی
- بیر لە ژیان ناکرێتەوە بەڵکو تێدا نقووم دەبیت
- هاوڕێ عیسا غێدان
- حەلاجیات
- بڵاوکراوەکانی هەژارانی ئەلئەوزاعی

- دۆڵی شەنگال لە سەرەتای سەدەی حەفتای بەر لە زایین
- من سروشتم.. سروشت منم
- بەکارهێنانی پەیڤیش هەڵوێستە
- وزەیەکی لەبن نەهاتوو
- پشوودان

## بەشی سێیەم

- پاشبەندی کتێبەکە
- نامەی مامۆستا عوسمان موفتی
- نامەی مامۆستا تاریق کارێزی
- نامەی مامۆستا موحمەد سەعدون ئەلسباهی
- لە عیشقی خودایی

## شانازم بەو کارە:

ئەوە کتێبی سێیەمی مامۆستای رەوانشاد فەلەکەدین کاکەییە، شاناز و بە ئارەزوێکی زۆرەوە، وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردی. کارەکە خۆشە، چونکە بابەتەکان، راستگۆیی و دڵسۆزیی تێدایە. باشیش دەزانیت، نووسەر بۆ جوانی سروشت، هەموو بونەوەرەکانی رووی زەوی نووسیویەتی. نووسینەکان، هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتی تێدا نییە.

هەرچەند کار، لەناو هزر و قەڵەم و نووسینەکانی ئەو بیرمەندە دەکەیت، زۆرتر خۆشت دەوێ و شەیدای نووسینەکانی دەبیت، هیواخواز دەبیت، هەزارەها گوڵ بۆ رۆحی ئەو بپشکوێن.

فەلەکەدین کاکەیی، نووسینی زۆری ماوە بکرێن بە کوردی، من شانازم ئەوە دەکەم، شانازیش دەبم، بتوانم بەردەوام بم. جیهان و قەڵەم و هزر ئەو، بۆ ئەوە بووە، گوڵ بپشکوێن.

**شێرزاد هەینی**

**ستۆکهۆلم ئۆگستی ٢٠١٥**

# پیری گەورە و هزرمەندی کورد فەلەکەدین کاکەیی !

مامۆستای گەورە فەلەکەدین کاکەیی، بۆ ژیان و سروشت و مرۆڤ و نیشتمانەکەی خاوەن عەقڵێکی زانستی گەردوونی و وێژدانێکی سپی و دڵێکی پڕ لە میهر و خۆشەویستی بوو، ڕەوانشاد مامۆستا فەلەکەدین لە بارەی بێداری و زەمەن تایبەتمەندی دنیابینی هەبوو.

بە سروشت مامۆستای نەمر فەلەکەدین کاکەیی مرۆڤێکی ئارام و بێدەنگ بوو، بە شێوازی تایبەتی خۆی، خاوەن بێدارییەکی قووڵ بوو، ئەم بێدارییە وەکو پرۆسەیەکی سەرتاسەری ژیانی گەشەی پێدابوو، ئاگاییەک کە ئاوێتە بوو لە هۆشمەندی و ئاکار بەرزی، کە ریشەی بە هزر و لایەنی ڕۆحی بەسترابووەوە، زۆر کەم ئاماژەی پێ دەکرد، بەڵام لە نووسینەکانییدا بە روونی رەنگی داوەتەوە و کتابێکی بە ناوی (بێداری) چاپکردووە. ئەوانەی لەو نزیک بوون و بۆ ماوەییەکی درێژ دەیانناسی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات هەستیان بە تایبەتمەندی و رێزپەڕی ئەم بێدارییە بەردەوام و قووڵەیان دەکرد. لە دانیشتن و پێکەوەبوون لەگەڵ کەسە نزیکەکانی بێ پەردە و راستەوخۆ گفتوگۆی دەکرد و دەچووە قووڵایی بابەتەکان.

ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی چاودێرێکی بەردەوامی زۆر وورد و وریا بوو، بەسەر بیر و زمان و نەفس و کرداری خۆیەوە، تەماحی نەبوو، زۆر خۆی دەپاراست لە دنیاخوازی ( پلە و پایە و مادە و.. هتد). کۆشش و هەوڵدانی بەردەوامی هەبوو لە نزیککردنەوە و پاککردنەوەی گفتار و کردارەکانی، بێداری و تێگەیشتنی لە بەها و ڕۆڵی زەمەن، بەردەوام شیکار و پشکنینی دەکرد، لە تێگەیشتنی خودی خۆی بەرامبەر بە زەمەنی (ئێستا) و دەوروبەر و چۆنیەتی ئەو هۆشمەندییەی عەقڵی تاک، کە گۆڕانی بەردەوامی راستەقینە لە نوێبوونەوە و خوڵقان ئیجاد بکات. خۆی بەدڵنیایی گەیشتبووە ئەو

بڕوایەی کە ئێستا نەمر و ئەبەدیە، هاوکات سەرچاوە و هەڵگری وزە و هێزی پرۆسەی گۆڕانە، چارەنووسسازە، بەسادەییش دەیگوت:

زەمەن لە ڕابردوو مرددوە و بە زۆر کەناڵ و درزدا دێتەوە، بۆ ئەوەی ئێستا بکوژێ و لەباری ببات، بەڵام ئێمە مەحکومین بە ئێستا. لە بارەی زەمەنی ئیستاشدا، بە دڵنیاییەوە ئاماژی بە جیاوازی چۆنیەتی بیرکردنەوە و بەها و کاریگەری عەقڵی مرۆڤەکان دەکرد.

لێرە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، مامۆستا فەلەکەدین زۆرجار لە نووسینەکانییدا کۆششی دەکرد بۆ خستنەڕووی دیوە شاراوە و ریشە نادیارەکانی فەرهەنگی دێرینی کورد، بەڵام بڕوای تەواوی هەبوو بە گەشە و گۆڕان و خولانەوەی زەمەن، لە دیوێکی ترەوە، هەرگیز بڕوای بەوە نەبوو کە مرۆڤ خۆی بکات بە کۆیلەی رابردوو، یا مەبەستی نەبوو هزری مرۆڤ لە رابردوو رابگرێ. مەبەستی لە گرنگیدان و خستنەڕووی ریشەی کەلەپووری دێرینمان بۆ ئەوە بووە، مرۆڤی کورد ئاشنا بن بە راستییەکان و سوودی لێ ببینن، لە پرۆسەی خۆناسین و ڕزگاربوون لە هەستی خۆبەکەم زانین و توانای بەرگریکردنی هەبێت لە ئەمڕۆ (ئێستا)دا، بەرامبەر بە فەرهەنگ و زمانی عەرەبی و بێگانە.

پرۆسەی خۆناسین و خۆپێگەیاندنی مرۆڤ، گرنگییەکی زۆری هەبوو لای مامۆستا فەلەکەدین، بەرپرسیاری و ئەرکەکەی دەخستە ئەستۆی خودی مرۆڤ، خۆی جگە لە هزر و ڕامانی کلتووری ژینگە و خێزانەکەی بەدرێژایی ژیانی لە هەوڵدانی بێ وچان بوو، بۆ خۆناسین و زیاتر خۆپێگەیاندن، ئەمەشی گرێدەدا بە زەمەنی ئێستا و کاریگەربوونمان بۆ درووستبوونی تایبەتمەندی کەسایەتی ئێمە، چونکە تێگەیشتنی خۆی لەم بارەوە بە شێوازێک ساغدەکردەوە، کە مرۆڤەکانی دابەشدەکرد بەسەر مردووەکان و زیندووەکان لەسەر پانتایی زەمەن، بە کورتی دەیگوت: (ئەوەی لە ئێستادا نەژی، دەکرێ بە مردوو بیناسین، واتە مرۆڤێک ئەگەر لە ئێستا نەبێت،

مردووە و لە هیچ زەمەنێکدا نییە!).

لە دیوێکی ترەوە بەڕوونی جیاوازی دەکرد، نموونەی دەهێنایەوە لە نێوان خوێنەوار و رۆشنبیر و کاریگەریان لە زەمەنی ئێستادا، هاوکات پێناسەی رۆشنبیری بە ئاڵۆز وەسف دەکرد، زیاتر لەسەر رۆشنبیری رێزپەڕ(نخبە) دەگیرسایەوە، لە ناو رۆشنبیرە نوخبەکانیش، بەلایەوە گرنگ بوو سەرنج لەسەر ئەو رۆشنبیرانە چڕبکاتەوە کە ئەمڕۆ (ئێستا) دەگەیێنن بە ئاستی داهێنان لە بواری تایبەتمەندی خۆیاندا. حەزی زانستخوازی لای ئەو زاتە مەزنە، پاڵنەرێکی بەهێز بوو، بۆ گەڕانی بەردەوامی بەدوای زانیاری نوێ، لە بارەی داهێنانی زانستی هاوچەرخ، بەتایبەتی لەبواری گەردووناسی و فیزیا.. هتد، بە گشتی لە کاتی ڕادەربڕیندا لەو بارەوە بە کۆ قسەی دەکرد، خۆی جیانەدەکردەوە، خۆی بە سروشت زۆر خاکەڕا بوو دەیگوت:

(نەک تەنها ئێمەی داماو، بەڵکو ئەمڕۆ بەشەرییەت لە سەرتاسەری دنیا بەشە هەرە زۆرەکەی خەریکی کۆپی و نەقڵ و کاری جەستەیی و رۆتین و کۆششن بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتی مادی و بەرخۆری و چێژوەرگرتنن، ئەوەی ئەمڕۆ بە کاری زانستی و داهێنانی راستەقینەیی خەریکن، لە راستیدا گروپێکی زۆر بچووکن و زۆرجار داهێنەرە رێزپەڕەکان تا لە ژیاندا زیندوون خۆیان نازانن داهێنەر و نەمرن) لەبارەی داهێنەرەکانیش بە سادەیی دەیگوت:

(مەبەستی سەرەکی بوون بەختەوەرییە، ئەنیشتاینی فیزیاناسی بە نموونە دەهێنایەوە، کە هەمیشە دەفتەرێکی بچووکی نوکتەی هەبووە بۆ پێکەنین و لە بەهای کاتی ئێستا (ئەم چرکەساتە) و شادی زۆر بە ئاگا بووە).

هاوکات بەڕوونی لەوە تێگەیشتبوو کە هەر چەندە زانست و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگا پێشبکەوێت، کاریگەری و بەهای کاتی لەلا زۆرتر دەبێت، بۆیە کاتی میللەتانی پێشکەوتوو زۆر لە کاتی میللەتە خاو و پاشکەوتووەکان بەهادارتر و کاریگەرترە.

لە پێشەکی کتابی بابا تاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی لە نووسین و

ئامادەکردنی هیاس محمود کاکەیی لە لاپەڕە ٢٠دا مامۆستا فەلەکەدین دەنووسێت:

(چەندین فەیلەسوف و دانای دیکە، بەتایبەتی هیندییەکان، لەوانەش تاگور و ئۆشۆ و کریشنا مورتی و ئەوانی تر فەلسەفەکەیان تەنها لەسەر بناغەی (ئەم چرکەساتە) داناوە، کە دەبێ مرۆڤ هۆشیار و ئاگاداری ئەو چرکەساتە بێت کە تیدا دەژیت، بزانێت لە چی بیردەکاتەوە، بە چییەوە خەون دەبینێت و چی دەکات، چونکە رابردوو رۆیشتووە و ئایندەش نایزانین، کەواتە لەو کاتەدا بژی)، چونکە راستییەک هەیە، نکۆڵی لێ ناکرێت، لە واقیعدا ئێمەی مرۆڤ مەحکومین بە رابردوو، ئەرشیف، مێژوو، کلتوور، رێوڕەسم و شێوازی بیرکردنەوە، کە هێز و بەهای خۆی لە رابردوو وەردەگرێ، بەڵام مامۆستا فەلەکەدین بەدرێژایی ژیانی، خەباتی بێوچانی دەکرد لە زۆر ئاستدا بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی ڕابردوو و کۆنخوازی، زۆر بە خەمخۆری و بەرپرسیارییەوە خەباتی دەکرد، بۆ ئازادکردنی بیری مرۆڤ لە تاریکی و نەزانین، هاوکات دەرگاکانی بیری دەکردەوە، بۆ تازەگەری و ئازادی و زانستی هاوچەرخ. لە ئازادیشدا زۆر گرنگی بە ئازادی بیر و ڕادەربڕین دەدا، کە خۆی خەباتێکی زۆری کرد لە پێناوی بیرکردنەوە و رادەربڕین و ئازادی نووسین و بڵاوکردنەوە. ئەمڕۆش شوێن پەنجە و کاریگەرییەکانی دیارە، بەتایبەتی لەو دوو کابینەی کە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

پوخت و رەوانی زمانی وەرگێڕانەکە و هیمەت و حەزی بەڕێز مامۆستا شێرزاد هەینی گرنگترین پشتیوانی بوو بۆ درێژەپێدانی پرۆژەی وەرگێڕانی کتێبەکانی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، کە لە بنەڕەتدا چەندان کتابی لە کاتی خۆیدا بە عەرەبی نووسرابوون و نەکراونەتە کوردی، هەنگاوی یەکەم (چرکەساتی هۆشمەندی و حەلاجیات) لە ساڵی ٢٠١٤ وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی و چاپکران، لەبەر گرنگی بابەتەکان و پێشوازی گەرم و

فراوانی خوێنەرانی گەنجان بڕیارماندا لە وەرزی ئەمجارەی پرۆژەکە دوو کتێبی تر هەڵبژێرین، ئەویش (گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن و کودەتای رۆحی)، لێرەدا بەپێویستی دەزانین، درێژە بە وەرگێڕانی کتێبەکانی تری مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بدەین، کە تا ئەمڕۆ تەنها بە عەرەبی دەست دەکەون.

## کتێبە چاپکراوەکانی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی:

١. کورتەیەک لە مێژووی شانۆی کوردی (بە زمانی عەرەبی) ١٩٨٤.
٢. دەربارەی خوێندن و فێربوون لە کوردستانی عیراق ١٩٨٥ .
٣. کۆمەلێک پەخشان بە زمانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٨٤ لە ئەوروپا چاپکراوە.
٤. نەتەوەیەکی بێ رۆژنامەی رۆژانە، ١٩٨٩ بە بۆنەی ٩٠ مین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە.
٥. قەزافی دۆزی کورد، ١٩٨٩ دەربارەی پشتگیری سەرۆکی لیبیا موعەمەر ئەلقەزافی لە دۆزی کورد لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە تا ئەمرۆ.
٦. چەند کتێبی سیاسی سەبارەت بە کاروباری بەرەی سیاسی کوردستان و عیراق و پێشکەوتنی بیری سیاسی لە نێو ئۆپۆزسیۆندا.
٧. وەرگێرانی رۆمانی (دۆنی ئارام) نوسەری ناسراوی سۆڤیەت و هەڵگری خەڵاتی نۆبل میخاییل شۆلۆخۆف. ئەم بەرهەمەی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاخ چاپکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر دووبارە چاپکراوەتەوە.
٨. فەلەکەدین کاکەیی بەڕەنگی خۆی و دوور لە سیاسەت، کۆکردنەوەی شێرزاد عبدلرحمان، کۆمەڵێک دیداری رۆژنامەگەری ئەدەبییە، هەولێر ٢٠٠٥.
٩. ویژدان و ئازادی، بەشی یەکەم ٢٠٠٧.

١٠. ویژدان و ئازادی، بەشی دووەم ٢٠٠٧.

١١. چاپی دووەمی (دەفتەری خاک) کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە دەربارەی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و هەژار و چەند بابەتی دیکە.

١٢. رۆمانی (بطاقە یانصیب) بە زمانی عەرەبی، چاپی دووەم ٢٠٠٨ ئەم رۆمانە، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا چاپ و بڵاوبوتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بە پێشەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە بۆ جاری دووەم لە هەولێر چاپکراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکە بە کورتی دەربارەی ئەو نوسەر کوردانەیە، کە بەناچاری رۆمان و چیرۆک و شیعریان بە زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی نووسیوە، وەکو نوسەری مەزن یەشار کمال.

١٣. قەزافی و دۆزی کورد، چاپی یەکەم ١٩٨٩، چاپی دووەم١٩٩١، چاپی سێیەم ٢٠٠٨، لەگەڵ پێشەکییەک و چەند وتاری تر.

١٤. پێشەکی بۆ کتێبی (عەلەوییەکان) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی (ابراهیم داقوقی) لە هەولێر چاپ و بڵاوبووتەوە.

١٥. پێشەکی بۆ کتێبی تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا بە زمانی کوردی لە نووسینی (نامیق هەورامی)، لە سلێمانی لە چاپخانەی کەمال، چاپکراوە ٢٠١١ .

١٦. کتێبی (موطن النور) واتە (نشتیمانی رووناهی) بابەتەکانی ئەم کتێبە ئەدەب و کلتوورە، سەرجەمیان لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری بەغدا رۆژانە لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی بڵاوبوونەتەوە.

١٧. پێشەکی بۆ کتێبی بابا تاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی بە زمانی کوردی لە نووسینی (هیاس محمود کاکەیی)، لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٠ لە چاپخانەی شەهاب چاپکراوە.

١٨. چۆن فێری رقت دەکەن، نووسینی میکائیل شۆلۆخۆف. وەرگێڕانی فەلەکەدین کاکەیی، چاپی دووەم ٢٠٠٧ هەولێر، دەزگای ئاراس.

١٩. بێداری، چاپی یەکەمەم ٢٠٠٧ هەولێر، دەزگای ئاراس.

٢٠. احتفالا بالوجود، الطبعه الاولى. ٢٠١٠. دار ئاراس للطباعه والنشر، اربيل.
٢١. البيت الزجاجى للشرق اللاوسط، الطبعه الاولى. ٢٠١٠. دار ئاراس اربيل.
٢٢. حلاجيات، يقظه متوهجه فى حضور الحلاج. الطبعه الاولى. ٢٠١٠دار ئاراس.
٢٣. لحظه الحكمه، الكتاب السادس. الطبعه الاولى. ٢٠١١. مطبعه روكسانا. اربيل
٢٤. Ronahiya Zerdesti، ThE Enlightenment of Zardashti.
٢٠٠٩. Capxane Gun Matbaacilik. ISTANBUL
٢٥. ڕووناهی زەردەشت، کۆمەڵە گوتارێکی سیاسی و کلتووری و زەردەشتی و عیرفانییە، چاپی دووەم ٢٠١١. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
٢٦. ئاگایی، کتێبی چوارەم، چاپی یەکەم ٢٠١١. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
٢٧. دەفتەری کاف، لێڕامان لە جیهانبینیی عیرفانیانەی ئەدەبی چەند بیرمەندێک. چاپی دووەم ٢٠١٣. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
٢٨. چرکەساتی هۆشمەندی، وەرگێڕانی شێرزاد هەینی، چاپی یەکەم ٢٠١٤، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری- هەولێر.
٢٩. حەلاجیات، وەرگێڕانی شێرزاد هەینی، چاپی یەکەم ٢٠١٤، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مامۆستا فەلەکەدین لە ڕووی سیاسییەوە چەندان ئەرک و بەرپرسیاریەتی حزبی و مەدەنی پێ سپێردراوە وەک:

- لە ساڵی ١٩٥٧ لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە یەکێتی لاوانی کوردستان بووە.
- لە ساڵی١٩٦٥ دەچێتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

O لە ساڵی ١٩٦٧ لە (التاخی) ئۆرگانی ڕاگەیاندنی پ. د. ک و بزاڤی کورد کاریکردووە.

O لە ساڵی ١٩٧٤ لە ریزی بزاڤی شۆرشگێری کوردستان بووە و ماوەیەکی زۆر وەک بەرێوەبەری راگەیاندنی شۆرش کاریکردووە.

O لە ساڵی ١٩٧٩ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ. د. ک و بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

O لە ساڵی١٩٩١ ئەندامی لیژنەی ئامادەیی پ. د. ک بووە بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین پەڕلەمانی کوردستان.

O لە ساڵی ١٩٩٢ بووە بە ئەندامی یەکەمین خولی پەڕلەمان تا ٢٠٠٥ پەڕلەمانتار بووە.

O لە ساڵی ١٩٩٦ وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان و ئەندامی پەڕلەمان بووە تا ٢٠٠٠ لە سەر داوای خۆی لە وەزارەتی رۆشنبیری دەستی لە کارکێشاوەتەوە.

O دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٦ جارێکی تر بووەتەوە بە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

O لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٢ تا هاوینی ٢٠١٣ چەندان پۆست و ئەرکی سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و سەندیکایی وەرگرتووە.

O بووە بە خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ئەلتەئاخی.

**نووسین و ئامادەکردن:**

**زریان کاکەیی**

**هەولێر / خانزاد گرین لاند**

**٤ نەورۆزی ٢٧١٦**

# بەشی یەکەم

# پارچەی یەکەم

## پێشەکی سەرەتایی

باش دەبینین و دەزانین، کە پرسیارێکی لەناکاو و سەرپێی، لەسەر وجود ئاراستە دەکرێت، چ ساز دەکات، چۆن هانی مرۆڤ دەدات، گەشت بەرەو ناوەوەی هزر و بیر و رامان بکات، کە زووتر خەڵکی تریش خەونیان بەوە دیوە، توێژینەوە بۆ وەڵامەکان بکەن، لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێن، کە وەڵام نەدراونەتەوە.

رۆژێکی مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زاینی بوو، پاش نیوەڕۆیەک، من پیاسەم دەکرد، لەسەر دیوی چەپی رووباری دیجلە لە بەغدا دەڕۆیشتم، لە سازکردنی کاری رۆژنامەکەمان ماندوو بووبووم، کە رۆژانە دەرماندەکرد، لە بارەگای رۆژنامەکە دابەزیبووم، تا سەیری رووبار و خەڵک و درەخت و گوڵەکانی پاش بارانە بەهارییەکە بکەم.

من خەمبار بووم و بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر دووبارە شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسێتەوە چ دەقەومێت، چونکە رژێمی پێشوو خۆی سازدەکرد، دژ بە شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەستەفا بارزانی

شەڕەکە هەڵگیرسێنێتەوە.

لەنزیک گوڵێکەوە دەڕۆیشتم، ئەو پرسیارەم بە خەیاڵدا هات:

ئەگەر لە بەغدا رۆیشتین و شەڕەکە هەڵگیرسایەوە، گەنجێکی زۆر بوونە قوربانی، چیتر ئەو گوڵانە دەپشکوێن و لێرە دەم دەکەنەوە؟ بۆ کێ دەکرێنەوە؟ ئیتر ئەو رازانەم وەک خۆی نووسیەوە، لێرەش لە پێشەکی کتێبەکەم دامناوە، ئینجا پرسیارەکە لەناو هزرم دووبارە دەبونەوە:

## گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟

سەرەڕای کەساسی و نسکۆکەی شەڕەکانی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥، ئەوەی لێی دەترساین، هیوامان زۆر بوو روونەدەن و نەقەومێن، سەرەڕای کۆتاییە تراژیدیاکەی ئەو شەڕەی هەردوولامان، باجەکەمان بە گرانی دابوو، بەتایبەتی میللەتی کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازییەکەی.. ئەوە چەند ساڵە، ئەو پرسیارە سەرپێی و سادەیەم لە هزر دەخولێتەوە، ماوەماوەش یەخەم دەگرێتەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، من دەمنووسی هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە هەتا ئەو رۆژانەی دواییش، زۆرم نووسی، تێبینی زۆرم گەڵاڵە کردبوو، بەو هیوایەی وەڵامێکم بۆ ئەو پرسە دەست بکەوێت، کە ببووە جەدەلێکی فەلسەفی ناوەوەم، بەتایبەتی بۆ من. چەند جار ویستومە پێشەکییەک، یان شرۆڤەیەک، لەسەر هۆکاری هاوژینی درێژخایەنی ئەو پرسیارە، لەگەڵ خۆم کردووە بکەم، بەڵام دوودڵ دەبووم و پاشگەز دەبوومەوە، بۆم تەواو نەدەبوو، لاپەڕەکانم دەدڕاند، تێبینی نوێم بۆ زیادکردووە، لاپەڕەی ترم نووسیوە.. بەڵام ئەو جارە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو گیانبازییە، نووسینی پێشەکییەک، وەک پارچەکانی جەستەم بوو، پارچەکان، لەو شوێنانە ماونەتەوە، کە

ماوەیەک تێیدا ژیاوم.. دەڵێم: هۆکارەکە، ئەوەیە دەقەکانی ئەو کتێبە، کە چوارەم کتێبە، لە دەروازەکەی چەندان پارچە پەخشان و دیمەنی تێدایە، کە لە رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بڵاومکردونەتەوە.
لە سەرەتاوە من دوودڵ بووم، لە کۆکردنەوە و بڵاکردنەوەی ئەو دەقە کورتە رۆژنامەگەرییانە، دەمویست پشتگوێیان بخەم. بەڵام لەو چەند ساڵەی دوایی گیانبازییەکم کرد، بەو ناونیشانە بڵاومکردنەوە: (حلاجیات)، (موطن النور)، (احتفالا بالوجود) یەک لەدوای یەک بڵاوبونەوە، کتێبی چوارەم، ئەگەرچی دەقە رۆژنامەگەرییەکانی لەوانی تر لاوازترن، بەڵام ئەوەیان کتێبەکان تەواو دەکات. دەق و دیمەن و وردە پەخشان و رامانە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکان، هەتا ئەو رادەیە نەدەوەستان، دەبوایە رووناکی ببینن و بڵاوبکرێنەوە.. رەنگە چەند کۆمەڵەی تری بەدواوە بێت، ئەگەر لە بڵاوکراوە و دەرچوونیان دوودڵیش بم.. لەو نزیکانە بەردەوام دەبم، لە ساڵی ٢٠١١ی زاینی دوو کتێبی نوێم بە ناوی (کودەتای رۆحم) و (لحظه الحکمه) دەرچوو، بەوەش ژمارەی کتێبەکانی لەو ژانرە دەگاتە شەش کتێب.
پرسیارەکە (گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟) بەردەوام بە بیرم گوزەر دەکات و ئامادەیە، وا خەریکە دەبێتە پرسیارێکی فەلسەفی میتافیزیکی.
پرسیارەکە لە مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زاینییەوە هەتا مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠١٢ی زاینییەوە درێژەی کێشاوە، نەمتوانیوە وەڵامێکی بۆ بدۆزمەوە، وەڵامێکی روون و پوخت، ئەوەیان تا رادەیەک بۆ من، ئینجا نازانم بۆ خوێنەر و رەخنەگرەکان؟
زۆریش بەو پێشەکی و روونکردنەوە دڵنیانیم، بتوانم تیشک بخەمە سەر مەبەستی پرسیارەکەم (بۆ!؟ بۆ کێ!؟ هەتا کەی؟...)، لەوانە و رامانی تریش!

داوای لێبوردن لە خوێنەرەکانم دەکەم، کە پێشەکییەکەم دڵەڕاوکێ، یان بێ بەرنامەیی و نەبوونی چوارچێوەیەکی بۆ بۆچوونەکانم تێدایە.. من بە لۆژیک نەبووم، کە ئاوڕم لەو رامان و بۆچوونە، لەنهێنی کرانەوە و شکۆفە نەداوەتەوە، یان بە مانایەکی تر بڵێم، لەسەر نهێنی بوون و ئیشراق و سەوزبوونەوەی پاش نەمان و سیسبوون و کەوتن، نەوەستاوم. رەخنەگرەکان هەست بەوە دەکەن، کە من لەو دەقانە ئاماژەم بە بیرمەند و شاعیر و عارفەکان کردووە، خۆم پێیان هەڵواسیوە، بەو هیوایەی لە سستییەک داوام کردووە و چاوەڕوان بووم، یەکێکیان تروسکاییەک رووناکییم، بۆ دۆزینەوەی راست و دروستی وەڵامی پرسیارەکەم بۆ بدۆزێتەوە. نهێنی دەرکەوتن و پەیدابوونی پرسیارەکەی، بەو نیوەڕۆیە لەسەر کەناری رووباری دیجلە هاتۆتە خەیاڵم، یان هەڵدانەوەی پەردەی نهێنی ئەو پرسیارە، کە بەردەوام لەناو هزر و مێشکم ماوەماوە دەردەکەوێت و دەبروسکێنێت.

داوای لێبووردن لەو بیرمەند و شاعیرانە دەکەم، کە هزری ئەوانم بەکارهێناوە و هەست و رامانی ئەوانم وەرگرتووە. کلتووری مرۆڤایەتی باخێکی کراوەیە، بە مەرجێک رێزی مافی ئەوانی تر بگریت، موڵکیەتی هزر و پەند و قسەکانی رابگریت.. وابزانم ئاماژەکردن بە نەمری و شکۆیی ئەوان و نۆژەنکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە هۆشمەندی و زانیارییەکان، شکۆمەندی ئەوان دەگەێنێت.

من خۆم لە ئاوێنەی ئەو هاوڕێیانە دەبینیەوە، خۆشەویستەکانی نەدیمانەم کردون، نە لە سەردەمی ئەواندا ژیاوم، زۆریش لە ژینگە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکەیانی ئەوان دووریش بووین. یەکبوونی مرۆڤایەتی بنچینەیە، یەکبوونی کلتوورە مرۆڤایەتییەکە (بە هەموو رەنگ و جوانی رەنگینی و جیاوازەکان) بنچینەیە. کلتوور یەکە، لەگەڵ ریزگرتنی فرەلایەنی، لە دەنگ و پەیڤ و رەنگ و گوزارشتی جوانییەکان.

ئەوانە، پارچە بڵاوکراوەکانی جەستەی منە لە شارەکان، لە گوندەکان، لە چیا و دۆڵەکان، ویستم بەو شێوەیە کۆیان بکەمەوە، داوای لێبووردنیش لە خوێنەر و رەخنەگرە رووناکبیرەکان دەکەم. من نەمویستووە پەیڤ و هزرەکان، کۆبکەمەوە و لەسەریەک کەلەکەیان بکەم، بەڵکو ویستوومە، ئەو هزرانەی گوزارشت لە خۆم دەکەن، ئەوانە تۆمار بکەمەوە، ئەوانەی خۆمیان لەناو دەدۆزمەوە.

ئیمڕۆ پێویستی زۆرمان بەوە هەیە، لە یەکبوونی مرۆڤایەتی و یەکێتی کلتوورەکەی و هیوا و مەبەستە بنچینەکان، لە دەربازبوونمان لە زوڵم و ستەم و زۆردارییەکان، رامانێک بین و بەرەو خۆری ئازادی و بڕوابوونی هیواکان هەنگاو بنێین.

بەردەوام پێویستمان بەوە هەیە، بڕوابوون و هیوا لە ژیاندا هەبێت، بەردەوام تام لە جوانییەکانی بوون وەربگرین، پەرۆشی رووناکی بین، وەک پەپولەکان، چۆن پەرۆشی بەردەم چرا و فانوسەکانن...

وادەزانم سەرنشینەکانی هەموو جیهان، ئەگەر بۆ چەند خولەک، یان بۆ چەند ساتێکیش بیت، پەرۆشی ئەوەن ئاشتی لەسەر بنچینەکانی خۆشەویستی و بەزەیی و هاوسۆزی مرۆیی، نێوان هەموو مرۆڤەکان، ببینن.

شەڕ و جەنگەکان و کۆمەڵکوژییە گشتییەکان و پەراوێزکردنی ستەمکارانە و بێبەشکردن و هەموو شێوەکانی نەژادپەرستی، لەسەر رەنگ و زمان و پاشخانی کلتووری و جوگرافی.. ئەوانە هەموو پاشماوەیەکی قوورسی رابردوون، کە دەبوایە بسڕێنەوە، دیوەزمەیەکی ترسناکە، خەو و ئارامی و دڵنیایی لە هەست و دەروون دەڕەوێنێت، بواری خەڵکیش نادات رووناکییەکانی راستی و ئاشتی ببینن، هەموو تواناکانی چەشەوەرگرتن لە جوانییەکانی بوون، دەخنکێنن. ئەو مەبەستە (ئەگەر لە ژیان مەبەست هەبێت)، وەک دەبینن، ئەوەیان ناوەڕۆکی پرسەکەمانە.

بڕگەکانی پێشەکی و روونکردنەوەکە، کۆک و بەرجەستە و هاوسەنگیش نییە، بڕگە و پارچەکان خۆرسکن، هەموویان بە پەتێکی شاراوەی نهێنی بەستراونەتەوە، ئەویش گەڕانە لە وەڵامێک: بۆ گوڵەکان دەپشکوێن؟ بۆچی خۆر هەڵدێت؟ گۆرانیبێژەکان بۆ ستران دەچڕن؟ پەیڤە هۆشمەندییەکان بۆ پەخشان دەبن؟ .. هتد!

تا خوێنەران، بابەتەکان بەئاسانی وەربگرن، نووسینەکانم کردوتە سێ بەش:

بەشی یەکەم: وەک دیارە، ناوم ناوە پێشەکییەکی سەرەتایی.

بەشی دووەم: لەناو کەشەکانی هزر و ئاوێنەی خەڵکی تر بەناوی (بوون و زۆربوونی پرسیارەکان).

بەشی سێیەم: ئەوەیان کۆتاییە.. بۆ گوڵەکان دەپشکوێن؟

**فەلەکەدین کاکەیی**

# پارچەی دووەم

## لە کەشی هزر و ئاوێنەی خەڵکی تر (بوون و زۆربوونی پرسیارەکان)

لە کەشی هزر و ئاوێنەی خەڵکی تر (بوون و زۆربوونی پرسیارەکان). زانیاری هۆکار و مەبەستە بۆ پەیدابوون و دروستبوون، پرسیارەکە: (گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟) بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات: خەڵقبوون بۆ کێ خوڵقاوە؟ خەڵق و پەیدابوون بۆ چییە؟ خۆر بۆ کێ هەڵدێت؟ ئیتر پرسیارەکان زۆر دەبن و سەر دەردەکەن.

لە حاڵەتی گوڵەکە، ئەگەر گوڵ نەکرێنەوە و نەپشکوێن، سروشت کەماسی دەبێت، ئەویش پڕۆسەی دروستبوونی بوون و کەون و مرۆڤ و هەموو بونەوەرەکانە، ئەگەر ئەوە نەبێت وجود کەماسی دەبێت. وەک زانستی فیزیا دەڵێت:

پڕۆسەی درستبوون و خەڵقبوون، بەو چرکەساتەی یەکەم تەقینەوە گەورەکە کۆتایی ناهێت، یان زووتر، بەڵکو پڕۆسەکە بەدرێژایی سەردەمەکان هەبووە، بەردەوامیش دەبێت، چ لە ئێستا و چ لە ئایندەش. ئێستا ئێمە لەناو خولەکانی خوڵقاندنا دەخولێینەوە، واتە لە بنەڕەتدا بازنەی دروستبوون بەردەوامە. ئەگەر خولانەوەکە، یەک

ساتیش بوەستێت، ئێمەش پەیدا نەدەبووین و ئەو گەردوونە نازدارەش نەدەبوو، بە مانایەکی تریش، ئەگەر پڕۆسەی دروستبوون، یەک ساتیش پاش پەیدابوونەکە راگیرابوایە، ئەو وجودە نەدەبوو، هەموو شتەکان دەوەستان، لەسەر سنوورەکانی نەبوونی دەسڕانەوە.

دوایی دەزانین، کە ئارەزوومان بۆ زانیاری هۆکار و مەبەستێکی خەڵقبوونە، یان وا مەزندە دەکەین و وا دیارە.

...

# فەلسەفەی بن عەرەبی

موحەدینی بن عەرەبی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دۆزینەوەی وجود مەبەستی دەرکەوتنی رەهای _خودا_یە، بەوەش پێناسە بکرێت کە ئەو گەنجینەیەکی شاراوەیە، خودی خۆی ناناسرێت، تەنیا هەر خۆی نەبێت. خودا بونەوەرێک بە چەندان پێگە دروست دەکات، تا لە کۆتاییەکەی مەخڵوقێکی تەواو دەردەچێت، هەردوو رۆڵەکەش دەبینێت، رۆڵی دەرچوون و دەرکەوتنی خودا، کە لەسەر شێوەی خۆی دەبێت، رۆڵی دووەمیش، زانینێکی تەواو بەخوداناسی لەسەر هەموو ئاکارە دیارەکانی، پاش ئەوەی خۆی لە زانینی کۆن دەناسێت، بەرجەستە دەبێت (١).

بن عەرەبی گوتویەتی: ئەگەر لەو جیهانە کەسێک لەسەر شێوەی حەق نەبێت، مەبەستی زانینی حەق نەدەبوو، مەبەستم جیهانی بەرجەستە و رووداوە .وەک لە فەرموودەکانی دەڵێت:

من گەنجینەیەک بووم، نەمدەزانی و شەیدای ئەوە بووم کە بزانم، بونەوەرەکانم دروستکرد و ئەوانم ناسی و ئەوانیش منیان ناسی. خۆی دەکاتە گەنجینەیەک و گەنجینەکەش ناکرێ ئەگەر لە هەموو شتەکان بەهادار و گەنجینە نەبێت، بەدروستی نابێتە گەنجینەی حەق، هەتا لە بوون و سەلماندن و بەرجەستەیی نەبنە مرۆڤێکی تەواو، لەودەمانە حەق شاراوە بوو، هەرچەند مرۆڤ، کەوای حەق دەپۆشێت، کەوای دەرکەوتنی گەنجینەکە، وەک خۆی دەردەکات و بەوەش مرۆڤی تەواوی دەردەکەوێت، دەزانێت ئەوەیان لەناو ئەودا شاراوە بووە، لەناو بوون و

**بەجەستەیی هەبووە و هەستی پێ نەکردووە (٢).**

**سەعید ئەلشوبلی لە پەراوێزدا نووسیویەتی: مانای ئەو پەیڤە لە فەرموودەیەکی خودای مەزنەوە هاتووە:** وما خلقت الانس و الجن الا ليعبدون. سورەتی الذرايات **ئایەتی ٥٦، نووسەر دەڵێت، وشەی (لیعبدون) واتە با بمناسن.**

**هەروەها نووسەرەکە ئەوە دەڵێت کە لەسەر زمان زۆر بەکارهاتووە: من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، حەزم کردووە دروست بم، بەوەش ناسرام. ئەوەش واقیعێکی زۆر باو بووە لە پەیڤی سۆفیەت (٣).**

**سەعید ئەلشوبلی لە کتێبەکەی، لە لاپەڕە ٤٠٥ گوتویەتی: بن عەرەبی مرۆڤی تەواو لە وێنەی خودا دەبینێت، بەو چاوە لە جیهانی گونجان و سازاندا سەیری کردووە، لە قۆناخێکی تریش دەبێتە خەلیفەی دیاری خودا، لە وێنە و پشتیوانی پەیڤی ئیلاهییدا. لەسەر ئەو بنچینە و قسەیەدا، سەیر نییە ببینین بن عەرەبی لەسەر نیازە ئەسڵییەکەی کە پەیدابوونی جیهان بە هەموو پێکهاتەکانی، مرۆڤە و لەوەش تێدەپەڕێت و دەڵێت جیهان هەموو، لە سەرەتای پەیدابوونی یەکەمەوە، کە عەقڵی یەکەمە، دروستبوونی پرۆژەکەش مرۆڤە، بەڵام مرۆڤێکی کامیل.**

...

# زانیاری لەلای جەلالەدینی رومی (مەولەوی)

لە شرۆڤەی (من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، پەرۆش بووم بزانم) (٤)، دکتۆر ئیبراهیم ئەلدسوقی فەلسەفەکەی جەلالەدینی رومی بەو شێوەیە شرۆڤە دەکات: خودای کردگار، خۆی وەک گەنجینەیەکی شاراوە ناساندووە.. یان لە فەرموودەیەکی قودسییدا هاتووە (من گەنجینەیەکی شاراوە بووم و حەزم کردووە بزانم، بۆیە بونەوەرەکانم دروستکرد، ئەوانیش منیان ناسی). بۆ زۆرتر روونکردنەوەی بیرۆکەکە، وەک لە شیعرەکەی رومی هاتووە ئیبراهیم ئەلدسوقی گوتویەتی: بنچینەی گەیشتن بە گەنجینەکە، کۆششکردنە بۆ ئەو پەیامە. مولانا زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردووە، بوونی ئادەمیزادی لەو دونیایە، بە ژیان لەناو کەلاوەیەک، بەڵام ژێرەوەی گەنجینەی زۆری تێدا بێت دەشوبهێنێت.. مرۆڤە، کە بۆ دۆزینەوەی گەنجینەکە نایەوێ کەلاوەکە بڕوخێنێت، بەڵام لە کۆتایی کەلاوەکە دەڕوخێنێت و هیچیشیان دەست ناکەوێت. تۆ ئەی ئادەمیزاد، لەو ماڵە بەکرێ دانیشتوویت، تۆ مافی ئەوەت نییە، خانووەکە نە بکڕیت و نە بیفرۆشیتەوە. کرێیەکەش بە قەرز و کاتییە.. بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ وەربگرین تێدا دەردەچین. ئینجا مەولانا ئەلرومی نمونەیەکی تری هێناوەتەوە: تۆ لەلای پینەدۆزێک بە قەرز سۆلەکەت پینە دەکەیت.. ئەگەرچی ئەو شوێنە دوو گەنجینەی تێدایە.. ئەگەر تۆ ئەو شوێنە نەڕمێنیت، بە کەساسی دەژیت.. زادەکە وردە نانە و تۆش خولیای خواردن و خواردنەوە بوویت، شکۆمەند بیت بە بوون و مانەوەت بەرەو فەوتانت دەبات.. هەردوو گەنجینەکەش پشتگوێ

دەخەیت: دڵ و رۆحەکەت.. تۆ بونەوەرێکی رەسەنی و قبوولی ئەو کەساسییە دەکەیت، تۆ کوڕە خەلیفەیەکی، خەلیفەیەکی خودایی.. نازانیت ئەو خاکە تاراوگەی تۆیە؟ ئەو گەنجینەیە، تۆش لە کۆشش و ئەزیەت و ئەشکەنجەکان دەرباز دەکات؟ (٥).

رومی مەبەستی لەو گەنجینەیە چییە، گەنجینەی زانیارییە، زانین بە خودی خۆی و بە یەزدان. مەعریفەت رەوشتی بونەوەرە. مەبەستی بونەوەر (بوونی گەنجینە) ئەویش زانیارییە. رومی و عارفەکان و سۆفییەکان و فەیلەسوفەکان، کۆشش دەکەن بۆ دۆزینەوەی گەنجینە شاراوەکەی ناخ و ویژدانی مرۆڤ، لەناو دڵ و رۆحیشی. بوون بەرپرسیاریەتییەکی مەزنە، مەبەستی سەرەکی بونەوەرەکان، لەو رامان و پرسانە گەیشتنە بەو گەنجینە شاراوەیە، ئەوەی لە بنچینەدا لەبن زەوی خانووەکانمان و دونیاکەمان شاردراوەتەوە، زۆریش لێمان دوور نییە بەڵکو زۆر نزیکە.

کە سست و سارد دەبین لەسەر رامانەکانمان، ماناکان لێمان دووردەکەونەوە، هەندێ جاریش لەبەردەممان دەدرەوشێتەوە، ون دەبێت و دووبارە دەبریسکێتەوە، چاوەڕوانی یەکێک لێی وردبێتەوە، تا بۆی بدرەوشێتەوە.

...

# ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت، بۆ نموونە لەلای عەبدولا گۆران

تۆ سروشتی، سروشت تۆیت. بۆ دۆزینەوەی ئەوەی هاوشانی تۆیە پێویست ناکات دوور بڕۆیت. دەتوانی شاکارەکانی گەنجینەکە بدۆزیتەوە، ئینجا چ لەناو باوەشی سروشت، یان لە ویژدانی خۆت. شاعیر عەبدوڵا گۆران (١٩٠٣ ـ ١٩٦٢) سروشت وەک کتێبێک نیشان دەدات، کتێبێکی کراوە، دەیەوێ هەموو ماناکانی وجود بەکراوەیی و رووکار و گۆڕان و وەرچەرخانە جوانەکان نیشان بدات. لە پێناسەی دیمەنێکی سروشتی، لە پارچە شیعرێکدا، بەو جۆرە باس لە سروشت دەکات، سروشتی پاش باران:

تاریکە شەوێ، نوقمی ڕەشی چەهرەیی دنیا
دیلی تەمی ئەسرا بوو، دەرودەشتی حەقایق

چووبوونە پەنا پەردەیی خەو، کەون و خەلایق
موستەولی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا

تاریکی: تەمی دەشتی دڵ و تانەیی سەرچاو
شاباڵی پەخشکردبوو تاکو ئەبەدیەت

بێدەنگ لە چوار لاوە موهاجیم و خرۆشاو
وەک زوڵمەتی شەو نەی بوو، ئەویش نووک و نیهایەت

جار جار لە ئوفق ڕا ئەوشا شیری برووسکە
سیحەی غەزەبی، گوێی کەڕ ئەکرد هەورە تریشقە

باران سەرەتای ڕیقەتی بوو، نم نم ئەگریا
وەستا بوو، زەوی تینوو زەلیلانە لە بەریا

ئەمجا بەخوڕەم باری لەپاش یەکدوو دەقیقە
ئافاقی ئەمەل ڕەش بوو، نەما پێوە تروسکە

تاو تاو لێی ئەدا تەپڵی هوجوومی تەرزە بە ئاهەنگ
وەقتێ کە ئەهات حەملەیی با تونگ و خرۆشان

ئەیخستە دڵی پیاوی جەسوور، کەڵکەڵەیی جەنگ
هەر وەک دڵی خەوافی ئەترسان و ئەلەرزا

لەم حاڵەتەدا ڕۆحم وەکو چاوی گلاوی
ئانێکی بەقەد ساڵێ، پڕی زەهری ئەلەم بوو

لاکن لەپڕا نیشتەوە عوسیانی تەبیعەت
ئاهێستە، نەما زەلزەلە و نەعرەی حدەت

کەوتە تەنکی هەوری ڕەشی چڵکنی پێشوو

**ناوجەرگی سمی حەزمەی ئەنواری سەماوی**

ئەستێرەیەکی جوانی گەشی پڕ لە تەبەسووم
دەرکەوت و گەیی لێوە بە دڵ زەوقی تەماشا

بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاتووم
بۆ سەیری جەمالکردنی دنیایی بەیانی

هێشتا شەوی زۆر مابوو، کە من کەوتمە سەحرا
وەک شێت، بەڵام شێتی شیعر، شێتی جوانی (٦).

سەرەتا شاعیر ویستویەتی دیمەنەکانی بارینی باران و بروسک و هەورەتریشقە و وەستانی بارانەکە، بە دیمەن و لایەنێکی جوانی سروشت پێناسە بکات. فەرموویەتی دەرئەنجامی جوانی زۆر لە دیوی دەرەوەی جوانی هەیە، جوانیش لێرە ئاماژەیەکە بۆ زانیاری.. گەنجینەی شاراوەیە، لەناو سروشت و وجود. ئەو ساتە جوان و دڵفرێنەکان دەقۆزێتەوە، تێدا بەقووڵی رادەمینێت و سەیر دەکات، کۆشش دەکات جوانییە شاراوەکە بناسێت.
ئەو جوانییەی سروشت پەخشی کردووە، لە هەموو شوێنێک و لەهەموو ساتێکدا بوونی هەیە، تەنیا کۆششێک بکەیت، بەئاسانی دەتوانیت بەرجەستەی بکەیت و بیبینیت، وەک ئەوە وایە سروشت دەیەوێ هەموولایەک بیناسن، مرۆڤ و هەموو بونەوەرەکانی ناو وجود، هاوار دەکات و داواش دەکات: کاتی ئەوە هاتووە من بناسن!
چ لەناو وجودا هەبێت، گوزارشت لە خۆی دەکات، خۆی بناسێنێت تا بیناسن.

لە قەسیدەیەکی تردا گۆران، بەو جۆرە وەسفی سیحراوی سروشت دەکات و نووسیویەتی:

ئەوانە هەموو جوانن، شیرینن
رەوشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ رووناکییە بێ بزەی ئەزیز
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم، تێر نەڵێ ئۆخەی!
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ گوێ مەمکی؟ لێوی؟
کام رەشی ئەگا بەرەشی چاو؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی باڵای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیو نیگای؟

شاعیر لێرە دەیەوێ سروشت بگاتە ئەو ئاستەی، بزە و خۆشی بۆ مرۆڤ ساز بکات. بۆ کێ گوڵەکان دەپشکوێن؟.. دەکرێنەوە و دەپشکوێن تا شادی بۆ ئەڤینەکەی ساز بکات.

لە پارچە شیعرێک بەناوی دیمەنێک لە بەهار (٧) گۆران بەو پێناسە جوانە وەسفی سروشت دەکات:

ئەملا یەک پەڵە، ئەولا یەک پەڵە: هەوری رەنگاوڕەنگ،
لەناوەڕاستا: بە دەم ئاسۆوە رۆژی شۆخ و شەنگ!
سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی رەنگ و بۆ،
دەرخت تازە شین، سەر لەق ڕازاوەی گوڵن گەڵا، چرۆ
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مراویی ئاونگ،

چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ
نەسیمی بۆنخۆش، کزەبای فێنک، وەک نەوای ئیلهام
سەمای جوانیی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئەنجام!
قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکە و بولبولی دەنگخۆش
پیاڵەی نەشئە، حەتتا بە رۆحی بەردیش ئەکا نۆش!
وەک بگری بە کوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین،
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین!

❊❊❊

مەلی سەربنچک، پەلوپۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،
لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر، پێتان بڵێم چیم:
منیش وەک ئێوە، لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک،
حەتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووک!
بەڵام وەک ئێوە، لە دڵما ئەگرێ مەیلی سەربەستی!
ئەمەش ئاینم وەک ئاینتانە: هەردەپەرەستی!

مرۆڤ لەو شیعرەدا، بەدوای وەڵامدانەوەی پرسێک دەگەڕێت، پرسیارێکی ئەزەلی: سروشت بۆ لەوەرزی بەهار دەکرێتەوە.. گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟ دەڵێ بۆ منی مرۆڤ دەپشکوێن، تا ئازادی و شادییم پێ ببەخشن.

شاعیر لە شیعری بێدارییەکدا گوتویەتی:

ژوورم تەنیا و دنیای بەر پەنجەرەی ژوور،
بە چواردەوری باخچەی کۆشکا، هەتا دوور،

دارستانی سەروە و سنەوبەری سەوز
شەو ڕووناکە و چاوم یاخی لە وەنەوز

ئەی بولبولی شەبەقی شەو! بخوێنە،
هەستی (جوانی پەرستی)م بورووژێنە

با بە زەبری مەستیم، بە ئاوازەی نوێت!
وێڵی دارستان بم کاتێک: خەڵک ئەنوێت!

ئەگەر عەشقی هونەر، وەک تۆ، ئەی بولبول،
لەناو ڕەگما لەگەڵ خوێنا بدا پل،

منیش وەک تۆ خەوم ئەخەمە ژێر پێم،
دێم بە چڕی دارستانا ئەگەڕێم.

بە لای لەشی سپی پەیکەرەکانا
تێئەپەڕم، دەستی چەپ لە گیرفانا،

ئەشێلم گیای بن داری نوقمی ئاونگ،
بای دارستان لەرزێن ئەمژم پڕ بە سنگ

بە شەپۆلی گەڵای سەوزا کە ڕوانیم،

سۆزی لەرەی نوێ ئەچێتە گۆرانیم،

وەک شووشەی عەتر وشەکانی هەڵبەستم
ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم

ئەوسا مەگەر، زاتێک بنێمە بەر خۆ،
دەم لە جوانیی تۆ بەم هەواری مۆسکۆ!

شاعیر ئەویش خۆی شەیدای سروشتە و تێدا تواوەتەوە، وەک ئەوەی وەڵامی پرسیارێک بداتەوە: بۆ کێ و بۆچی شیعر و هونەر خوڵقاوە. لە وەڵامدا گوتویەتی شیعرە بۆ ئەوەیە گۆرانی و ناز بە جوانییەکانی سروشت و مرۆڤ بڵێت.

پرسیارەکە، یەکە (بۆ کێ) وەڵامەکەش هاوشێوەیە، لە دەوری بونەوەرەکان دەخولێتەوە، کە سروشت و مەبەستەکانی هەر بۆ ئەو بووە. هەندێ لە هۆشمەند و عارفەکان دەڵێن: هەموو گەردوون و بونەوەرەکان بۆ مرۆڤی کامیل دروست بووە، واتە جوانییەکانی گەردوون و ئاوەدانی و سروشتە نازدارەکە، هەموو بۆ سازییەکانی ژینگەیەکی گونجاو بووە (تێدا مرۆڤی بەکامیلی، وەک بونەوەرێکی خودا لەسەر زەوی بەشکۆوە دەردەکەوێت).

باشە مرۆڤ چ سوود لەو رامان و پرسانە دەکات؟

مایەپووچی، هەموو مایەپووچەکانە.

بەڵام لە (کتابی جامعە)دا هاتووە:

مایەپووچی، هەموو مایەپووچەکان، هەموو شتەکانیش مایەپووچن.

_بنیادەم سوودی چییە، ئەگەر لەبن تیشکی رۆژ ئەوەندە ماندوو بێت؟

_ئەوەی چاوەکانم دەخوازن بێدڵیان ناکەم، هەرگیز دڵم لە تۆزقاڵێک شادی بێبەری نەکردووە، لەگەڵ هەموو ژان و ماندووبوونەکانم، شادی دڵم دەخوازم، من ئەوەش بەبەختی ئەرک و ماندووبوونەکەم دەزانم، سەیری چالاکی و کارەکانم کرد، کە بەو دەستانە ئەنجامم داون، چەند ماندوو بوون لە ئیشکردن، ئینجا هەموو شتەکان مایەپووچییە، کەساسییە بۆ رۆح، هیچ سوودێکی نییە، مانەوە لەبەر هەتاو.
باشە، چ لە سەرووی خۆرەکە هەیە؟ بۆ ئەوەش شرۆڤە و لێکدانەوە هەیە، بەکورتی، تۆ ئێستا لە مەملەکەتی خودا دەژیت، وەک چۆن یەکێک لە عارەفەکان دەڵێت.
ئەبقورس دەڵێت: کە دەڵێم لەزەت لووتکەی مەبەستی ژیانە، من مەبەستم لەزەتی بەدکارەکان نییە، شەهوەتی پیسییەکان نییە.. بەڵکو سەلامەتییە لە هەموو ژانەکانی جەستە، هەموو نیگەرانییەکانی رۆح. ئیمرۆ.. دوا رۆژی ژیانمە، هەروەها رۆژێکی بەختیارە.

...

# ئازار و دەربازبوون

بەڵام (گوتاما بودا) قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە لەو دونیایە هەموو شتەکان ئازار و ئەشکەنجەیە.. لەسەر ئازاردا دەڵێت: منداڵبوون ئازارە، پیری ئازارە، نەخۆشی ئازارە، مردنیش ئازارە.
ئازار ئەوەیە، مرۆڤ بە شتێکەوە ببەسترێتەوە خۆشی نەوێت، ئازار و ئەشکەنجە ئەوەیە، ئەوەی خۆشتدەوێ لێی داببڕێت، ئازار و ستەمە مرۆڤ، حەز لە شتێک بکات و ئارەزووی بکات و دەستی نەکەوێت، ئازاریش ئەوەیە ئارەزوو بکەیت و بتەوێت...
کێ هەستی بەوە کردووە، راهیبەکان، هۆشمەندەکان، ئەوانەی وشەی حەق هەست پێدەکەن و ئاوێزانی دەبن، بەوەش لە شتە هەستیارەکان دووردەکەوێتەوە، دەربازی دەبێت، کە کۆتی شەهوەت و لەزەتەکان گەردەنی بەردەدەن...
بەڵام عومەر خەیام لەوە دوورتریش دەڕوات، قسە لەسەر ئازار و هەموو ژانەکانی بونەوەرەکان دەکات، وەک ئەوەی بزانێت ئەوانەی هاتوونەتە ئەو دونیایە، پەشیمانن، کە دەزانن وایە، نەدەهاتن و نەدەبوون.. ئەو چوارینەی خەیام بخوێنەرەوە:

هاتن بەدەست خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونە دەریش چۆن و کەیە نازانم
سەد خۆزگە نەهاتبام، نەچوبام، نەبام
لەم گێرە و کێشەدا ڕەحەت با گیانم

لەم بێخەبەری خۆمە کەساس و ماتم
بێهوودە دەبووڕێ، دەم و سات و کاتم
من ببم و نەبم جیهان وەکوو خۆی وایە
مەیگێڕ دەوەرەلێکی دەوە من بۆ هاتم

رامانی ئەبو عەلا ئەلمعری لەسەر چاکە و دەربازبوون:
سەربارەت بە ئەبو عەلا ئەلمعری (٩٧٣_١٠٥٧)ی زاینی، ماوەیەک پێش خەیام هاتووە، دەپرسێت: کوا کامەرانی؟ خەڵکەکە کە لە کۆتەکان دەربازیان دەبێت، دەکەونە ناو خۆشییەکان و شەهوەت، بەڵام لە کۆتەکانی ژیان دەربازیان نابێت، لە ژانەکانی چاک نابنەوە، بەڕقەوە هاتووون، بەتووڕەیی و بێزارییەوە رووبەڕووی دەبنەوە، بۆ مانەوەیان رەنجی زۆر دەکێشن و کۆششی زۆری دەکەن بیپارێزن. ئایا ئەوەش دەردەسەری نییە، بۆ خواردن و پۆشاک ئەوەندە رەنج بدەیت و ماندوو بیت؟ ئەستەم نییە بەردەوام بیر لە مەترسییەکانی سەر جەستە و نەخۆشییەکان بکەیتەوە؟ یان ئەبو عەلا پیاوە بەهێزەکە، ئەویش پێویستی بە زاد و پۆشاک نییە، هەست بەوە ناکات نەخۆشی چ لە جەستە دەکات؟ ئایا پێویستییەکانی مانەوە و خۆراگری سەرچاوەکانی ژانە گەورەکەمان نییە، یان پێویستی ترمان هەیە و بەرۆکی گرتووین، کە پێویستی بەژان و بەئازاری ترەوە هەیە: لەناخەوە ویستی ئەوەمان هەیە باشترمان هەبێت، هیواکانمان بۆ جێبەجێبوون بێ سنوورن، ئەوەش کانی و بەرهەمی رەنجە مەزنەکەمانە.. کەواتە مرۆڤ هەرگیز تامی شکان و ئازارەکانی کۆشش نەچێژێت، وەک ئەوەی گەیشتن بە شادمانی، وەک گەیشتنە بە حەق و فەزیلەکان و هەموو خەونە گەورەکان.. (٩).

**بەڵام ئەبو عەلا کۆتایی بەو هزرە دەهێنێت، کە خەڵک هەمووی خاکێکی بەیارە، بۆیە دەڵێت:**

کتاب محمد، وکتاب موسی، انجیل ابن مریم، والزبور
نهمت امما، فما قبلت وبارت نصیحتها، فکل الناس بور (١٠).

**دیارە پەیرەوانی ئاینەکان، ئاینە جیاوازەکان گوێ بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێغمبەرەکانیان ناگرن، هیچ سوودێکی بۆیان نەبووە.**

**ئەبو عەلا ئەلمعری کە شرۆڤەی خێر و شەڕ دەکات، وادەزانێت خێر لە ئیمانداری و خوداپەرستی نییە، بەڵکو لە نەفرەتکردنی شەڕ و هەڵگرتنی ئازار و مەینەتەکانی خەڵکەکەیە، دوورکەوتنەوە ودەستبەرداری رق و کینە و فێڵبازییە:**

ما الخیر صوم یذوب الصائمون فیه
ولا الصلاه ولا صرف علی الجسد
وانما هو ترک الشر مطرحا
ونفضک الصدر من غل و من حسد

**لێرە، وەک ئەوەی شاعیر لە مەزهەبی بودییەکان نزیک ببێتەوە، ئەوان و کەسانی تری ڕێگای عیرفان، ئەوانەی کۆشش دەکەن نەفرەت لە رق و خراپەکاری بەڕووی هەموو ئادەمیزادێک بکەن، روو لە خۆشەویستی و ئاوێزانی هەموو بەشرییەت و بونەوەرەکان بکەن.**

**ئەلمعری زۆر لە هۆکارەکانی دەردەسەری سەرمەدی و ڕێگاکانی دەربازبوون دەکۆڵێتەوە، ناچارە پەنا دەباتە بەر مردن، شاعیر دەڵێت: ئەگەر خەڵک هەموو دەزانن مردن، ئارامتر و خۆشترە، کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو مردن هەنگاو دەنێن:**

لو لم تكن طرق الموت متوحشه
مخشيه لاعترارها الناس افواجا
وكان من القت الدنيا عليه اذى
يومها تاركا للعيش امواجا
كاس المنيه اولى بى وارواح لى
من ان اكابد اثراء واحواجا

**ئینجا ئەبو عەلا ئەلمعری دان بە نەزانین دادەنێت و دەڵێت:**

يظن بى البشر والديانه والعلم
وبينى وبينها حجب
اقررت بالجهل وداعى فمهى
قوم فامرى وامردهم عجب
والحق انى و انهم هدر
لست نجيبا ولا هم نجب (١١).

**لە خۆشەویستی هەموو خەڵکەکە، هەموو بونەوەرەکان، کوشتن و سەربڕینی باڵندە و ئاژەڵەکان قەدەغە دەکات، دەستدرێژی کردنەسەر ئەوانەش بە زوڵم دەزانێت:**

فلا تاكلن ما اخرج الماء ذالما
ولا تبغ من غريض الذبائح
ولا بيچ امات ارادت صريحه
لاطفالها، دون الغوانى الصرائح
ولا تفجعن الطير، وهى غوافل

بما وضعت، فالظلم شر القبائح
ودع ظرب النحل الذی بكرت له
كواسب من ازهار نبت فوائح
فما احزرته كی یكون لغیرها
ولا جمعته للندی والمنائح
مسحت یدی من كل هذا فلیتنی
ابهت لشانی قبل شیب المسائح.

**ئەو دەیەوێ واز لە مێش هەنگوێن بهێنین، بەرهەمەکەی بۆ خۆی بمینێتەوە، چونکە ئەو بۆ کەسانی تر کۆینەکردونەتەوە، ئەبو عەلا رادەگەێنێت هەموو جۆرە دەستدرێژییەک بۆ سەر هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان رابگرن، هیواداریشە ئەوەی بەگەنجی دەزانی و نەیدەکرد، بێگومان ئیمڕۆ گوناهی کەمتر دەبوو!**

**بەزەیی و شەفەقەت و هاوسۆزی سنووری نییە، هەستکردن بە سۆزداری لەگەڵ هەموو بونەوەرەکانیش، ئەلمعری بڕوای وابووە لە ژن دووربکەونەوە، ئەو رەخنە لە ساختەی زاهیدی ئاشکرا و بەرچاوی هەندێک لە سۆفییەکان و پاکییەکانیان دەگرێت، ئەو کۆشش دەکات بۆ زوهدی راستەقینەیی، داواکارە لە هەموو جۆرە ئازاردانەکان دووربکەونەوە، لەوانە باڵندە و مێش و رووەکیش، داوا دەکات خەڵکەکە روو لە چاکە بکەن، لە هەموو بەدکارییەکان، بە هەموو شێوە و شێوازەکانی دووربکەوەوە .**

**مردن لەلای ئەلعقاد مردنێکی بەتامە:**

**لەدوا ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونی، لەناوماڵەکەی، بەر لە مردنی،**

**عەباس مەحمود ئەلعقادی بیرمەندی کوردی میسری، لەو چەند دێرە گوتویەتی:**

اذا شیعونی یوم تقضی منیتی
وقالوا اراح الله ذاک المعذبا
فلا تحملونی صامتین الی الثری
فانی اخاف اللحد ان یتهیبا
وغنوا فان الموت کاس شهیه
ومازال یحلو ان یغنی ویشربا
وما اللحد الا المهد، مهدبنی الردی
فلا تحزنوا فیه الولید المغیبا
ولاتذکرونی بالبکاء وانما
اعیدوا علی سمعی القصید واطربا (١).

**ئەلعقاد بیرمەندێکی گەورەی سەدەی بیستەمی میسر بوو، بەقووڵییەوە دەچێتە ناو فەلسەفە ومێژوو و ئەدەب، ئازایانە رەخنەی گرتووە و بەوەش ناسراوە، شرۆڤەکانی ورد و قووڵ بوون.**
**بیرۆکەی ئەو شیعرەی سەرەوە، بیر و هزرەکەی لە ئاینە کۆنەکانی کورد وەرگیراوە، کە گریان لەسەر مردن نەفرەت دەکات، لەجیاتی پرسە و گریان، داوا دەکات تەرمەکەی بە موزیک و سروود وتن و شێوەکانی خۆشی بەرێبکەن. ئەلعقاد (١٧٨٩ ـ ١٨٦٤)ی زاینی بەرەچەڵەک کورد بوو، بۆیەش دوور نییە هزری نووسینەکانی بگەرێتەوە سەر کەلەپووری کوردی.. بنەماڵەی ئەو، لە دیاربەکری ئێستای باکووری کوردستان کۆچیان کردووە. لە کەلەپووری کۆنی فەرعونییەکان و لە کەلەپووری نوێی میسرییەکان ئەوە نابینین، لەجیاتی گریان و شیوەن لەسەر**

**مردوو، بە شێوازەکانی شادی و کامەرانی وەک کەلەپووری کوردی پرسەکەیان دەرببڕن.**

...

# زانیاری و کەماڵ

زانیاری بواری کەمالی رۆحە بۆ مرۆڤ، بایەخی زۆرە و خودای مەزنیش گەردوون و بونەوەرەکانی دروستکردووە، تا بەوانە بناسرێتەوە.
ئەگەرچی ئەبو عەلا ئەلمعری رەخنەی زۆری لە بوارەکانی تەسەوف و زوهد گرتووە، بەڵام بە زانیاری دەگاتە بوار و مەبەستی خۆی، لەبەر درۆ و دووڕوویی زۆر، لە هەوادارانی ئەو رێبازانە، رەخنەی گرتووە. راستییەک هەیە، کە هیچ لە سۆفییەکان، عارفەکان لەسەر ئاستی شکۆی رۆحی نەگەیشتوونەتە ئەلمعری، ئەوەی نەفرەتی لە بەدکاری و کوشتن و ئازاردانی هەتا باڵندە و مێش و هەموو بونەوەرەکان کردووە، گۆشتی نەخواردووە و هەموو خۆشییەکانی نەفرەت کردووە، لە شەهوەتەکان نزیک نەکەوتوتەوە، بەڕاستی ئەو زاهیدێکی راستەقینەیی بووە. ئەبو عەلا ئەلمعری لە هەر سێ زیندانەکەی، وەک خۆی ناوی دەبرد، لە وجود راماوە، هەموو هزر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی هەڵگێڕوەرگێڕ کردووە، لە بوارێک بۆ دەربازبوون گەڕاوە، ئەوەشی بەر لە هەموو شتێک، لە وازهێنانی بەدکاری کۆکردیتەوە. تۆ ئەگەر لە بەدکارییەکان دووربکەویتەوە، یەکسەر هەموو دەروازەکانی چاکە و بەزەیی و هاوسۆزی لەگەڵ هەموو بونەوەرەکان دەکرێتەوە. سەبارەت بە هەر سێ زیندانەکەی ئەبو عەلا ئەلمعری گوتویەتی:

ارانی فی ثلاثه من سجونی
فلا تسال عن الخبر النبیث
لفقدی ناظری، ولزوم بیتی

وکون النفس فی الجسد الخبیث (١٢).

**لە دوا وشەی نووسینەکە (جەستە بۆگەنەکە) مەبەستی ئەلمعری لە فەلسەفە رۆح و جەستەیە. ئەو جەستەی بە زیندانکراو زانیوە، ئەلمعراوی هیوای بە میتافیزیقیا بووە، دیوی دووەمی دونیا، بۆ دەربازبوون، کە بەردەوام کۆششی بۆ کردووە.**

**لێرە ئەبو عەلا ئەلمعری دەیەوێ، نێوان بڕوابوونە قووڵە جەوهەرییەکەی یەکێتی ئاینەکان لەلایەک، هەندێ لە شیعر و پەیڤەکانی کە لەرووە دیارەکانی نیگای، گومان و ئیلحاد و ئینکاریان تێدایە، هاوسەنگییەک بکات. شاعیر لە قووڵایی ناخییەوە، ئیمانێکی قووڵی هەبووە.**

**ئەو ناکۆکی و دژایەتییە، لەلایەن زۆر لە بیرمەند و شاعیرەکان هەبووە، وەک عومەر خەیام و جەلالەدینی رومی و حافیزی شیرازی و جەمیل سەدقی ئەلزەهاوی و زۆری تریش.**

...

## داهێنانی شیعر بۆ کێ کراوە؟

کە پەنام دەبردە بەر شیعرەکانی ئەلمعری، سەودای وەڵامی پرسیارێکی کۆن بووم، کە لە پرسیارەکەی رابردوو هەڵدەقووڵێت (گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن)، شیعر بۆ کێ دەنووسرێت!؟ شیعر بە خەسڵەتە چڕەکەی، شێوازێکی هونەرییە، بۆ گوزارشتێکی چڕ لە تروسکایی و تیرێژی بوون لە هزر و ویژدانی مرۆڤ، تێدا بڵێسەکانی زانیاری و فەلسەفەی تێدا دەردەکەوێت. واتە شیعر، داهێنان و خوڵقێکە، بۆ دوا هەنگاو بۆ گەیشتن بە زانیاری، ئیتر بابەتەکە درێژ دەبێت، تەنیا ئەوەندەمان پێ دەکرێت ئەو ئاماژەیە بەپەلەیە بکەین.

شاعیری هیندی بەهرەمەند و عارف رابندرانات تاغور (١٨٦١_١٩٤١) ی زاینی، مانای ناوەکەی واتە پیاوی موقەدەس، ئەو وادەزانێت شیعر گوزارەشتە لە هۆشمەندی و بەهرەی یەکێتی بوون و بڵاوکردنەوەی دۆستایەتی و ئاشتی.

...

# کامەرانی ئامانجی خوڵقە:

تاغور وادەزانێت کامەرانی و شادی و چێژوەرگرتن لە جوانییەکانی وجود، ئامانجی پرۆسەی دروستبوونی گەردوون و مرۆڤە، بۆیە پەیڤین لەگەڵ خودا دەکات و دەڵێت (١٣):

تۆ منت بێ کۆتایی دروستکرد، ئەوەش مەبەست و بەرنامەکەی تۆ بوو، تۆ بە دەستی خۆت، جامێک پڕ ئاو دەکەیت، کە بەتاڵ دەبێت دووبارە تژی دەکەیتەوە، بە ژیانێکی چالاک و ئەکتیڤەوە.

لێرە شاعیر ئاماژە بە پرۆسەی مردن و دووبارەبوون دەکات، ئەو فەلسەفەیەی ئەو بڕوای پێ هەبووە.

هەروەها دەڵێت:

دڵە نەسازەکەم دەکرێتەوە، بە خشەیەکی نەمری تۆ، بەڕووی کەشی باڵای جوانییەکان دەکرێتەوە.

لە سروودێکی تردا تاغوور گوتویەتی:

کە فەرمانم پێدەکەیت ستران بچڕم، هەست دەکەم لە خۆشییان دڵم دەیەوێ گەش و مەزنتر بکرێتەوە، سەیری رووت دەکەم و دەست دەکەم بە گریان.

هەموو گرژی و ئاژاوەکانی ناخم، لەناو ئاوازێکی هاوسۆزی جواندا دەتوێنەوە، خوداپەرستییەکەم، باڵەکانی وەک باڵندەیەکی بەختیار لەسەر دەریاکان لە شەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن...

ئالێرەدا شاعیرەکە، هەست بە بوونی کامەرانی ئاوێتە دەکات، لەگەڵ ئاوازێکی هاوسۆزی جوانی.

لەسەر سۆفیگەراییەکی گەشاودا بەو جۆرە گوزارشت دەکات:

تا من خۆم لەناو مەستی گۆرانی بدۆزمەوە، هاوڕێیەکەم، گەورەم مەولاکەم بانگت دەکەم!

لە سرووودێکی تردا:

ئەو فەرموودە و چاکەی بەسەرماندا دایدەپۆشیت، ئێمە نەوەکانی ئەو گەردوونە، بەشمان دەکات، دواییش بێ کەمبوون و زیادبوون دەگەڕێتەوە لای ئێوە.

رووباریش، رۆژانە ئەرکی سەرشانی خۆی رادەپەڕێنێت، بلەز بەناو کێڵگە و مەزراکانا دادەڕوات، بەڵام ئاوەکەی بڵاودەبێتەوە تا پێیەکانت بشوات.

گوڵاڵەکانی فەزاکەش بۆندار دەکەن، بەڵام دوا سرووتیان ئەوەیە، خۆیان لەبەردەمت نمایش بکەن. روو لە پەرستنی تۆ بکەن خەڵکەکە کەساس و برسی نابن.

خەڵکەکە وەک چۆنیان بەدەم شیرینە، چۆنیان دەوێ بەو جۆرە لە پەیڤەکانی شاعیرەکە دەگەن، بەڵام دوا ماناش بۆ تۆ دەگەڕێتەوە (١٤)!

شاعیر لەسەر هەموو رامان و زانینەکانی لەگەڵ خودا دەپەیڤیت.

...

## مندالْ گولْ و سەرچاوەی کامەرانین:

شیعرەکانی تاغوور، گوزارشت لە گولْ و جۆگە و مێرگ و ڕەنگەکانی جوانی سروشت دەکەن، کە باس لە گولْ دەکات مەبەستی مندالّە، ئەوانەی تازە لەدایکبوون، یان ئەوانەی هێشتا نەبوون، پەیوەندی نهێنی نێوان بەرائەتی مندالْ و کامەرانی دایک،لە سەرچاوەی بوون دەکات، ئەوانەی هۆکاری پەیدابوونی مندالآنن.. وەک ئەوەی مندالْ، لەبەر خۆشی و بەختیاری دایک پەیدا دەبن، بەواتایەکی تر: بۆ مندالّە نوێیەکان پەیدا دەبن؟! خۆشی و سەرفرازییەکانی جیهان لە دایکەوە سەرچاوەی دەگرێت.

لە کۆمەڵە شیعرەکەی (مانگ)دا، باس لە خەسڵەتی بەستەزمانانەی منداڵی تازەلەدایکبوو دەکات، لێرە ئەو مانگی کردوتە سیما و سونبڵی مندالْ، ئەو مرۆڤەی لەسەرەتای مانگەوە دەردەکەوێت.

ئەو دەڵێت:

منداڵی نوێ، وشە هۆشمەندییەکان دەزانێت،
کەم لە خەڵکەکە لێیان تێدەگەن،
چونکە هزرەکە دوورە لە وشە و دەربڕین،
تاکە شت ئەو بیەوێت،
ناوی دایکی لەسەر هەردوو لێوەکانی بێتە دەرێ،
بۆیەش مندالْ وا بەستەزمان و بێدەنگە...

لەسەر سەرەتاکانیش شاعیر گوتویەتی (١٥):

ـ منداڵێک لە دایکی دەپرسێت، دایە تۆ منت لەکوێ هێناوە؟
دەستەکانت، منیان لەکوێ هەڵگرتووتەوە؟
دایکەکە لەباوەشی دەگرێت، لەنێوان پێکەنین و گریان و هاوارکردن، وەڵامی دەداتەوە:
من وەک یارییەکەی گەمم پێدەکرد، بەرجەستەی منداڵی من دەکات،
هەموو بەیانییان بە قوورٍ و لیتە وێنەم دەنەخشاند و پەیکەرم ساز دەکرد،
وێنەی تۆم دەکێشا و رەشم دەکردەوە،
تۆ لەگەڵ خوداکانی ناوماڵەکەمان گەنجینەی من بوویت،
لە خوداپەرستی تۆم دەپەرست،
هەموو ژیان و هیواکانم،
لە ژیانی خۆم و ژیانی دایکم رەنگی دەدایەوە،
لە ئامێزم، ئەو رۆحەم پەروەدە کردووە،
ئەوانەی نەوە لەدوای نەوە، هەژموونیان هەبووە.
من کیژێکی ساوا بووم گوڵاڵەی دڵم دەپشکوێ،
بۆنێکی سازگار لەسەرم دەنیشێت،
گەشی و نەرمی تۆ، لەسەر پەروازەی فستانەکەم دەگەشایەوە،
وەک رووناکی زەردەپەڕی بەر لە خۆرئاوابوون،
لەگەڵ رووناکی بەیانییەک، ئەزیزێک بۆ ئاسمان پەیدا دەبێت،
ئینجا لەناو رووباری ژیان گەورە دەبێت،
تا لەسەر دڵم لەنگەر دەگرێت،
ئەگەر سەیری تۆ دەکەم، هەموو نهێنییە کوشندەکان هەڵدەپروکێن،
ئەوانەی بۆم ئامادە و ساز بوون و پابەندی هەموو گۆشەیەکی ژیان

بوون،
ئەوەندە لێت دەترسم، بۆیە وا توند لە ئامێزت دەگرم،
چ سیحرێکە، گەنجینە بەهادارەکانی ژیان، وا لەناو ئامێزم چەسپیبوون (١٦).

شاعیرە هۆشمەندەکە، منداڵەکە وەک رەمزی گەنجینە بەهادارەکەی ژیان دەشوبهێنێت، وەک ئەوەی بیەوێ وەڵامی ئەو رامانە بداتەوە: گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟ ئەو گەنجینە شاراوەیە مەزنەی ناو هەناوی ژیان بۆ کێیە؟
ئاهەنگێکی چەند مەزن و گەورەیە، کە ئەو گەنجینە شاراوەیە لە ژیانی دایک دەردەکەوێت، ئەوەش نیشانەی سەرچاوەی بوونە؟
کامەرانی لەلای تاغوور مەبەستی ژیانە، وەک چۆن لەلای زەردەشتی حەکیم وا بوو، هەروەها لەلای عارف و رووناکبیرە رۆحانییەکان، لەگەڵ بوونی و ئامادەیی زۆری دیاردە و سیماکانی دەرەوەش، لە زوهد و دابڕان لە ژیان و رەشبینییەکانی، هەموو ساتێک ئاهەنگ بۆ ژیان ساز دەکەن.
ئەگەرچی شاعیری مەزنمان تاغوور،لەناو دەریایەک خەمی قووڵی شەڕ و رق و ململانێی بێهودەکانی خەڵکەکەش بوو، بەڵام رەشبین نەدەبوو. ئەو وەک خەیام بوو، کە بەردەوام پرسی رەشبینی لە مانای بوون دەچرپاند، نیگەران بوو، لە نەزۆکی رامانەکانی مرۆڤ و بێهەودای بێ مایە لە زانینی نهێنی زانیارییەکان سەوداسەر بوو.

...

# خۆر بۆ کێ هەڵدێت؟

فریدریک نیشتە (١٨٤٤_١٩٠٠)ی زاینی کتێبی (زەردەشت بەو جۆرە قسەی کردووە) لە سەرەتای لێدوان لەسەر (بەختیاری) بەو شێوەیە دەست پێدەکات، خۆر چ رووناک دەکاتەوە، بۆ کێ دەردەکەوێت و دەبریسکێتەوە، بۆ زەردەشت و هەڵۆ و مارەکەی.

با ئەو دەقە بەوردی بخوێنینەوە:

_کە زەردەشت تەمەنی دەگاتە سی ساڵ، وڵات و زێدەکەی جێهدەهێڵێت و دەچێتە ناو چیا، لەوێ دە ساڵ لەگەڵ هۆشمەندی و تەنیاییەکەی ئارام دەژیت، لە دە ساڵی یەکەم بێزار نابێت. بەڵام ئارەزووەکەی دەگۆڕێت، لە کازیوەی رۆژێکیان هەڵدەستێت و رۆژەکە لەدەموچاوی دەدا و دەڵێت:

تۆ ئەوەندە بەختیار و کامەران نەدەبوویت، ئەی هەسارە مەزنەکە، بەوە دڵشادی کە دەتوانی رووناکی پەخشان بکەیت؟

تۆ ساڵانە دەگەیتە بەر زاری ئەشکەوتەکەم، سەردەکەویت، ئەگەر من و هەڵۆ و مارە مێینەکەم لێرە نەبوایە، رووناکیت بە کێ دەبەخشی، بۆیە هەتاوەکە بێزار دەبوویت، تاقەتت نەدەما بێتە ناو ئەشکەوتەکەم. بەڵام هەموو بەیانییەکیش چاوەڕوانمان دەکردیت، لەناو پرژەی تۆدا تێردەبووین و حەمەد و ستایشمان بۆ تۆ دەنارد!

گوێم لێ رابگرە! حیکمەتەکانم بە بۆنی هەنگوێن ئاوداوە، بۆیە زۆرم کۆکردەوە، هەنگوێنم زۆر بوو، دەبوایە دەستێک بدۆزمەوە هەنگوێنەکەی بدەمێ.

دەمەوێ حیکمەتەکانم ببەخشمەوە، زۆریش بڵاوبکەمەوە تا هۆشمەندەکان بە شێتبوون دڵشاد دەبن و هەژاەکانیش بە سامانەکانیان.

کەواتە من، ئەی هەسارە پڕ لە گەنجینە و بەخشندەکە، منیش دەمەوێ بەقەد دابەزین و ئاوابوونی ئێوارانی تۆ، نەوی ببمەوە، بچمە خوارەوە، لەناو دەریاش نقووم بم و رووناکییەکەت بهێنمەوە سەر دەریاکە.

دەبێ منیش وەک تۆ ئاوابم، نەمینێنم وەک ئەو خەڵکەی من لێیانەوە پەیدابووم، بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەی هەسارەکە، دەستم بگرە و موبارەکم بکە، چاوە ئارامەکە، ئەوەی ئارەزوو دەکات گەورەترین کامەرانی ببینێت، کەسیش ئیرەیی پێ نەبات.

لێوانەکە موبارەک بکە، کە پڕبووە و لێی دەرژێت، زێرەکەی بگاتە هەموو شوێنەکانی سەرفرازی تێدا نەمابێت.

سەیر بکە، چۆن لێوانە ڤاڵاکە بۆ پڕبوونەوە دەگەڕێتەوە، زەردەشتیش هیوا دەخوازێت، وەک مرۆڤ بگەڕێتەوە، ئیتر بەو جۆرە زەردەشت بەرەو ئاوابوون و زەردەپەڕ دەڕوات.

زەردەشت بەتەنیایی لەسەر چیاکە دادەبەزێت (١).

بەپێی فەرموودەی نیچە خۆر شادمان و کەیفسازە بەوەی رووناکی دەبەخشێتە، ئەوانەی رووناک دەبنەوە.

باشتر دەبێت، ئەگەر وەرگێڕانێکی تری عەرەبی ئەو پێشەکییە وەربگرین: وەرگێڕانی ئوسامە ئەلحاج، بۆ کتێبی (زەردەشتی نیچە) لە نووسینی بیار هیبر: سوفرین، دەزگای زانکۆیی بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن (الموسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع)، بیروت، لوبنان، ٢٠٠٢ی زاینی، ئەو دەقی وەرگێڕاوی ئەلحاجە:

کە زەردەشت تەمەنی دەگاتە سی ساڵ، بەرەو چیا روو دەنێت و شارەکەی جێدەهێڵێت، ماوەی دە ساڵ ئارەزووی ژیانی تەنیایی دەکات،

بەرۆحەوە لەو ژیانە بێزار نابێت، بەڵام لە کۆتایی ناڕەحەت دەبێت و بەیانییەکیان زوو هەڵدەستێت و روو لە رۆژ دەکات و دەیدوێنێت:

ئەی هەسارە مەزنەکە! دەزانی ئەوەندە شادمان نەدەبوویت، ئەگەر هیچ نەبوایە رووناکی بکەیتەوە. ئەوە دە ساڵە تۆ، لەو ئەشکەوتە روومان تێدەکەیت و رووبەڕوومان هەڵدێت.

ئەگەر ئێمە لێرە نەدەبووین، من هەڵۆ و مارەکەم، چیت دەکرد، من وا لەو رەوشە و رووناکییەکەت هەراسان بووم.

هەموو بەیانییەک هەستمان بە تۆ کردووە و بە پرژەکەت گەشاینەوە، بۆیەش موبارەکەی تۆمان دەکرد.

سەیر کە! من تژی بووم لە حیکمەت، وەک چۆن هەنگ هەنگوێنێکی زۆر کۆدەکاتەوە، منیش پێویستم بە هانای دەستێکەوە هەیە.

دەمەوێ و پەرۆشم یەکێک هاوبەشم بێت، زاناکان لەناو خەڵکەکە بە شێتبوونیان سەرفراز بن، هەژارەکانیش بە سامانەکانیان، دووبارە ئەوە بگەڕێتەوە.

پێویستمە، کەواتە منیش، ئەی هەسارە درەوشاوەکە بە رووناکی، بچمە ناو قووڵاییەکان، وەک چۆن تۆ هەموو ئێواران، لەپشت دەریاکە ون دەبیت، رووناکیی دەبەخشیتە جیهانی بنەوەش.

دەبێ منیش، وەک تۆ، بەرەو ئاوابوونی بڕۆم، ئەوەش بە گوزارشتی ئەو خەڵکە، کە من پەرۆشم بچمەوە ناویان.

بۆیەش، ئەی چاوە ئاسوودەکە موبارەکم بکە، تۆ دەتوانیت بێ چاوی حەسوود ئامێزێک شادمانییم پێ ببەخشیت.

پیرۆزبایی ئەو لێوانم لێ بکە، تژی بووە و ئاوێکی زێرینی لەسەر دەرژێت، هەموو جۆرە شادییەک لە هەموو شوێنێک پەخشان دەکات.

سەیر بکە! چۆن ئەو لێوانە دەیەوێ دووبارە ڤاڵا ببنەوە، زەردەشت دەیەوێ ببێتەوە مرۆڤ و بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی.

ــئیتر بەو جۆرە زەردەشت ئاوادەبێت.

مەبەست و ئامانج لەلای نیچە، بەخشندەیی زۆری بێ حەسوودییە.

لەو پێشەکییەدا دەردەکەوێت، زەردەشتی تژی لە حیکمەت پەرۆشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ و کاریان بەو هەیە، بۆ ئەوانەی دەستیان درێژ دەکەن و دێنە پێشەوە. دەیەوێ خۆی ڤالا بکاتەوە، دووبارە پڕببێتەوە.. خۆرنشینی دەوێت تا رۆژەکە هەڵبێتەوە، وەک خۆرەکەی بەیانییان پەرۆشە دەربکەوێت، ئەو فەلسەفەی ئەو بووە بۆ گوزارشت لە گەڕانەوەی سەرمەدی و ئەدەبیەت.

خۆر دەردەکەوێت بۆ ئەو کەسانەی چاوەڕوانی دەکەن، دەخوازن بێتە دەرەوە و رووناکییان بکاتەوە، ئەوەیە شادی و سەرفرازییەکانی خۆر، کە دەیەوێ بەبێ حەسوودی بەخشندە بێت.

مەبەستە هەر گەورە و ویستراوەکەی نیچە ئەوەیە:

بەخشندەیی گوزارشتە لە دەربازبوون لە خود و دەرچوون لە نەفس، وێناکردنی بەڕێوەبردنی قەدەرەکان، ئەوەش ویستی هەموو بونەوەرێکە، هەموو گیانلەبەرێکە. داماڵینی هەموو تواناکان، هەتا دەبێتە بەتواناترین تواناداار، باڵاترین شکۆ، بەڕێوەبردنی توانا، باڵاترین مەبەستی بەڕێوەبردنی توانایە، بەڕێوەبەر و پیادەکراو یەک مەبەستە، ئەویش هەڵچوون و هەڵشکانی بەردەوامە.

مەبەستی ژیان، یان مەبەستی بوون: گەشە و دەربازبوون لە خود. ئەوەش باڵاترین مەبەستە، دوورترین مەبەستە، دەبێ مرۆڤیش هەموو کۆششێک بکات، تا دەگاتە مەرامی جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە، کاریگەری هەبێت و فێری ببێت...

کەواتە سازبوونەکە، بەڕێوەبردنی تواناداری، جێگیر نییە، لە جوولە و بزاڤی بەردەوامە، دەخولێتەوە، هەڵکشان و مەزنبوونە. سستبوون خەسڵەتێکی بوون نییە (٢).. بەڵکو بەردەوامی (خەسڵەتێکی بوونە).

لەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بوونی وەجوود، نما و خوڵقاندنی خود و هەڵبەزینە بەرەو دوورتر، بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی تواناداری.. کە خۆر لە ئەنجامی دەرکەوتنی بۆ ڕووناککردنەوە، تا نما و باڵاتر بێت لەسەر خود و دابەشکردنی حیکمەت و زۆرترین بەخشندەی بەسەر هەموو خەڵکەکە.

(١) لە کتێبی (نیچە نبی المتفوق) نووسینی یوحنا قمیر، دار الشروق بیروت، لبنان، ٢٠٠٥ وەرگیراوە.
(٢) یوحنا قیمر... هەمان سەرچاوە.

# پارچەی سێیەم

## دەرئەنجام.. گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟

ئەوەندە ئەو رامان و پرسیارە، هاوڕێ و هاوبیرم بوو، تا بووبوو بە سروودێکی تەماویی و لەناخم دەلەنگێتەوە و پەرۆشی وەڵامێکیش بوو.. بەڵام دروست نازانم چ پرسیارێک بکەم، هۆکاری بایۆلۆژی کردنەوە و پشکوتنی گوڵەکان، ئینجا لە رووەکە بەردار و بێبەرەکان و دارەکانیش، یان نهێنییە شاراوەکانی ئەو دیوی سروشتی بونەوەرەکان چییە؟

پاش نیوەڕۆیەکی بەهار و تەڕ بە باران، من لەسەر کەناری چەپی رووباری دیجلەدا، کە بە شەپۆلی لماوییەوە،لە بەرزایی چیاکانی کورستان دەهاتە خوارەوە، ئەوەم بەبیردا هات، یان ئەو پرسیارێکە خۆی لێم قووتکردیتەوە.

پاش تێپەڕبوونی زۆرتر لە چارەکە سەدەیەک، لقێکی سەرەکی رووباری دیجلەم لە گوندی موسکی ناوچەی هەکاری سەر بە پارێزگای وان، بوارم بۆ رەخسا ببینم. ئاوی لقی رووبارەکە لەوێ سپی بوو، لەناو دارە بەرزەکان و گیاوگوڵەکە دەڕۆیشت، منداڵانی گوندەکە گەمەی خۆشیان لەناو دەکرد.

گەنجان کە لە ئەستنبۆڵ و ئەنقەرەوە هاتبوون، بە بەلەمە بچووکەکان

پێشبڕکێی سەولی ناو ئاوی تیژڕەویان تێدا دەکرد.

هەر چەند سەیری ئاوە سپییەکەی جۆگە و رووبارەکەم دەکرد، وەستان و دیمەنی سەر رووباری دیجلەی ساڵی ١٩٧٤ی زاینییم بەبیردەهاتەوە، لەوێ و لەودەمانە لەبەر خۆمەوە، دەمپرسی ئەگەر شەڕەکە لەنێوان رژێمی بەغدا و هێزەکانی شۆڕشی کورد هەڵگیرسێتەوە. (ئەو شەڕە کوشندەیەی لەپاش مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ی زاینی، هەتا مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ی زاینی دەقەومێت، درزێکی گەورەش لەنێوان هاوڵاتیانی وڵاتەکە دروست دەکات، نێوان سەرچاوەی ئاوی دیجلە و شوێنی لەنگەربوونی، ئەو درزەی تا ئیمڕۆ هەر بەرین و گەورەتر دەبێت).

پاش سەرنەگرتنی دانوستانەکانی نێوان بەغدا و کوردستان، لە بێهۆشییەوە هەستم بە مەترسییەکانی ئەو شەڕە دەکرد، کە هەڵگیرسانەوەی شەڕەکە ئەگەرێکی نزیک بوو. لەودەمانە سەرکردایەتی کوردستان لە قەزای چۆمانی سەر بە پارێزگای هەولێر بوو.

ئەو دەقە پەخشانییە (بۆ کێ گوڵەکان دەپشکوێن) لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی، رۆژنامە رۆژانەکەی لە بەغدا دەردەچوو لە ژمارەی رۆژی ١٨ی مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زاینی بڵاوکردەوە، واتە یەک رۆژ دوای نووسینی وتا ئێستاش هەڵمگرتووە، تا خوێنەران بگێڕمەوە کەشی ئەو رۆژانە، دەقەکە یان دیمەنەکەم خستووتە پێشەکی ئەو کتێبە.

بەڵام پرسیارەکە ماوە ماوە، لە مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زاینییەوە لە هزرم دەردەکەوت، تا دەبێتە پرسیارێکی فەلسەفەی، ئەوەش هانم دەدات بەدوای مانا و درەوشانەوەکانی تری بوون بگەڕێم: بۆ ئەو گەردوونە دامەزرا؟ پرۆسەی بوون و دووبارەبوونەوەکەی بۆ چییە؟ نهێنییەکانی شەیدابوونی مرۆڤ بەدوای زانیارییەکان چییە؟

خۆر بۆ هەڵدێت؟ بۆ دایک بە بوونی منداڵێک ئەوەندە کامەرانە، نهێنی ئەوە چییە؟ چییان سەبارەت بە بوون و مردن و ژیان وتووە؟ ئەوانە هەموو بۆچی؟ مەبەست لە بوون و خوڵقاندن چییە؟
ئەو پرسیارانە بەردەوام هزری کەسانی هەستیار دەگرێت.. پرسیارەکان کۆنن، دووبارە دەبنەوە، رەنگە هەتا دونیاش مابێت دووبارە ببنەوە، دووبارە دەبنەوە بەبێ ئەوەی وەڵامێکیان دەست بکەوێت، بوارەکانی وەڵامدانەوەش زۆرە، هەیە بە خەیاڵ و شکۆی رۆحەوە وەڵامی داوەتەوە، بەڵام دوور لە حاڵەتەکانی مەولەوی و خەیام، هەندێ لە زاناکانیش خەریکی تاقیکردنەوەی زانستین بۆ گەڕان، بەدوای گەردە سەرەتاییەکانی پەیدابوونی ژیان، گەردە یەکەمەکانی دەبێتە مایەی دروستبوونی گەردوون، کە بە (گەردیلەی بوزین هیگن) دەناسرێت، تا ئێستاش پەرۆشن، بە ئەزموونە زانستییەکانیشیان نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی باوەڕپێکراو، بەپێی قەناعەتە دوور لە ئەزموونە زانستییەکانم، ئەوەیان زەحمەتە.. وەک دەزانم زاناکان هێشتا ئەو گەردیلەیان نەدۆزیوەتەوە، چونکە بنچینەی کەون و گەردوون لەسەر بۆشاییەوە بووە.. رەنگە بۆچوونەکەشم جێگەی باوەڕیش نەبێت!
وادەزانم منیش وەک عومەر خەیام، لە بۆشایی و عەبەسیەتی خۆییەوە شتێک دەدۆزێتەوە دەڵێت:

بۆ هاتمە سەر زەوی و لەبەرچی چوونم؟
بەهرەی چییە بۆ خودا نەبوون و بوونم؟
هاتووم و دەچم، بێ ئەوەی بزانم بۆ چی
پاش مردنەکەش، دوورە دەراوی ڕوونم

داخم ئەوی دێر هات و ئەوی کەوناران

هاوباوەشی مەرگن و لە دنیا تاران
کەس نایەتەوە بەرەو ژیان، لێی پرسم:
لە کوێیە بنە و باری هەواری یاران؟

بەهرەی چییە دەستکەوت لە بوونمان گەردوون؟
قازانجی چدێتە ڕێ لەوانەی مردوون؟
هیچ کەس نیە لەم گێژە دەرمخات و بێژی
بۆ بوون و ژیان و مان و بۆ مردن و چوون؟

گەردوون بە دزی دوێنێ لە لام درکانی
هەرچی بە سەرت دێ، لە دەست ئێمەت زانی
لەم چەرخ و خولەم دا دەسەڵاتم بوایە
خۆم ئێستا رەها دەکرد لە سەرگەردانی

ڕۆژگارێ مرۆ تیا ژیابوو، رابرد
ئاوێ بوو بە جۆدا چووە، بابوو رابرد
هەرگیز مەڵێ وا بووە، وا خۆش نایێتەوە
گەر تاڵ و زەبوون ژیاوی، چابوو رابرد.

(ئەو پارچە شیعرانەی عومەری خەیام لە وەرگێڕانی هەژار موکریانییە، مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی دەقە عەرەبییەکانی لە وەرگێڕانی ئەلسافی ئەلنەجەفی وەرگرتووە، کە لە فارسی وەرگێڕدراونەتە عەرەبی. ش. هەینی).

شیعرەکانی خەیام، زۆربەیان پرسیاری رەشبینانە و نائومێدیە، من مەزارەکەم لە شاری نیشاپوور بینی بە خۆڵی سوور داپۆشراوە، ئەو

خۆڵەی بۆ دروستکردنی گۆزە و بادە بەکارهاتووە، کە خەیامیش زۆر ناوی گۆزە و سیرامیکی هێناوە، مەبەستی چەرخ و سوڕانی ژیانە. سەردەمی خەیام بەوە ناسراو بوو خواردنیان دووبارە دەکوڵاندەوە و لەگەڵ گیاوگۆڵی سروشتی لەبەردەم میوانەکانیان دادەنا، لەوێ تا سەردەمی خەیام زیندوو بکەنەوە، خواردنەکان لەناو جامی فەخفووری و لەبن کەپر وەک هەوارەکانی خەیام، پێش نزیکەی هەزار ساڵ پێشکەش دەکرایەوە، کەپرەکان و شێوازەکانی ژیان لەبەر گیانی خەیام لە نیشاپوری پارێزگای خوراسانی خۆرهەڵاتی ئیران نۆژەنکراوەتەوە.

بەرامبەر رەشبینییەکانی خەیام، هەست لە شاعیری هیندی تاگوور رادەگرین، کە وەڵامەکانی سەبارەت بە بوون چەند گەشبینە، چۆن دەبێژێت شادییەکان سەرچاوەی بوون و خەلیقەتە. بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟ نیگام لە بیردۆزی ئەو بلیمەتە داهێنەرانە کردووە، مەبەستم دۆزینەوەی وەڵام و رامانێک بووە. خوێنەری شارەزا و خولیا و پەرۆشەکانی کتێب، بیر لە ناونیشانی رۆمانی نووسەری ئەمریکی ئەرنست همنگوای (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدەن؟) دەکەنەوە، ئەوەش رامانێکی جیاوازە. زەنگەکە بۆ ئاوڕدانەوە و بەبیرهێنانی مردوو و قوربانییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بووە: کێ بۆ ئەو مردووانە زەنگی کڵێساکان لێ دەدات و دەیانشارێتەوە؟ پرسیارە لە ناوی ئەوانەی کورژان و کەس نایناناسێت، بەڵام پرسیار لەوەی گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، پرسێکە لەسەر سەرەتاکان، نەک کۆتاییەکان، پرسێک نییە لە یەکەم وەرگیرابێت، ئەگەرچی لەرووی دارشتنەوە لەیەکتری نزیکن.

ئەو پرسەش لەبیرنەکراوە:

نهێنی کرانەوە و گەشانەوەی گوڵ، دەبێتە گەمەیەکی هزری، بەبۆنە و بێ بۆنەش دووبارە دەبێتەوە، چەند جارێکیش بەئەنقەست و بۆ

**ماوەیەکی زۆریش لەبیر خۆمم دەبردەوە، بەڵام لەناکاو دەکەوتەوە ناو بیر و بەرچاو و رامانم، وەک وەڵامە عەبەسییەکانی خەیام، بۆ وەڵامەکە سەرگەردان دەبووم، زۆریشم لەوانە بە نووسین گوزارشت کردووە، بەڵام زۆریان فەوتاون و کەمیان ماون.**

...

## ١٧ی ینایری ساڵی ٢٠٠٩ی زاینی:

دووبارە ئەو پرسیارە خۆی دەورووژێنێت، منیش بەپەلە ئەوەم نووسی: پرسیارکردن لەوەی ئەو گوڵانە بۆ کێ دەپشکوێن، بێگومان من بەرەو رامانی ژیان و مەبەستەکانی راپێچ دەکات؟

هەموو شتەکان لە ساتێکی دیاریکراودا دەکرێنەوە. بونەوەرەکان بۆ یەکتری دەکرێنەوە. بەیەکەوە یەکتری تەواو دەکەن. بازنەیەک بازنەکانی تر تەواو دەکات.

گوڵ دەکرێتەوە، تا خۆی لەبەر خودا و گەردوون نمایش بکات، خۆرەکە دەیشوات و هەواش لەنجەی پێ دەکات.

گوڵ، بەبێ ئەوەی بەرنامەرێژی یان مەبەستی هەبێت، یان بیەوێت، دەپشکوێت، رەنگ و بۆن و تۆ و میوەش بەرهەمدەهێنێت.. تەنیا دەژیت و بەس. لە تەواوکردن و گێڕانەوەی خولێکی تری ژیان بەو شێوەیە دەردەکەوێت. پشکوتن وێستگەیەکی سەرەکی ئەو بازنە و خولانەوەیە. ژیانیش بریتییە لەو ساتەی بونەوەرە سروشتییەکان و شتەکانیان دەکرێنەوە و تەواو دەبێت.

درەخت و گوڵ ناجولێن، بەڵکو تۆ و ناوەکەکانیان دەجولێن.. دووبارە وەک نەمام دەچێندرێنەوە، ئەوەش دەستکرد و ویستی ئەوان نییە، هەندێجار، ئەوە بەشێکە لە یاسای سروشت.. ئەوانە دەستکردنی مرۆڤن، لەو دەمانەی هەڵسوڕێنەری زۆربەی جووڵەکانی سروشت بووە، زۆر

بەکەمی جوان و نەخشینیان دەکات، زۆریش و لە زۆربەی رەوشەکاندا خاپوور و کاولیان دەکات.

کیشوەرەکانی سەر رووی زەمینیش دەجولێن، رەنگە ئەسیوبیا (حەبەشە) لە کیشوەری ئەفریقیا دووربکەوێتەوە و ببێتە دوورگەیەک.. وەک چۆن کیشوەری ئەمریکاو ئەفریقیا لەیەک ترازان و دووردەکەونەوە، ئەوەش بە جولەو وزەی ناوەوەی خۆیانەوە دەبێت، لەژێرەوەی زەوی، وەک چۆن رەگی گوڵەکان لەناو خۆڵەوە بەبێ ئەوەی بیانبینین دەجولێن.

...

# ٢٩ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٩ی زاینی:

پرسیارەکە بە شێوازێک و دەربڕینێکی تر دووبارە دەبێتەوە:
ـ داهێنەرەکان بۆ کێ داهێنانەکانیان دەکەن؟ زاناکان بۆ کێ نهێنییەکان دەدۆزنەوە؟ دروستکەری زەوی؟ جووتیارەکان....؟
ئایا هەموو ئەوانە لە پێناو مرۆڤە؟
باشە بۆ تا ئێستاش خەڵکەکە فێری ئەوە نەبووە، لە نێوان خۆیان هاوکار و هاوسۆز و هاوبیر بن؟ بۆ رق و رکابەرایەتی و تۆڵەسەندنەوە و بەدکارییەکان زۆرتر دەبن؟ بۆچی شەڕەکانی ناوخۆ و پاکتاوی نەژادی و ستەم و زۆردارییەکان و پەراوێزکردن پەرەدەسێنن؟ بۆ دروستکراوەکان و بەرهەمی کرێکارە چالاکەکان دەڕوخێنن؟
من وادەزانم باشترە شتێک بنووسم، لەسەر یەکبوونی مرۆڤایەتی، بە هاوسۆزی لەگەڵ یەکبوونی سروشت و تەواوکەری بەشەکان و پێکهاتەکانی بنووسم؟
من وامدەبینی، بۆ ماوەیەکیش، گوڵەکان بۆ من و بۆ هەموو خەڵکی سەر رووی زەمین بپشکوێن.. لەوانە گەرمی و سۆزی هاوبەش بۆ یەکبوونی وجود فێر بین، یەکێتی مرۆڤ و رووەک و هەموو بونەوەرەکانی سروشت.
گوڵ هێمای یەکبوونی سروشتە بە هەموو شکۆیە نازدارەکانی.
باشە گوڵەکان بۆ کی دەپشکوێن؟.. ئەوە نییە، بۆ ئەوانە نییە، کە دەبینن و بۆن دەکەن و هەستە سروشتە بێگەردەکان لە ئامێز دەگرن...؟ گوڵ لەوپەڕی نەشونمایە، دەبوژێتەوە و دەکرێتەوە و دووبارە هەڵدەوەرێت.. سیس دەبێت و بێ هیچ کێشە و گرفت و

**لووتبەرزی و بانگەشە. باشە بۆچی مرۆڤیش لەو گوڵانە فێری وانەکانی کەمال نابن، لە گوڵەکان حیکمەت، لە گردبوونەوەی مێش و مێروولە و فیل و پەڕەسێلکە و کۆترەکان فێر نابن، مرۆڤ بۆ لەوانە فێر نابن؟**

...

## ای ینایری ساڵی ٢٠١٠ی زاینی

مرۆڤ بەبێ ئەوەی هەست بکات و هوشیار بێت، ماوەماوە ژیانی ناوەوەی دەکرێتەوە، بە چاوێکی گەش و کراوەی جیاوازەوە، نیگایەک لە گەردوون و ژیان دەکات، بەڵام ئەو ساتە بەرجەستە ناکات.
من رۆژانی رابردووم بەبیردێتەوە.
لە ساڵی ١٩٧٤ من وابووم و وام دەنووسی.
پاش دە ساڵ، لە ساڵی ١٩٨٤خۆم دۆزیەوە، باشتر بڵێم ئارەزووم دەکرێتەوە، دەکەومە ناو ژینگەیەک لە شوێن و کات زۆر جیاواز.. منی لە بیرکردنەوەی تەسکی سنووورداری تەماویی کۆنی جاران، بۆ بیرکردنەوەیەکی کراوەی رەوشن، پاش گەشتی چەندان وڵاتانی ئەورووپا و ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، رابووم و هەڵسامەوە. من لەو جیهانە کەسێکی نامۆ و نەزان و پەراوێزکراوی ناو جیهانێکی کۆن بووم، لەتەنیشتمەوە جیهانێکی تر، بە رەنگ و رووناکی و ئازادی هەبوو! من ببوومە بەشێک لە رق و شەڕە ناوخۆییەکان و بوغز.
لەناکاو، لەناو کەشێکی پرشنگی گەرم، هەموو شەختەبەندی بینینی پاشکەوتن و تەسکبینی و ئاوێنەکانی ژەنگاوییم لێ رەوەیەوە.
سۆز و خولیام بۆ وەستان لەسەر کەناری دیجلە هەڵسابوو، تا بزانم خەڵکەکە و گوڵەکان و بەرد و شەقامەکان چییان بەسەرهاتووە.. لەودەمانە گومانم نەما، کە بپرسم ئەو گوڵانە بۆ کێ دەپشکوێن، بۆ

کێ؟ بەڵام هەر نەهات و ئەنجام نەبوو...

ئێستا و لەودەمانە کەوتووینەتە ناو هەڵەی ترسناک و هزری شێتی و گەمژەیی.. رەگە هاوبەشە مرۆییەکانمان لەبیرنەما و ونمان کرد.

رەنگە بتوانین بڵێن، بە بۆچوونی من، ئێمە نوێین، ئەوان و خەڵکی تر کەوتوونەتە ناو توندڕەویی، لەناو رق و زۆداری و پەراوێزکردن قووڵبوونەتەوە.. منیان دوورەپەرێز کرد، ئەدی هەڵە و تاوانەکانی خۆم!؟

بەهاری ساڵی ١٩٨٤ی زاینی بەشداری کۆنگرەیەکی دەولی بووم، وەک فیستیڤاڵێکی میللی بوو، بۆ پەیامی ئاشتی و ئازادی بەسترابوو، لەوێ برادەرانی زۆری کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەوروپا و ئەفریقیا و ئەمریکا و شوێنی تریش ئامادەببوون، لێرە لە دوورگەی ماڵتای ناو دەریای ناوەڕاست، بینیم چۆن مرۆڤ دەکرێتەوە، هزر و ویژدانی دەکرێتەوە، کە ئازادیی و کرانەوەی رۆح، دوور لە شیشبەندی زیندان و دیوارە کۆنکریتییەکان، لوولەی تفەنگ و هەڵمەتەکانی تەحریم و راونانی تێدا نەبێت، مرۆڤ ئازادانە دەکرێتەوە.

...

# ٥ی یولیوی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی

پێگەیوو چییە؟

مانای چییە مرۆڤێک پێگەیووە؟

وەڵامی عارفەکان، حەقیقەتی خۆی دەگەێنێت.

فەیلەسوفی هیندی (ئۆشو) (١):

مرۆڤ دروست بووە تا نیعمەت لە ژیان وەربگرێت.

فەیلەسوفەکانی تر، وادەزانن نهێنی پەیدابوونی وجود، بۆ ئەوەیە خۆت بناسیت، بە خودی خۆت کامەران و سەرفراز بیت.

ئەوەش راڤەیەکی تەماوییە.

گوڵ دەکرێتەوەو دەپشکوێت، بۆ ئەوانەی تام لە خۆشییەکان دەبینن و دەزانن چۆن شادی بنۆشن.

مرۆڤ لە جیهانێکی رۆحی پرشنگدار و گەڕانەوەی مرۆڤ، بەرەو رووناکی دەگەڕێت.

ئۆشو دەڵێت:

- ژیان ئەوەیە پێبگات، نەک تەمەن و ساڵەکان بڕوات و گەورەتر بیت.

- پێگەیشتن، واتە هەموو ساتێک لە ماهیەتی ژیان قووڵ ببیتەوە.

- مردن، تەنیا بریتی نییە لە گۆڕینی جلوبەرگەکانمان، گۆڕینی شێوە

**و ئاکارمان نییە، هیچ شتێک نامرێت.**

**ئەوە بیرۆکەیەکی روونە، ئاسانیش بۆ تێگەیشتن، وەک لە فەلسەفەی زەردەشت هاتووە لە گەڕانەوەی بەردەوام تێیدەگەیت. نیچە ئەوەی لە زەردەشت وەرگرتووە، لە فەرموودەی براهمییەکان و بوزییەکانیش.**

**هیچ شتێک نامرێت، بەڵکو نوێ دەبێتەوە و پۆشاکی دەگۆڕێت، ماڵ و هەوارو ئاکاری دەگۆڕێت.**

...

## ٧ی فبرایەری ساڵی ٢٠١١ی زاینی

دەکرێ شەڕ و کارەساتە مرۆییەکان رابگیرێن؟
ئەگەر راگرتنی کارەساتە سروشتییەکان زۆرجار زەحمەتیش بێت، بۆچی هەڵچوون و شێتبوونە مرۆییەکانی بەرەو ململانێیە خوێناوییەکان و ستەم و چەپۆکی دژوار دژ بەیەک، راناگیرێت؟
دەرئەنجامی رق و بەدکاری لەسەر زیندەوەرەکان، هەتا ئەو نزیکانەش زۆرانبازییە خوێناوییەکانی گا، شەڕە کەڵەشێرو کەو و هەتا سەگیش، بەردەوامە و هەتا مردن لەیەکتریان بەردەدەن.
نازانم ئەوانە بۆ عاشقی خوێن رشتن و کوشتنن.. خوێن.. خوێنی مرۆڤەکان، یان ئاژەڵە بەستەزمانە کێوییەکانیش؟
کەی مرۆڤ لەسەر پەروەردەی خۆشەویستی ژیان رادێن؟
_باشە، هۆشمەندی ئاوەزە رووناکەکان بۆ کێ بڵاودەکرێنەوە؟
بۆ کێ رێنماییە مرۆییەکانی رەوشت و بێگەردی ویژدان بۆ کێیە؟
کاتی ئەوە نەهاتووە، کودەتایەکی رۆحی لە ناوەوەی مرۆڤ بکرێت، خۆشەویستی و بەزەیی بەرووی هەموو بونەوەرەکان بدرەوشێتەوە؟
کەی لەو ئەزموونە سانا و سەرەتاییە تێدەگەن، کە ژیان یەکە، یەکە و لەناو جەستەی هەسارەی زەوی و هەموو هەسارەکانە؟
کەی بیرۆکەی گەردوون، خوڵقی شادی و شادمای بەرجەستە دەکات.. سەرفرازی گشتی بۆ هەموو بونەوەرەکان؟
ئەگەر تێگەیشتن: گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟ ئینجا لە مانای شادی

ناودڵ تێدەگەن، بەڵام بیرۆکەی درەوشانەوەی رووناکی پێش ئەوەی بەرەو دەرەوە بێت، با بۆ ناوەوە بێت. ئینجا دەزانن بۆچی خۆر هەڵدێت؟

بەڵام مەبەستی ژیان، پرسیارێکی مرۆییەو مرۆڤ لە خۆی کردووە، هیچ بونەوەرێکی تر بایەخی پێ نادات، ئەوانە بەس دەژین و بەس.. ئەگەر کۆتایی هەموو مەرامەکان لە مەبەست و ویستەکان بێت، وەک ئەوەی لەسەر نەخشەیەکی ئەزەلی لەنەبوونی سەرەتاوە (اللابدایە).

گوڵەکان لە خۆیانەوە دەپشکوێن و هاوبەش دەژین، بە خۆر و هەوا و موبارەک دەبن، بە ئاو و خۆڵ پاک دەبنەوە. بەو جۆرە گوزارشت لە رەنگ و بۆن و جوانییەکان دەکەن. خۆر بۆ خۆی هەڵدێت و بەپێی دووری و قەبارەو نزیکی و نێوانی هەموو هەسارەکان، بێ جیاوازی و لایەنگیری رووبیان تێدەکات.

کەواتە مەبەست و ئامانجی ژیان، پرسێکی مرۆییە.. ئایا بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ ئەو پرسیارە کراوە؟

هەندێک دەڵێن گۆی زەوی، ئەویش، هەست و سۆزی هەیە.

بێهودە زانایانی تەکنەلۆژیای مرۆیی، پەرۆشن لە رامانی خولانەوەی گوڵ و خۆر و ئاو...

هەرچەند سنوورەکانی بیرکردنەوە فراوانتر بکەیت، هەر بەقەد سنووری گەردوون دەمینێتەوە و بەس.

ئەگەر گۆی زەوییش رۆحی هەبێت، کەواتە ئەویش دەکەوێتە ناو خولانەوەی لەدایکبوون و پێگرتن و نمابوون، دواییش پیربوون و لەناوچوون. ئەگەر بڵێین رووەکیش بونەوەری ئۆرگانین و ژیانیان تێدایە، رووەک، تاکە بونەوەری زیندووە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ هاورەگەزەکەی ناکات، نەک لەگەڵ ئەوان لەگەڵ بونەوەری تریش ناکات...

جوبران خەلیل جوبران دەڵێت: ژیان سنووری زەمان نازانێت.
_چونکە زەمان نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا ناکات...
_کە منداڵێکی نوێ پەیدا دەبیت، مرۆڤ بۆ کێ دەکرێتەوە.
مرۆڤ هەتا خودی خۆشی.. ناناسێت، خودی خۆی، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە نابینێت. ئیتر بەو جۆرە مرۆڤ لەناو هۆش و ویژدان و ڕەووشتی دەکەوێتە بەر هەژموون و دەسەڵاتی تاریکی.
ئەو لەناوەوە جوانترە ئەگەر هەستەکانی بە جوانییەکانی وجود هەڵبستێنێتەوە.. بەڵام یەک ساتیش ڕامانی ئەو جوانییە ناکات. وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی هەست پێ ناکات، هەمو ساتێک لە نهێنی جوانی لە بزاڤی بوون و جوولە هاوسەنگەکان تێنەگەیشتووە.
ئەو لە بوون خۆییدا، هێشتا دوورە لە هاوسەنگی لە سروشت و دەرەوەی سروشتیش...
هێشتا وەک منداڵێک وایە، دەلەنگێ کە دەیەوێ سەرپێ بکەوێت. هێشتا پێنەگەیوە.. ئەگەرنا لەناو گەشەی ڕۆحییەکی بەرفراوان چێژی لە ئاوێتەبوونەکە دەبینی، ئەوەی هەموو بونەوەرەکان تێدا مەلە دەکەن، بونەوەر و ئەوانی تریش!
مرۆڤ دوا بەندی زنجیرەی ژیانە، هەست بە جوانی بوون دەکات، ئەو دوا بەندیشە، لە هەنگاونان بەرەو ڕووناکی، ئەوەی ڕۆژانە بەرەو ڕووی پەخش دەبێت، بەڵام ڕووی پێ دەگرێت و نایەوێت، هەموو دەرگاکانی بەڕووی دادەخات، لە خۆی دووریشی دەخاتەوە!

...

## مانگی مای ساڵی ٢٠١١ی زاینی

بن عەرەبی، فەیلەسوفە عارەفەکە تەرمەکەی لە شاری دیمەشق شاردراوەتەوە، وایدەزانی بزاڤی گەردوون خۆشیویستووە (خۆشەویستی)، چونکە بناخەی جیهان خۆشەویستییە. وجود بزاڤێکە لە بێدەنگی، چونکە لڤین بوونی جیهانە، بزاڤی خۆشەویستی.

لەکاتی وەرگرتن و سوودبینی، من دژایەتی لەگەڵ خۆمدا دەکەم، رەنگە ناکۆکی زۆرتریش بدۆزمەوە. زووتر و بەر لە چەند ساتێک وتم گوڵەکان بۆ دەرکەوتنی خۆیان دەپشکوێن.. بەڵام من، وادەزانم ئەو لڤینە جوانەی گەردوونم بە کەمی نواند، جووڵەو تەواوکردنی گەشەی چەکەرەکان، پشکوتنی گوڵەکان لەناو رەگەکان و خۆڵ و ئاوەکە هەیە، بە رەنگ و بۆن و سیما و تاج و خواردنەکانی بەخۆڕایی، بۆ مێش دابینی دەکەن، ئاوێزان بووە...

ئەگەر بەپێی پێوانەکان زۆرتر بەدوای دابچین، وتمان گوڵەکان، ئەوانیش بۆ بزاڤ و ویستی خۆشەویستی و عیشقی وجود دەکرێنەوە، لەدەوری مەداری خۆشەویستی دەخولێنەوە.. کەواتە گوڵەکان بۆ ئەوە دەپشکوێن، مەبەست و کارێکیان هەیە، بەڵام بەدوورکەوتنەوە و ئامادەنەبوونی کەماسییەکی ترسناک، لە ریزبەندی بونەوەرەکانی وجود پەیدا دەکەن.

فەیلەسوفی کورد شاکر فەتاح، ئەوەی پیاوکوژەکانی بەغدا لە ساڵی

١٩٨٨ی زاینی دەرئەنجامی وتنی حەق و راستگۆیی لەسێدارەیاندا، ئەو لەکاتی خۆی وتبووی: لە گوڵ فێر بە، گوڵ مامۆستای مرۆڤە.

لە گوڵ فێر بە، چۆن لقەکانی سەوز دەبن و گوڵ دەکەن و بێ ئاشوب و گرفت، بوون و ئامادەیی دروستی خۆیان دەگەیێنن. هەرگیز نەمانزانیوە رۆژێکیان گوڵێک ناڵە و فیغانێکی خەمگین لەسەر هیج شتێ بکات، هاوارێک قیژەیەک بکات. رەنگە پیرۆزیی و گەورەیی گوڵ لەوەدا بێت، چونکە خودی خۆی لە خۆشەویستی بوون و وەجوودە کە بۆنداری دەکات، خۆشدەوێت دەوێت، گوڵیش گەنجینەیەکی شاراوەی تری بوونە، دەپشکوێت تا جیهان بیناسێت.

...

# ڕۆژی ٥ی ینایری ساڵی ٢٠١٢ی زاینی

ساتێکیان، پاش دەیان ساڵ لە ڕامان و بیرکردنەوە، خۆم دۆزیەوە، سێبەرەکەم لەناو باخچەیەکی بچووک، سەوز و تەڕ دۆزیەوە، بەرابواردنم لەناو گوڵ و گیاوگۆڵ و ڕەیحان و درەخت و ئاسمان و باڵندەکان، هەواکەی بەر هەموو شتەکان، ئەوانەی دەهات و دەچوون دەکەوت، کە تەنیا لەناو ئەو بونەوەرانەدا دەبینرا، ئەگەرنا دیار نەدەبوون، لەگەڵ ئەوانە هەستم بە هاوسۆزییەکی قووڵ و تژی کردبوو.

دیارە من ماوەیەکی دوورودرێژە، چاوەڕوانی تیرۆژێکی وا جوانی ڕۆژم دەکرد، وا ئێستا تێدا مەست و سەرفرازم، وا من بەرەو سەرەتاکان دەگەڕێمەوە. دەگەڕێمەوە چونکە خولێکی ترم لە بوونم تەواو کرد...

ئەو جوانییە پرشنگدارە کراوەیە ئازادە باڵدارەم بینی، بۆ هەموو ئەوانەی دەبینن ساز و ڕاخراون.

من دەبینن چۆن سوپاسی گوڵەکان دەکەم، سوپاسی جوانی و هێمنی و شەونمەکانیان دەکەم.

سوپاسگوزارم بۆ خالیقەکەی، بونەوەرەکانی خۆشدەوێت، ئەوەی خاوەنی ئەو بەخشندە زۆر مەزنەیە، ئەوەی بەهاژەوە بەرەو ناخی مرۆڤ هەڵدەقووڵێت.. جۆرەها پەیڤ و سیمای سوپاس و ستایش، بۆ ئەو جوانییە دەنوێنم، کە تژییە لە خۆشەویستی، بۆ ئەو خالیقەی شەیدا و پەرۆشی هەموومانە، بەوەش دڵمان دەکرێتەوە، هۆشمان بەو ڕووناکییە بەرەونقە ڕووناک دەبێت.

شیرینی و ناسکی ئاوازە ئارامەکانم خۆشویست، ئەوەی لە قووڵایی زۆرەوە هەڵدەقووڵێن...

ساتی وا هەیە، وادەزانم، من ئەوەندەم سەبرم گرتبوو، ئەوەندەی ئارام و چاوەڕوان بووم، بەوە خەڵات کرامەوە، بەو جوانییەی بە یەک هاڵاو بۆ قەرەبووی سەرگەردانی و دڕەندیی تەنیایی پاداشتکرام.

من چیتر لە دەرەوەی ئەو باخە، ئاوارە و دەربەدەر نیم، خۆم لەناو دڵی دۆزیەوە.

ئیتر لەودەمانە تێگەیشتم من تەنیا نیم...

من لێرە وا تەنیا نیم، بوومەتە گەردیلەیەک لە خۆشەویستی لەو گەردوونە مەزنە بێ کۆتاییە، من لەدێر زەمانەوە، تەنیا دڵۆپەیەکی تاقانەم گەڕاومەتەوە ناو قووڵایی دەریاکە.

من وەک قوومە ئاوێکم، لە ناو جۆگەیەک مەند و لەسەرخۆوە هاتووم، ئاوم و رەگی گوڵێکی ترم پێ ئاودەدەن، کە زۆر پەرۆشی پشکوتنە.. من وا لەگەڵ ئەو گوڵە دەپشکوێم، لەناو چەکەرە تەڕە ناسکەکەی. هەردووکمان، وەک هەموو گەردیلەکانی ئەو گەردوونە، بەرەو ئەو ئەڤینە راکێشراون و پەرۆشین، ئەڤینەکەی لێ هەڵقووڵاوین.

**فەلەکەدین کاکەیی**

**٢٠ی یونیوی ساڵی ٢٠١٢ی زاینی**

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١. سعيد الشبلى، نظريه الانسان والحريه فى عرفان محى الدين ابن عربى، مكتبه حسن العصريه للطباعه والنشر والتوزيع، لبنان، بيروت، ٢٠١٠م، ص٢٢.
٢. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
٣. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
٤. **سەیری:** الكتاب الرابع لمثنوى مولانا جلال الدين الرومى، **وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی، پێشەکی و راڤەکردنی** د. ابراهيم الدسوقت شتا، **بڵاوکراوەی** المجلس الاعلى للثقافه، مصر، القاهره، ١٢يوليو ١٩٩٢م، **بکە.**
٥. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
٦. **عبدالله گوران،** ترجمه و تقديم د، عزالدين مصطفى رسول شركه المعرفه للنشر والتوزيع المحدوه، بغداد، ١٩٩٠م. **بەڵام من دەقە شیعرەکانم لەو وەرگێڕانە لە دیوانە کوردییەکەی گۆران وەرگرتووە. ش. هەینی.**
٧. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
٨. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
٩. يوحنا قمير، ابو العلاء المعرى، دار المشرق، بيروت، ٢٠٠٤م.
١٠. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
١١. **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

١٢. النبیث: الشریر **(دڕندە)**.

١٣. طاغور، محمد سعید الطریحی، سوریا، دمشق، ٢٠١٠.

**١٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٧. رباعیات عمر الخیام، لە وەرگێڕانی سافی ئەلنەجفی لە فارسییەوە، دار نشر گلاس، دمشق، ١٩٨٧. من دەقەکانی هەژار موکریانییم بۆ چوارینەکانی خەیام وەرگرتووە. ش. هەینی.**

# بەشی دووەم

# پارچەی یەکەم

## گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟

### ڕۆژی دووشەممە ١٨ی فبرایەر ساڵی ١٩٧٤ی زاینی

**ا**

- شوێنەکە: کەناری چەپی رووباری دیجلە _شەقامی ئەبو نەواس_ بەغدا.

- کاتەکە: پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زاینی.

تەختەکانی دانیشتن بە ئاوی باران شورابونەوە، تەختەکان رووبەڕووی چۆڵەوانی کرابوونەوە...

ئاوی رووباری (دیجلە)ش بە قووڕ و لیتەوە سەری کردبوو، توند دەهات...

لیتە و قووڕەکەی لە دۆڵ و نهالەکانی کوردستانەوە دەهات...

لە گوندەکانەوە.. لە باریکە ڕێی کاروانەکانی تووتن و کۆتەرە و داری

سووتان و ترێ و بارەکا.. و مەڕوماڵات.

رووباری دیجلە ئاوەکەی بە لیتەی بەپیت و بەهار ئاوسە، بەرەو کەنار و زێیەکانی باشوور، بەرەو رەوەی باڵندە جوانەکانی سەرانسەر کون و کەلەبنەکانی وڵاتەکە دەڕوات.

تەختەدارەکانی بۆ دانیشتن ریزکراون، چاوەڕوانن دڵدارەکان دەستە دەستە لەناو قوزاخەکان هەڵبستنەوە، لەنێوان تاجی گوڵە پشکوتووەکان دەربکەون.. لەپشت گەڵا و لقی دارەکانەوە بێنە دەرەوە.

...

## ٢

ـ شوێنەکە: تەختەدارێکی ناو باخچەیەکی سەر کەناری چەپی رووباری دیجلەیە.

ـ کاتەکە: کات نەگۆڕاوە، مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٧٤ی زایینییە.

هەندێکیان هێشتا پشکۆ و خونچەن.

هەندێ لە گوڵەکان کرابونەوە..

بەڵام گوڵەکان، هەندێکیان تاجەکانیان سیس بووبوون!

گوڵەروز، نەوار، یاسمین، کولیکە کێوییەکان.. گیاوپووشەکەش بۆنی بەهارێکیان دەبەخشی، کە زۆر بەژانەوە پەیدابووبوو.

لەو باخچەیە گوڵ قرتاندن قەدەغەیە.

خەڵکەکەش گوزەر دەکەن، دەڕۆن و بێ ئەوەی گوڵێکیان لەناو دەستدا بێت.

چاو دەگێڕن، بەوریاییەوە سەیر دەکەن و ئاوە شێلووەکەش، سەربەرزانە هاژەی دێ و دەڕوات.

بەوریاییەوە دەڕۆن.. بەڵام مات و کەساس!

دەڕۆن و گوڵەکان بەحەسرەتەوە جێدەهێڵن.

ئەدی گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟
هەموو پەرۆشن چەپکە گوڵێکیان پێ بێت، هەموویان قەفتەیەک گوڵیان لەناو دەستدا نییە.
گوڵ قرتاندن قەدەغەیە.. لێرە، بەڵێ لێرە گوڵ لێکردنەوە قەدەغەیە...
ئەو مۆراڵە باوە.. کەس بۆی نییە گوڵێک لێبکاتەوە، گوڵەکان بۆ هەموو خەڵکەکەیە!
ئەدی گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن؟
هەموو تێدەپەڕن.. رووبارە شێلووەکەش دەڕوات و وەستانی نییە.. وەک میوانەکان جارێکی تر بەو گوزەرە تێناپەڕن، دووبارە ناگەڕێنەوە.. هەتاهەتایێ ناگەڕێنەوە...
گوڵە جوانەکانیش بەحەسرەتەوە دەمرن.. گوڵەکان دەمرن و ناچنە ناو دەستێکی نەرم و ئارام، گوڵەکان ناکەونە سەر لێوی ناسکی بەبزە و شادمان!
_شوێنەکە: تەپۆلکە خۆڵێکی بەرامبەر باخچە بچووکەکانە.
کاتەکە: هەمان کاتە.
لەناکاو بارانە بەهارییەکە دادەکات و دەبارێت!
نازانم.. چۆن وا بەپەلە هەورەکان هاتن و چۆن بلەز گەیشتن.. کۆدەبنەوە، لەگەڵ هەورەتریشقە و بروسک بارانێکی بەتاو دەبارێت، بەلێزمە دەبارێت.. بارانەکە بەسەر گوڵ و لقە تەڕەکانیش دادەبارێت.. هۆڤیانە هەموویان لەناو قووڕ وەردەدات!
دیسان و لەناکاو هەموو شتەکان دەوەستن.. هەتاوەکە لە شەڕێکی دوڕاو ئاوادەبێت، گوڵە بەحەسرەتەکانیش دەبنە قوربانی و دەفەوتێن. ئێمەش دەمینێینەوە.. لەناو باخچەیەکی داوەشاو و خاپووری ئاڵۆزکاو دەمینێنەوە...
ئێمە گوڵەکانمان رواند، هەموومان، پاسەوانی گوڵەکانمان دەکرد...

هەموومان بەیەکەوە گوڵەکانمان ئاودەدا.

هەمووشمان قبووڵمان نەبوو، کەسمان بۆ خۆمان حەقمان نەبوو گوڵێک لێبکەینەوە.

کەسمان نەمانقرتاندن و گوڵەکانمان دۆڕاند.

گوڵەکان لەناوچوون بەبێ ئەوەی کەسمان یەک گوڵاڵەش لەو باخچانە بقرتێنێت.

_شوێنەکە: هەموو شوێنەکان.. لە کوردستان.. لەناوەڕاست و باشووریش...

کاتەکە: نەورۆزی داهاتووە...

بە هەورەتریشقە و بروسکە هێرشبەرەکەی، باران دەبارێت!

بروسکە بەترس و بلەزە سامناکەکە لێدەدات!

من بەڕووت دەوەستمەوە...

بە هەموو هۆش و بوون و سۆزەکانمەوە...

من رووبەڕووت دەبمەوە.. قبووڵم نییە ئەو جارە گوڵەکانم بفەوتێنیت!

من بۆ گوڵەکان دەچەمێمەوە.. سینگم بۆ گوڵەکان دەکەمە قەڵغان.. گوڵەکان دەپارێزم...

توند ملت دەگرم و لەناو قووڵایی رووبارەکە دەتپوکێنمەوە...

ئەی بروسکە بلەزە لەناکاوەکان!

من، ئیمڕۆ، لێرە.. رووبەڕووت دەبومەوە و تەحەدات دەکەم...

قاچەکانم لەناو قووڕە بەلیتاوەکە دەچەقێنم.. دەچەقم و رووم لە گوڵەکان دەکەم و پاسەوانیان دەبم.. و پشتم دەکەمە قەڵغانی بەرپەرچدانەوەی تەوژمی بروسکەکانیش!

من رووبەڕووت دەبمەوە.. بە رووت دەوەستم.. بەڕووتدەوەستم! من و هەموو دڵدارەکانی گوڵاڵەکان.. من و هەموو ئەوانەی گوڵەکانیان چاندووە!

**هەمووومان بەیەکەوە لەناو باخچەکە یاری دەکەین.. گوڵە شاناز و سەربەرز و تەڕەکان لەئامێز دەگرین.. هەمووومان ئازادین.. ئازادی، گوڵەکانی ئازاد و سەربەستانە هێشتەوە!**

...

# گۆڕان و گونجانی بەردەوام

## رۆژی دووشەممە ١ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

کە رۆژمێرەکان بۆ رۆژەکان ئاودیو دەبن و هەڵدەوەرێن، من ئازارێکی زۆرم بەردەکەوێت.. بۆ مانگ و ساڵەکان هەڵدەوەرێن.. بۆ سەدەکانیش!
من هیچ رۆژمێرێکم نییە!
من بەردەوام دەگۆڕێم و دەخولێمەوە.
لەگەڵ هزردا ئاوێتە دەبم.. لەگەڵ خۆڵیش ئاوێتە دەبم،
لەگەڵ پێغەمبەریش تێکەڵ دەبم.. پەتەکەش ئاوێزانم دەکات و تێکەڵی دەبم،
کەواتە من بەردەوام دەگۆڕێم و دەخولێمەوە،
خوێنێکی گەرمی رژاو، پێچدەکاتەوە، بزەیەکە، هاوار و هەنگاو و شەقاوێکە، سۆزی ناو موچڕکێکە...
ئاوە.. بەسەرهاتە، هاوڕێیەتییە.
من بەردەوام نوێ دەبمەوە و دەمینێم...
باوەشێکە رۆژمێر هەڵمدەزرێنێت.
ئەی ئەوانەی دڵتان بە ژیان خۆشە و سەرفرازن.. سڵاوتان لێ بێت...
ئاوازدانەرەکان، موزیکژەنەکان، سەرخۆشەکان، مەیگێڕەکان...
جووتیارەکان، خەیام و ئەبو نەواس و مەولەوی...
گیراوی ناو زیندانەکان، بێکارەکانیش...
سڵاو ئاراستەی بەڵێنە جوانە درۆزنەکانیش دەکەم،
سڵاو بۆ دەست و پەنجەی ئەو دایکەی لە سەرانسەری ئەو سەرزەمینە، لەو ساتە بەژانە بەلڤینە،منداڵێکی لێ بەردەبێتەوە...

...

# ئەو نامانەی نەگەیشتوون

## رۆژی پێنجشەممەی ٤ی مانگی یەنایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

براکانم، ئەزیزەکانم!
ئازارم بدەن.
خوێن لە رووومەتم بهێنن
خوێن لە چاوەکانم بهێنن
خوێن لە مەچەکم بهێنن...
بمکوژن...
بمکوژن، ئەگەر ژیانێکی بەهێزم پێ نابەخشن
ئەگەر دوو چاوی ئازام، پێ نابەخشن
دوو قاچی پۆلاینم، پێ نابەخشن
ئەگەر ئارەزوو و ویستی پتەوم، بۆ ساز ناکەن
ئەگەر ژیانم تژی ناکەن لە هیواکان
ئەگەر وەک مرۆڤ پڕم ناکەن لە ویست و دەسەڵات،
ئەڤینێکی مەزنم بۆ بسازێنن..
ئەڤێنێکی ئاگرین و بمسوتێنێت...
ئینجا خۆشەویستەکانم کڕنۆشتان بۆ دەبەم
بوونیش پیرۆز دەکەم.

...

# نامەکانی هێشتا نەگەیشتوون

## ڕۆژی شەممەی ٦ی مانگی یانیری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

چاوەکانتان بڕیوەتە ئەو عامووودانەی، شەقامەکان ڕەوشن دەکەنەوە،
پەنجەکانتان ئەو هەنگاوانە هەڵدەگرن، کە بەرەو فەزا هەڵدەکشێن،
پشتی ئێوە، بووە بە پردی پەڕینەوە
سینگتان، دیوار و پەرژین و شوورەن،
ژنەکانتان پردەکان بەرهەم دەهێنن، ستوون و گەنمیش،
دەموچاوتان دارستانە
نیوچەوانتان بەندەرن...
جەستەکانت پەخشان دەبن، دووبارە کۆدەبنەوە..
کۆدەبنەوە، دەبنە شار و گەڕەکی ئارام و ئاگردان..
ئێوەی ئەی مەعشەری خەڵک،
ئەی ئەوانەی لەسەر گوفەکەکان دەخەون...
کۆڵانەکانتان قیرتاو نییە...
پردەکانتان تەپیون...
شوورەکانتان ڕووخاون..
درەختی باخەکانتان بڕاونەتەوە...
بەیانییان دەردەچن.. شەقام و کۆڵانەکان دەماڵن
قونکە جگەرەکان دەماڵن...
لەناو ماڵەکانتان ئەسپێ و مێش دەتروکێنن
زبڵ و پیسایی، ماڵەکانی ئێوەی داپۆشیوە.

...

# نامەکانی هێشتا نەگەیشتوون

## رۆژی دووشەممە ٨ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

دوێنێ، پیاوێکم بینی نەیدەتوانی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە،
ژنێکی نابینام بینی.. دەرۆزەی دەکرد،
منداڵێکی بێ سەرپەرشتیاری بێکەس،
کەسێکی قەڵەوی تەمبەڵ،
چەند گەنجێک، لە کافتریایەک دانیشتبوون...
خۆشەویستەکانم تکایە
ژیانێکی بەهێز.. بەهێز.. بەهێزم پێ ببەخشن...
ژیانێکی گەش و گەرم وەک ئاگر، لەناخمدا بگەڕێت،
بەرگە ئەستوورەکانی توێکڵی زەوی، بسوتێنێت،
من ژیانێکم دەوێ تژی و تێر.. بەهێز...
ژیانێک بێت من لە رێپێوانەکانم ببیبنم...
لەودەمانەی گەمە دەکەم...
دەیبینم، لەودەمانەی سەیری خاکوخۆڵ دەکەم...
لە هەوا.. لەناو قوڕ و لیتە.. لە ئاو.. لەناو ئاگریش...
ژیانێکی بەهێز.. بەهێز.. توندوتۆڵ...
بەهێز وەک چیاکان...
وەک دەریاکان...
وەک باهۆزەکان...
وەک خوێنێکی بێگەردی خاوێنی رۆیشتوو...
...

# نامەکانی هێشتا نەگەیشتوون

## ڕۆژی سێشەممەی ٩ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

که برسی دەبووم، گۆشتی خۆم خواردووه
که تینوو دەبووم، دڵی خۆم مژیوه
من و پەیڤێک.
من دەخەوم بۆخەونبینین بە هێزێک،
ئەوەی تەنیا، خاکێکی بەپیت و شیرین بەرهەم بهێنێت!
من ئەوم بەقوودکراوی بینی!
براکانم لە خاکی داگیرکراو
براکانم بەڵێ!
ئەو لێرە بوو...
که گەڕایەوە قوودکرابوو...
لەوێ پەستراوی ناو قوودێک دەژیت...
دەژیت و پێچراوی ناونهێنی و شوورەکانە...
ئەو لغاوکراوە...
بە سۆز و بیرەوەرییەکان، بۆ خاکەکەی لغاوکراوە
براکانم لە فەلەستین...
بەڵێ!
ڕۆژانێک مەحمود دەروێش لێرە بوو
لێرە بوو و ڕۆیشت!
...

# نامەکانی هێشتا نەگەیشتوون

## ڕۆژی چوارشەممەی ١٠ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

شوورەیی بەڵێنە، درۆزنەکان تەنگاوم دەکەن...
منیش لەگەڵتابووم. لەوێ ڕۆژانێک لەگەڵتابووم..
هەمووومان بەیەکەوە پەیمانێکی بچووکمان بەستبوو:
_پەیمانانمان دابوو، یەکتر لەبیر نەکەین
شوورەیی، بەڵێنی درۆزنەکانی شارە خوێنرێژەکە
لەبیری بردمەوە..
شوورەیی بەڵێنە درۆزنەکان،
مۆری شەرمەزارییم پێوەدەنێت
ئەزیزەکەم...
هەموو سەرەمانگێک خەون بەوەدەبینم
بەدەستی خۆم کفنت بکەم،
بە دەستی خۆم گۆڕت بۆ هەڵکەنم،
بەخۆم نوێژت لەسەربکەم،
کە لەناو گۆڕەکەت هەڵسایتەوە، گلەییم لێدەکەیت:
_بۆچی تۆ منت ڕزگار نەکرد؟ بەیەکەوە نەبووین؟! بەیەکەوە نەبووین.
بەڵێ. بەیەکەوەبووین.
ئەزیزەکەم.. هەتا ئێستاش.. واشدەمینێینەوە
منیش وەک تۆ گیرابووم،
بۆیە من نەمتوانی کۆتەکانت بکەمەوە.
داوای لێبووردن دەکەم!
...

# یادێک بۆ خاکەکە

## ڕۆژی پێنجشەممەی ١١ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

کەستان بینیوتانە خاکوخۆڵ بگرێت، خاک بگرێت؟

ژنێکی گوندەکەمان.. ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی بەرەو کەرکوک باردەکەن، لەدەست بێکاری باردەکەن.

ژنەکە دەگرێت. ژنە هاوسێیەکانی توند لەئامێز دەگرێت. ماڵئاواییان لێ دەکات، بەدرێژایی شەوەکەش بەدزییەوە دەگرێت...

تەندوورەکەیان دەگرێت، کۆڵیتی مریشکەکان، کوپەی ئاوەکەیان، سەگ و ئاسمانیش گریا...

لە شاریش لەناو کۆڵانە تەنگەبەرەکەیان، هەر دەنوزایەوە و دەگریا... بۆ خاکەکە، جۆگەلەی ئاوەکە، گردۆڵکەکە، قەبرە بچووکەکە، گۆڕستانەکە، دەگریا و سۆزی بۆ زەماوەندی گوندەکە، مریشک بەخێوکردن و شیری مانگاکە، دەگریا.. سۆزی بۆ چوونە ناو ئاو هەڵدەستا و دەگریا.

ئایا سۆز و سوتانەوەی دژیش هەیە؟ نازانم!

ژنەکە دەگریا.. ڕۆژێکیان سەردانی ژنەکەم کرد و بەسۆز و سووتانی بەشەوقەوە باسی گوندەکەی بۆم کرد...

سۆز و سووتانت بۆ ئەو خاکەش هەیە کە لەسەری وەستاویت!

ئەوانەی لەهەوارەکانیان دوورنەکەوتونەتەوە، ئەوانەی ڕۆژێکیش خاکەکەی خۆیان خۆشنەویستووە، ئەوانەی هەرگیز عاشقی ئاسمانە بەرینەکە نەبوون، ئەوانە هاوارە بەسۆزە گەورەکە نابیستن، کە لە ناخی خاکەوە دەقیژێنێت، داوا دەکات ڕۆڵەکانی بۆی بگەڕێنەوە، گەڕانەوە... ..

# مووروووە شینەکە

## رۆژی یەکشەممەی ١٤ی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

لە گوندەکەمان، ژنێکی هاوسێمان دڵی بە مانگا شیردەرەکەیەوە بوو، لەترسی چاووزاران، مووروویێکی شین لە ملی مانگاکەی دەبەستێت:

_چاوی حەسوودان چیلکەداری تێدایە:

لەناو ئوتومبێلێکی گەورەی کرێ، ژنە هاوسێیەکەم بەبیرهاتەوە...

ئایا من سواری ئوتومبێلەکە بووم یان مانگاکە؟!

لە پێشەوەی ئوتومبێلەکە پسولەیەک لە جامەکە درابوو، ئەوەی لەسەر نووسرابوو:

_ئەی بەدکار و زاڵمەکە رۆژی تۆش دێ!

ئەو دەستەواژەیە، ئەو رستەیە لەسەر چەند پارچە کاغەزی رەنگین نووسرابوو، لەسەر کاغەزی شین، چەند پارچە کاغەزی سوور و زەرد و کەسکیش...

لەسەر چەند پارچە کاغەزی تریش، پەند و ئایەت و قسەی نەستەقی زۆری تریش نووسرابوو.. قەناعەت گەنجینەیەکە نافەوتێت...

چاوی حەسوودەکان چیلکەداری تێدایە!

_ئەی زاڵمەکە رۆژی تۆش دێت!

شوفێرە بەدبەختەکە، کام زۆردار ئازاری داوە؟ کەسوکاری زوڵمیان لێیکردووە؟

یان خۆشەویستەکەی؟ یان هاورێیەکی خۆی؟ یان بە دەردی زەمانە ناڵاندویەتی؟

یان ئیفلاسی؟ یان رۆژێک لەرۆژان تیرۆری سیاسی ستەمی لێکردووە؟

**نازانین! بەڵام دەزانین، شوفێرەکە ژانی هەیە و گلەیی و هەڕەشەش دەکات و هوشیاریش دەدات!**

**ئەی کەسە زۆردارەکە، رۆژی تۆش هەردێ!**

**چیلکەدار لەناو چاوی کەسانی حەسوود دەچەقێت...! منیش لەسەر قسەو پەیڤی باش و چاکە موورووێکی شین هەڵدەواسم!**

...

# دوو نیشانەی سەر ڕێگاکە

## ڕۆژی شەممەی ٢٠ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

ئۆتومومبێلەکانی ناو شەقامەکە هەر دەهاتن و نەدەوەستان، من ویستم لە شەقامەکە بپەڕمەوە بواریان نەدام، ئۆتومبێلەکان بەخێرایی دەڕۆیشتن، یەکێکی تریش هاتە تەنیشتم و بووینە سێ کەس، چوار، دە، بیست کەسیش، ژن و پیاو، بەیەکەوە لێشاومان برد و گوێمان نەدایە فیتەی پۆلیسەکەی ترافیک، ئۆتومبێلە خێراکانمان ناچار کرد بوەستن، ئێمەش شەقامەکەمان بڕی و پەڕینەوە.
پەڕینەوە و کەسمان کەسی نەدەناسی. یەکبوونەکە، بواری بۆ خۆشکردین بڕۆین و بپەڕینەوە و دەربازمان بێت.
...

### ٢

لەناو پاسێکی گشتی بووم، شوێنی ڤاڵام دەستنکەوت، هەموو کورسییەکانی ناو پاسەکە گیرابوون، منداڵێکی بچووکیش لەنێوان کورسییەکان بەپێیان وەستابوو.
پاسەکە بۆ تێکردنی بەنزین راوەستا، دەنگی مەکینەکەی نەما.
شوفێرەکە گوتی:
_پاڵێکم پێوە بنێن، تا مەکینەکەی ئیش دەکاتەوە، دەی یەک پاڵ!
هەندێکمان کردمانە منگەمنگ، هەندێکیش بۆ پاڵدانەکە دوودڵ بوون، تەنگاویی و قەرەباڵغییەکە دەبێتە گاڵتە و بەزمورەزم. دەبوایە

ئوتومبێلەکە پاڵبدەین، پاش ماندووبوونی زۆری رۆژە درێژە بەئەرکەکە، بەپەلە بگەڕێینەوەماڵەوە.

نەفەرێک دابەزی، بوونە دوو کەس، سێ، دە کەس، هەمووەمان بەیەکەوە پاسەکەمان پاڵداو مەکینەکەی کەوتەوە کارکردن. هەندێک لە خەڵکەکە لە شوێنی خۆیان نەجوڵانەوەو دەستێکیان بە ئوتومبێلەکە وەنەنا، هەندێکیان لەشەرمانا دابەزین، هەندێک بەراستی پاڵیان دەدا و خۆیان ماندوو دەکرد، بۆیەش بە کۆششی دوا گروپەکە، ئەوانەی بەدڵسۆز و بەبایەخەوە پاڵیان دەدا، ئوتومبێلەکە ئیشیکردووە و رۆیشت!

...

# حەلاج نوێژ دەکات

## ڕۆژی یەکشەممەی ٢١ی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

حەلاج لە ڕۆژی جەژن نوێژ دەکات
حەلاج بۆ جەژن نوێژ دەکات
حەلاج بۆ خۆشەویستی نوێژ دەکات
ئەی خودایە گەرمایی خۆرم پێ ببەخشە
هەتاوەکەی بەفر دەتوێنێتەوە
خودایە سەرمای بەفرم پێ ببەخشە
ساردییەکەی لە گەندەڵی دەمپارێزێت!
خودایە وەک پیاوەکانی جاران، پەرۆشم بکە، بە ئەفسانە قووڵەکان و گەشتکردن و خۆشەویستی و هەڵگەڕان بەسەر بەرزایی و کەڤرەکان
ئەی خودایە! ئەڤینی نادیار و ئامادەبووان بم.
ڕۆیشتووی کۆچکردوو
شاراوەی دیار
نووستووی بەئاگا
بێگەردی بەفرم پێببەخشە
ئەو بەفرەی لووتکە بەرزەکانی داپۆشیوە
خودایە خێرایی باهۆزە ئازادەکانم پێ ببەخشە

بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا .. بەرەو باکوور و باشوور...

خودایە تەوژمی ئاوم پێببەخشە

ئەو ئاوەی بەردەوام بەهاژە دەڕوات

بەرامالّینەوە بەرەو دەریا دەڕوات

پیسایی وشکاییەکان رادەماڵێت...

خودایە ئەوەی لێتوەرگرتومەتەوە بمدەرەوە!

من لە تۆم.. خودایە تۆش منی!

...

# ئاو و جەژن و باخچەکە

## ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

جەژنان سەیرانگەکەی ئەلزەورا لە بەغدا زۆر جوانە...
منداڵەکانی ناو سەیرانگەکە، زۆر جوان خۆیان دەڕازێنەوە...
لە جەژندا هەموو شتەکان جوانن...
وەک چۆن ئاو لەسەر خاکێکی تینوو دەڕوات، دایکوباوکی منداڵان بە یاریکردن دەیانخافڵێنن، گەمە دەکەن...
بالۆنی ڕەنگین لە ئاسمان بڵاودەکەنەوە.. بە چەندان زمان دەپەیڤن.. غاردەدەن و هەڵدەپەڕن.
منداڵانی بن بەفر و بەستەڵەکەکان.. داوای لێبووردن دەکەم!
منداڵانی ئێرەش گەمە دەکەن...
باخچە و سەیرانگەکە ئارامە، خەڵکەکە چەند سەعاتێک پشوو دەدەن.
بۆ دەربازبوون لە گێژاوەی کار و چالاکی ڕۆژەکەیان، خەمی کرێی خانووەکانیان، دەیانەوێ چەند سەعاتێک پشوێک بدەن..
ئەگەر ئێمە بواریان بدەین و دەست لە کاروبارەکانیان وەرنەدەین، خەڵکەکە ئارام و ئاسوودە بەیەکەوە دەژین و ڕۆژەکان بەڕێدەکەن؟
بەڵێ! بەو جۆرە دەژین.. دەژین، چ بەرەو شەڕەشەق و دووبەرەکی و ململانێیەکانیان دەبات؟!
وەک چۆن ئاو بەسەر خاکێکی تینوو گوزەر دەکات، منداڵەکانیش بەو شێوەیە بەجوانی گەمەی ئاسایی خۆیان دەکەن...
ئاو دەتوانێت ئاوە چڵکنە وەستاوەکە ڕاماڵێت.. ئاوەکە بەهاژەوە دێت

و چڵکاوەکان دەشواتەوە...

منداڵەکان لە چڵکنی و سستییەکان پاکمان دەکەنەوە.. منداڵیش ئاوی بەهاژە و خاوێنەکەن.

دایکە دووگیانەکان: کڕنۆشتان بۆ دەبەم و ڕێزتان دەگرم!

...

# دەنگ و رەنگ

## رۆژی سێشەممە ٢٣ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

پەندێکی کوردی دەڵێت: (دەنگی هەیە، رەنگی نییە)، ئەوەش لەسەر ئەو رێبوارانە دەگوترێ، ناوی هەبێت و باسی بکرێت و دیار نەبێت، گۆرانی دەڵێت و نایبنن، لەناو دارستانا لە کازیوەی تەماویی، یان لەناو دارستانا دەڕوات و دیار نییە... واتە دەنگی هەیە و رەنگی نییە.
نامەیەکم لە موسڵەوە بەناوی کەسێکی سەرسام بە دەنگت، بەدەست گەیشتووە، لەنامەکەدا نووسرابوو:
پاش سڵاو و رێز، ئارەزوومە بە دەنگی خۆت، لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی ئەلتەئاخی وەڵامم بدەیتەوە، بۆچی ئێمە بۆچوونەکانت دەبینین و دەخوێنینەوە، لەسەر لاپەڕەی هەشتەمی رۆژنامەکە وێنەیەکت نابینین، داواکارین لەو سەرە ساڵەدا، وێنەیەکت لە رۆژنامەکە دەربکەوێت و سوپاس.
سوپاس بۆ هاوڕێیە نەناسەکە. هەندێک وادەزانن من کەسێکی پیری ریش درێژی بەتەمەنم، ریشێکی سپییم بەرداوەتەوە، لەناو ئەشکەوتێک خەریکی زوهد و خوداپەرستیم، کەسێکم وازم لەو دونیایە هێناوە و رۆژانەش ئەزموونەکانم دەنووسمەوە _ رێنمایی و ئامۆژگارییەکانم بەسەر خەڵکەکە بڵاودەکەمەوە_ ئەوە مەزندەی خەڵکەکەیە.
من وادەزانم ئەو وێنەی بەرچاو و دیاری من نییە، رەنگە وێنەی ناوەوەی من بێت!
ئەگەر دیمەنەکە مەزندە بکەیت، من هاوڵاتییەکی زۆر ئاساییم، دەکرێ

**و زۆریش نزیکە، لە کۆڵانێکی شاری شنگال یان هەڵەبجە و سەماوە یان گەڕەکی نەبی یونس ببینرێم.. من تەنیا ئەوەم دەوێ، زۆر لە خەڵک نزیک بم، خەڵکەکە وەک خۆیان، لەوانە نزیک بم.**

**هاوڕێیەکەم ئەگەر ئاماژە بەوە دەدەیت، من لەو ساڵەدا ئارام بژیم، من بە سەرنووسەرەکەم وتووە: هیوادارم ئارام و ئاسوودە رێ بکەم... هاوڕێیە نەناسەکەم تکا دەکەم، ئەو وەڵامە بۆ جەنابت گونجاو بێت.**

...

# سوودی جەختکردنەوەکان

## ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

ئەو هەموو جەختكردن و فشارانە سوودی چییە؟
لەبەر ئەوەی هەندێ لە ڕامان و هیواكان جێبەجێبوونیان ئەستەمە، ئاسان نییە بێتە واری جێبەجێكردن، بۆیە هەندێ كەس هەیە، دەپرسن، بۆچی زۆر جەخت دەكەنەوە، زۆر پێداگریی دەكەن، ئەگەر بزانن سوودیان نییە؟
ئەوانە كورتبینی هزری و هەناسەی خەباتیان كورتە، ناتوانن لە مەیدانەكە بەدروستی و بەدیسپلینەوە بەردەوام بن.
بەڵێ. ڕاستە زۆر مەسەلەیە هەیە جێبەجێبوونیان دوورە لە پیادەكردن و ڕاپەڕاندن، لەوانە بابەتی ئابووری و كۆمەڵایەتی و هەتا ڕۆشنبیری و سیاسییەكانیش، هەندێكیان لەوانە بەندە بە هەموو مرۆڤایەتی، وەک مەسەلەی چەكداماڵین لەو جیهانە، یان مەسەلەی دابینكردنی خانووی تەندروستی نیشتەجێبوونی بەخۆرایی، بۆ هەموو هاوڵاتیان، بەڵام هەندێكیان لایەنی بەشێكی كۆمەڵگا، یان میللەتێكی سەر رووی ئەو زەمینە دەگرێتەوە، وەک قەڵاچۆكردنی نەخوێندەواری و لەناوبردنی بێكاری.
لەبەرئەوەی ئەو بابەتانەی ڕەگی بابەتییانەیان هەیە و چارەسەركردنیان پێویستییەكی مێژووییە، بۆیە جەختكردن لەسەر جێبەجێكردن و كۆششی بەردەوامی پێویستە، دەبێ لە هەموو بۆنەو دەرفەتێكدا بەبیربهێندرێتەوە، كاربكرێت جێبەجێ بكرێن. كە داواكان دروست و گونجاون، ئەگەر ئیمرۆش جێبەجێ نەكرێن، بەیانی دەكرێ جێبەجێ

بکرێن.

جەختکردن لەسەر هەر مەسەلەیەکی بابەتییانە، بەردەوام جەختکردن لەسەر مەشروعیەتی هەموو داوایەک، داواکردن لەسەر دروستی هەموو رەوت و هزرێکی رەسەن، یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەرەکی میدیا، بۆیەش حزبەکان لە هەموو بۆنەکان و بەردەوامیش دروشمەکانیان دەڵێنەوە و باسی دەکەن.

نووسەری باشیش دەنووسێت، ئەوەی بەراستی دەزانێت بڵاویدەکاتەوە، ئاماژەیان پێدەکات، بێ ئەوەی داوا بکات یەکسەر و بەپەلە جێبەجێ بکرێن. ئینجا بەرنامە و داواکە، ئیمڕۆ یان پاش سەد ساڵی تریش بێتە دی، گرینگ ئەوەیە راستییە دروستەکە بەردەوام سەردەکەوێت.

...

# دایکایەتی

## ڕۆژی شەممە ٢٧ی مانی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

لەسەر ئەو خاکە، نەمامێک دەڕوێت و دەبێتە دارێکی گەورە و داری لێ بەرهەم دەهێندرێت، دارەکە دەکەن بە دارشخاتە و بە قەڵەمیش. لەبن خاکەکە مسیش دەردەهێنن، مسەکە دەتوێنەوە و دووبارە لە قاڵبی دەدەنەوە. ئیتر پیتەکان هەبووە! هەروەها قاڵبیش هەبووە!

تۆ ئەی پیتەکان، رازی ناو هزرم ئاشکرا دەکەیت، گومان و هەست و وردە شەرمەکانم دەوروژێنیت.. قوڕگم دەگریت. من لەگەڵ تۆدا لە ژووانم: ئینجا یان من بەیداخەکەم لەسەرت هەڵدەدەم، یان لاشەکەم دەکەوێتە بن پێیەکانت! لەو دوو ڕەوشەدا من بە تۆوە دەگیرسێمەوە.. بە خاکەکە، بە خاکوخۆڵەکە!

پیتەکان دەبنە وشە، دەکەونە سەر پارچە کاغەزێک. پارچە کاغەزەکە دەدڕێنن، دەکەوێتە ناو قوڕ و لیتەی شلی لیچەوە، دەکەونە بن تایەی ئوتومبێلەکانی سەر ڕێگاوبانەکان.دووبارە مس و پیتەکان و کاغەزەکەش، دەبنەوە قوڕ و لیتەی جاران!

زەوییەکەی هەموو شتەکانی لە ئامێز گرتووە، گوتی:

ئەی شتە ئاڵۆزە ناکۆکە بێدەسەڵاتەکان! ئەوە وەک جاران گەڕایتەوە ناو باوەشم. لە تۆ ئاوڵەمەیەک، بۆ کۆرپەلەیەکی نوێ دروست دەکەمەوە.

دەبیتەوە بە چ؟! دەتەوێ ببیتەوە بە چ؟! سەرپشکم دەکەیت؟

کەواتە. ببە بە گوڵە نێرگزێکی کێوی، لەسەر بسکی کیژۆڵەیەکی کوردستانی بەفر لەسەربانەکەیان بماڵێت.

...

# ریپۆرتاژێکی رۆژنامەگەری لەگەڵ رۆژنامەنووسێک

## رۆژی یەکشەممە ٢٨ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

بڕوا مەکەن رۆژنامەنووس بەتەنیا، هەر بەخۆی بتوانێت ریپۆرتاژێک ساز بکات! بڕوا مەکەن خەڵکەکە _ خوێندەوارو نەخوێندەوار و کرێچی و خاوەن ماڵ و حاکم و حوکمدراوەکان_ نازانن هونەری لێکۆڵینەوەو بەسەرکردنەوەکان چۆنە! بەڵگەشم بۆ ئەوەیە چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، ئەوە بەسەر هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسم هاتبوو..! لە بەدبەختی خۆی هاوڕێیەکی خۆی بەسەر رۆژنامەیەک ساخ دەکاتەوە، دەیەوێ نانێکی پێ بخوات و لە وەرگرتنی پاداشتەکەی دوادەکەوێت! یەک رۆژ، بەسەر رۆژی کرێیەکەی رەتدەبێت، خاوەن ماڵەکە دەرگای لێدەگرێت و لە کرێیەکەی دەپرسێت.. رۆژنامەنووسەکە بەزیرەکی خۆی وەڵامی دەداتەوە، هۆکاری دواکەوتنەکەی بۆ ڕووندەکاتەوە.. خاوەن خانووەکە دەپرسێت و گومان لەوە دەکات کرێچییەکەی ئیش دەکات، ئیشی دیاری هەبێت!؟ ئیتر بەو جۆرە، هاوڕێیە رۆژنامەنووسەکە وەک کانی دەتەقێتەوە و قسە دەکات.. هەموو پرسیارەکانی یەک لەدوای یەک وەڵام دەداتەوە. پێیدەڵێت من کاردەکەم، تا خاوەن ماڵەکە ئیقناع بکات بەوردەکارییەوە وەڵامی دەداتەوە.. چۆن ئیش دەکات و چۆن دیمانە لەگەڵ خەڵک دەکات.. چۆن قسەکان شرۆڤە دەکات، لە قسەکان وردەبێتەوە وەک چۆن خاوەن خانووەکە دەپرسێت و دەیەوێ وردەکارییەکان بزانێت! خاوەن خانووەکە پێدەکەنێت، لەبەر قسە خۆشەکانی بواری بۆ دادەنێت هەفتەیەک لەسەر کرێیەکەی دەوەستێت!

...

# ژن شۆڕشە

## ڕۆژی شەممە ١ی ینایری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

ژن لە چینێکی بەشخوراوە
ژن پرۆلیتاریایە
نەتەوەیەکی چەوساوەیە
ژن نیشتمانێکی داگیرکراوە.
ژن وڵاتی بەرخودان و بەرگری و شیعرە
ژن سەرهەڵدانی خەونە شۆڕشگێرەکانە
هاوڕێ و هەڤاڵی کرێکارانە
ژن هەڤاڵبەندی میللەتە ستەمدیدەکان و
سەنگەرێکە لە خەبات...
بەڵام کەسە دووڕووەکان، گوتیان ژن کەنیزەیە
ژن بریتییە لە پارچە حەسیر و لێف و مەیگێڕێکە
ژن تەندووری نان و جلشۆر و پارچە قاپێکە
گوتیان ژن شۆڕشگێر نییە...
لەگەڵ چەخماخەی یاخیبوون، لەچک و حیجابەکە دەسووتێنێت و
هەلهەلە ناسکەکانیش دەتوێنەوە،
ئیتر ژن لەناو چڵپاو وشەرمەزاری دادەشۆرێت
ژن منداڵی دەبێت.. ژن منداڵی دەبێت...
سروود بۆ ئاشتی بڵێن،
دەی بۆ شادمانی بکرێنەوە.
چونکە ژن مرۆڤە و دووگیان دەبێت و منداڵی دەبێت
لە چاوەکانی ژنان، جیهانێکی بەختیار لەدایک دەبێت.

# پارچەی دووەم

## ترس و برسیەتی نەماوە

ترس و برسیەتی نەماوە
ڕۆژی یەکشەممەی ٤ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٣ی زاینی
سۆزم بۆ خاکوخۆڵ هەڵدەستێت
بۆی دەنوشتێمەوە، لە باوەشی دەگرم و لێم دووردەکەوێت،
بەیەکەوە دەڕۆین، ئەو ون دەبێت.
ئاوێتەی دەبم، وەک گیا سەردەردەهێنم.
منم خاک، خاکەکەم.
خاکێکی بەخشندە.. تێر و کراوە.
شیرم لەدەم بکەن، بمخۆنەوە، لەسەر سینگم ئازاد و ئازایانە بژین..
لەسەر نیوچەوانم نەمامەکانت بڕوێنن
ئاڵاکانت
ستوونەکانی کارەبا بچەقێنن،
چارۆگەکانی کەشتییە ئاسمانییەکان بەرەو زوهرە و مارس..
بمژن.. وشک ناکەم
بمخۆنەوە .. وشک ناکەم.
برسیەتی ڕوونادات.. ترس نامینێت
ترس، لە ترس دەتانترسێنێت
ترس سێبەرێکە لە سێبەرەکانی کۆیلەتی.

...

# دیاری ئازار و نەورۆز و سڵاوێک بۆ خانەقین

## ڕۆژی دووشەممە ٥ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

وشەی راستگۆ، پاداشتێکی گرانبەهایە، کاوە، شیاوی ئەو پاداشتەیە..
کاوەی خەباتگێر.
کاوە لێرە، هەموو خەباتگێرێکی کوردستانی خۆڕاگرە بۆ لڤینی بزاڤی میللەتەکەی، تا دەگاتە کۆتاییەکی پرشنگدار. هەتا ئێستا کاوە، تەنیا بە زۆرترین برین و ساتەکانی چاوەڕوانی، خەڵات کراوەتەوە.
بۆ ئەو کاوەیە، چەند وشەی سادەی زارەکی جوانی بۆ هاتووە، بەڵام کورت و راستگۆن، لەلایەن عەبدولستار قاسم کەلووڕی لە خانەقینەوە.
لە نامەی هەواڵپرسین و ریزگرتنەکەی بۆ من نووسیویەتی:
_بۆ ترپەکانی دڵێکی تژی لە ئیمان بە مافەکانی میللەتەکەی
بۆ دڵێکی خێرویست.
بۆ دڵێک چاکەی هەموو مرۆڤایەتی دەوێت.
بۆ رووناکی ناو تاریکە کوشندەکان.
بۆ زمانە راستگۆیەکان.
بۆ وتنی حەق
ئەوانەی بە دڵ و بە رۆح، بڕوایان بە میللەتەکەیان هەیە.
بۆ کەسە ئازادە خۆراگرەکان...
بۆ کوڕەکانی میدیا و کەیخسرۆ، من رۆح و دڵم فیدا دەکەم
پێشکەشی نەبەردی و خۆڕاگری بێکەس و پیرەمێرد و گۆران و ئازار و نەورۆزی دەکەم.

...

# ئازادی ڕادەربڕین

## ڕۆژی چوارشەممە ٧ی مارس ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

هەندێ جار، قسە لەسەر ئازادییەکانی ڕادەبڕین دەکەین، ئەو ئازادییە مانای چییە؟ لەراستی، نەک ئادەمیزاد، بەڵکو هەموو بونەوەرە زیندووەکان، گوزارشت لە بوونیان، بەڵام بە ئامرازی تایبەتی خۆیان دەکەن. گوزارشتکردن لە بوون، دیاردەیەکە بە ژیانەوە بەندە. هیچ هێزێکیش نییە بتوانێت بونەوەرەکان لە ڕادەبڕین قەدەغە بکات، ڕەنگە بکرێ ئازادی ڕادەبڕینەکەیان پێشێلبکرێت، بەڵام ناتوانێت ویستەکانیان بنێژن. ئەگەر مرۆڤ، وەک باڵاترین بونەوەری سەر زەوی وەربگرین. ئەو بە هەزارەها جۆر بە بزاڤ و لڤین و کردەوە، دەتوانێت بوونی خۆی لەسەرەتای بوونەوە تا مردنی ئەوە بکات. ڕادەبڕینیش بۆ نمونە وەک هەناسەدانە. ڕاوەستانی نییە تا ژیان مابێت. ئەگەر یەکێک نەزانی بنووسێت قسە دەکات.. یان سەری دەهەژێنێت و دەستی ڕادەوەشێنێت. یان برۆکانی وێکدێنێتەوە. ڕەنگە گوزارشتکردن، پێکەنین، یان وشە دەربڕین، ئاوازێک، یان گۆرانی وتن و شیعر نووسینی سەر دیوارەکان، یان بێدەنگی و سەما و پرخەیەکیش بێت .. هەتا دوایی!

منداڵ لە ڕۆژەکانی یەکەمی بوونیەوە، جوانترین دەربڕینی بە چالاکییە گوزارشتییەکانەوە دەکات. لەڕووی پراکتیکەوە، هیچ هێزێک نییە، بتوانێت مرۆڤ لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەزنە ڕابگرێت و قەدەغەی بکات. من وادەزانم قەناعەتی ناوەوەی هەموو کەسێک، بەسە بۆ خوڵقاندنی نەبەردی هزری و ڕۆشنبیری، مەرجی پێویستن لە مەرجەکانی داهێنان و سەرکەوتنی نووسەر و ئەدیبەکان لە بەرهەمەکانیان.

# شەیدابوون بۆ دۆزینەوەی تیریێژێك لە رووناکی

## رۆژی شەممە ١٠ی مانگی مارس ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

فاروق لەیلانی ئەو پەخشانە جوانەی بۆ رۆژنامەکەمان ناردووە، بەبۆنەی ئاهەنگەکانی جەژنی ئازار نووسینەکە بڵاودەکەینەوە...

تۆ ئەی ئەو کەسەی لە تیریێژێکی رووناکی دەگەڕێیت، تا لە چوارچێوەکەی بخولێیتەوە، تێدا دەسوڕێت و دەسوڕێت و رووداوی رۆژگارەکەش لە ملت دەئاڵێنیت. بەیانییەکەی کە لە خەو رادەبیت، دەبینیت ژیانت زەردی برسییە، ناوسکت بەتاڵە و دەتەوێ برشێیتەوە. نەبەردانە بەناو باروتدا رۆیشتیت، بێباک بوویت و لەناو کێڵگەی خەنجەردا، رێگای درێژی سەختی سەرکەوتنیش دەبڕیت. نەمری و کەرامەتت لەناو ئاپووڕەی شارەکەدا دیارە. من هەنگاوەکانت دەبینم، دەزانم زانیارییەکان دەچێنیت و ئازاریان لێ دەدوریتەوە، نەفسم پڕە لە رێنماییەکانت. ئەگەر سەیری چواردەورەت بکەیت! هەموو شتەکان دەخولێنەوە، نوێ دەبنەوە، پیرۆزبایی دەنێرن، ئاواز سازدەکەن، ستران دەبێژن و سەما دەکەن و تۆش. تۆ کێیت؟ تۆ وەک ئەوانی؟ تۆ وەک ئەوان نەخوڵقاویت؟ ئایا سووربوون و پێداگریی و خۆراگیری جمک نەبوون؟

خۆشەویستەکانت لە ئامێزبوو، کە بێ پشوودان لەبەر رووناکی مانگدا رێبوار بوویت. کێ دەزانی، رەنگە رۆژێک بە خوێنی جەستەوە بگەڕێیتەوە ماڵەوە. دزی سەر رێگاکان و گورگەکان ژمارەیان زۆرە. ئەوان باروتیان هەڵگرتووە، تۆش چەند پارچە کاغەزێکت پێیە، دێرە نووسراوەکانی دەرمان و هەتوان بۆ هەمووان، بۆ ئەو خاکەی تەنیا

خوێی سوێر بەگوێری پێویست بەرهەم دەهێنێت و بەس.
نیوەی تەمەنت بە مەلەوانی لەناو دەریاچەی هزرەکان تەرخانکرد.
ناکوژێیتەوە کە تۆ وادەزانیت بوویتە مۆمێک بۆ خەڵکەکە. ناشکێت کە بەرەو موستەحیل هەنگاو دەنێیت. تۆ رقت لە هیچ نییە، کە دڕک و گوڵت خۆشدەوێت.
کەی ژیان ئاوێزان دەکەیت؟ ئێمە چاوەڕوانی بەهار دەکەین.

...

# با مینەکان بێدەنگ بن

## ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

ئەی ئەوانەی ناوەستن و دێن و دەڕۆن و سەردەکەون و سەرەو لێژ دەبنەوە!

چەندان وێستگەی نوێ، ئاڵا کەسکەکانیان هەڵکرد، بە ترێنەکانی ئاشتی و نان و ئازادی و چرا جوانەکانیان ڕاگەیاندووە:

_ئەگەر هاتی!

ئاشتییانە وەرە...

ترێنەکانی ئاشتی و نان و ئازادی و ڕووناکییە جوانەکان بەو ڕێگاوە گوزەریانکرد و ڕۆیشتن...

ئاشتییانە ڕۆیشتن...

ڕۆیشتن...

با لوغمەکان بێدەنگ بن!

...

# قامچی

## ڕۆژی شەممە ١٧ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

ئەی ئەوانەی لە گوێی گادا خەوتوون،
ئەی ئەوانەی لە گوێی گادا خەوتوون، ترێنەکە دەفیکێنێت...
ترێنەکە جوڵایەوە...
ترێنەکە خێرا بوو...
بەیانی یان دوو بەیانی...
بووکی نەورۆز دەگات
ئەی ئەوانەی لە گوێی گادا خەوتوون
ڕۆژانە، وەک جاران ترێنەکە ڕۆیشت
فیکەی ترێنەکە چیا و دۆڵەکانی پڕکردووە
دەشتاییەکانیش...
ئەی نووستوەکان.

...

## بۆ ئەوانەی نەعلی پێیان لە پێستی ئامۆزاکانیان دروستکراوە!

### ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی مارس ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

هەزار و چەند ساڵێکە...
دار حەیزەرانەکان قامچیان بۆ ساز دەکات
دارتووەکانیش گەڵا دەکەن، گەورە دەبن و لقی تەڕیان بۆ ساز دەکەن
هەزار و چەند ساڵێکە
قامچییەکان نەوەستان و ماندوو نەبوون
تۆش ورەت نەرووخا و کڕنۆشت نەبرد...
ملکەچی کۆتیان نەبوویت
_ئەی حەلاجەکەی سەردەمی کاوە
سەردەمی ڕەشەکان و ئەنسارەکان...
لە هەزار و چەند ساڵێکەوە...
لقە دارە تەڕەکان بەکاردەهێنن.
تا سەردەمی تەکنەلۆژیا گەشە دەکات
ئینجا کەرەستەی بکوژی ترسناک پەیدا دەبێت...
چاپخانەکانیش دروست دەبن...
شیکی پاکبوونەوە و بەرائەت لە بەرائەتی
کۆبونی بەشداربوون لە یانە چڵکاوییەکان
ئەوانەی نەعلەکانیان، لە پێستی ئامۆزاکانیان دروستکراوە
لە پێستی منداڵ و هاوسێیەکانیان!
لە منداڵە خوشکە بێوەژنەکانیان

**لە دوو هەزار ساڵ و زۆرتریش**

**قامچییەکان ماندوو نەبوون.. قووڕە گیراوەکانیش وشک نەبوونەوە.. ئەی حەلاجەکەی سەردەمی کاوە، کۆتەکانیش ملکەچ نەبوون.. ئەی زنجییەکان.**

...

# پارچەی سێیەم

## پفکردنێك

### ڕۆژی دووشەممە ١٩ی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

خوناو
زەردەپەڕیش،
هەناسەیەک لە چاکییەکانی رووی زەوی
هەناسەیەک لە دڵۆڤانی دایک
منی رادەکێشا...
بەهەشت.. مرۆڤ...
میللەت.. نیشتمان
ئەی ئەوانەی هەزار ساڵ و زۆتریشە
رۆیشتوون و دیار نەماون...
ئەی ئەوانەی، دوو هەزار ساڵ و زۆرتریشە
کاروانەکان لێرەوە دەڕۆن

کاروانێکم نەبینی ماندوو بێت، نەمبینی وڵات ڤاڵا بێت.. بەردێک لە ترسی کەسەکانی دەڕۆیشتن و گوزەریان دەکرد بجولێتەوە، لەبەر دەنگەدەنگی هاواری خەڵکەکە، ئەوانەی تفیان بەسەر زەوییەکەی بۆیان راخراوە دادەکرد، هیچ کاروانێک ماندوو نەبوو.

...

# نەورۆز!

## ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی مارس ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

نەورۆز!
سڕبوونەکەم نەما...
هەڵسامەوە...
وەهمم نەما
نەورۆز! نەورۆز!

### ٢

نەورۆز!
زۆر لە مردووی ناو گۆڕەکان
وایاندەزانی ئەوان بمرن
چیتر کەون ناسووڕێت
نووستن.. کەونیش وەک خۆی هەر دەسووڕێت.
زۆریش لە زیندووەکان وادەزانن، ئەگەر ئەوان نەبن کەون ناسووڕێت،
لە ژیانیان کەوتنە زۆرداری و ستەمکردن.
تارمایی و دیوەزمەکانیان، لەسەر هەناسەی خەڵکەکە کردە میراتگر،
لەسەر هزر، لەسەر ڕۆحیش...
لەسەر خەونەکان...
نەورۆز!
ئەوانەش دەمرن و دەنێژرێن
بەڵام کەون هەر دەخولێتەوە
بەڵام نەورۆز هەر دەمینێت .. نەورۆز
...

# نەورۆز
## رۆژی چوارشەممە ٢١ی مارس ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

نەورۆز
نەورۆز پەیڤی راستگۆیی و بەهاری چاوەڕوانە
نەورۆز حەلاجی نمایندە و پێشمەرگەی شەهید و منداڵە جوانەکەیە
نەورۆز رەوە باڵندە کۆچکردووەکانی بەهارە
نەورۆز!

### ٢

ئەگەر جاروبار خاکیش بگرێیت
ئەگەر جاروبار کوردستانیش بگرێیت.. مانای ئەوەیە بە نەوەکەی میدیا
ئاوسە!
نەورۆز!

### ٣

نەورۆز!
دوو هەزار ساڵ و زۆرتریشە
تۆ دەسوتێیت، زۆرتر دەسووتێیت
تۆ مەحکومی بە سووتانی هەتاهەتایێ؟
تۆ مەحکومی بە سووتانی ئەزەلی؟!
ئەوانەی ئاگریان لە تۆ بەردا؟ نەورۆز ئەوانەی ئاگریان کردەوە
زۆربەیان بوونەتە ئێسکوپروسک.. لە تاریکی دەسوتێن
نەورۆز!

تۆ بۆ ئێمە دەمینێیتەوە.. بۆ چەوساوەکان.. بۆ خەباتگێڕەکان
نەورۆز!

٤

نەورۆز خەباتە.. نەورۆزە شۆڕشگێرە...
نەورۆز شانەیەکی ڕێکخراوی هوشیارە، ببوورە..
ئەگەر هەڵواسینی دروشمە جوانەکان، لەسەر داربەڕووەکان و لوتکە بەرزە چاوەڕوانەکان دواکەوت، ببوورە!

٥

نەورۆز!
نەورۆزی ئاشتی و کرنەڤاڵی گەنجەکان
نەورۆزی پرۆلیتاریا
نەورۆزی دروشمی ڕێپێوان و خۆپیشاندانی کرێکاران و جڤاتی جووتیارەکانە
نەورۆز!

٦

نەورۆزی تۆمار و لیست و ڕۆژمێرەکانە
نەورۆزی بیرەوەرییەکان، نەورۆزی شیعر و پەخشان و ئەفسانە نەمرەکانە
نەورۆز هەموو مانا جوانەکان و سەنگەرە خۆراگرەکانە
نەورۆز هەموو هیوا و سڵاوکردنی راستگۆکانە
نەورۆز هەموو خونچەی کراوەی گوڵزارەکانە
نەورۆز کیژە عاشقە دڵخۆشەکانە نەورۆز
نەورۆز و هەموو نەورۆز
گەرمایی بە ژیان دەبەخشێت!

نەورۆز! نەورۆز!

## ٧

نەورۆز !

ئەگەر گەرمی دروستكراوی خۆر بێت، گوێز لە میوەی دارگوێز بێت و بارانیش لە هەورەوە بێت، تۆ دروستكراوی شەریفەكانی كوردستانی

نەورۆز!

## ٨

نەورۆز!

ئەگەر كالاكان بە دەستی كرێكارەكان، هەنگوێنیش بەرهەمی هەنگ بێت

تۆش بەرهەمی كۆكاری دەستەی ملیۆنەها زەحمەتكێشی

ملیۆنەها كەسی بلیمەتی...

نەورۆز...

## ٩

هەر سێ رێنماییەكان:

بیری نوێ، وتەی نوێ، كرداری نوێ. (لە رێنماییەكانی زەردەشت)

ئەوانە بەبێ نانی خاوێنی دڵنیابوون، هەواری ئارام و ئاسوودە، جلی جوان بۆ رۆژی نەورۆز، قسەی بێ مانا و بێ سوودن!

نەورۆز! نەورۆز!

...

# سێ دیمەن

## ڕۆژی شەممە ٢٤ی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

منداڵێکی بۆیاخچییم بینی، پێڵاوەکانی بۆیەنەکرابوو، لێم پرسی:

_ تۆ کەی دەستت بە بۆیەکردنی پێڵاو کردووە؟

ئەو گوتی: یەک مانگە.

دەرچوو منداڵەکە قوتابییە، بەیانییان کاردەکات و نیوەڕۆیان کاردەکات. کە بەیانییان دەچێتەوە قوتابخانە، ئێوارەکان دەگەڕێتەوە سەر بۆیاخچیەتییەکەی.

### ٢

هونەرمەندێکی گەنج، بۆ ژیان و کاری هونەری لە یەکێک لە پارێزگاکان هاتبووە بەغدا گوتی:

لە خەوما بینیم بەغدا دوو شەقام و دوو ڕێگای پانوبەرینە. یەکێکیان پردێکی هەڵواسراوە و بە ئاوریشم و مافووریش داپۆشراوە. دووەمیان لە ژێرەوەیە و خەڵکەکەش بەسەری دادەڕۆن. لەگەڵ ژمارەیەک برادەر بەسەر پردە هەڵواسراوەکە کەوتم، خەڵکەکەش لەژێرەوە دەڕۆیشتن. لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟

ئەو خەونە بە چ لێکبدەمەوە؟! ئەو کوڕە هونەرمەندە گەنجە ئارەزوومەندە. بەهیوای دوارۆژێکی هونەری گەورەیە. شانازە بە بەهرە هونەرییەکەی. بەڵام وا هەست دەکات کۆسپی گەورەی لەبەردەمە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی هێشتا گەنجە و ئەگەر سەیری بەرزاییەکان بکات.

خەونەکەی دەرئەنجامی ململانێی هەڵچووی ناو هزرێک نییە؟ ئایا کە سەردەکەوێتە سەر پردە هەڵواسراوەکە، یان شەقامە هەڵواسراوەکە گوزارشت نییە، لە هیوایەکی کاتی بۆ شکۆ یان شکۆمەندی و هەڵکشان، یان بڵندبوون و سەرکەوتن بەرەو شکۆ!؟

## ٣

ئەدیبێکی گەنج لێی پرسیم:

هیچ رۆژێک لە رۆژان تۆ لە مردن ترساویت؟!

من وتم:

کێ هەیە جارێکیان لە ژیانی تەنیا جارێک نەترسابێت؟

ئەو گوتی:

من لەو رۆژانە بیری لێ دەکەمەوە.

دەترسم بمرم، شێلگیرانە دەپرسم:

بۆچی دەژین؟ بوون بۆ چییە؟ کەون بۆ چییە؟

وادەزانم وەڵامەکە تینوویەتی نەشکاندبێت، کە وتم هەر تۆ نیت رووبەرووی تەنگژەی ئەو رامانە دەبیتەوە. باشە ئەوەندە لەناو بیرکردنەوەی ناوەوەت، قووڵ بوویتەوە، تا رادەیەک بیرکردنەوە لە سوودی ژیان چییە؟

...

# دانوستانێکی لاڵ

## رۆژی چوارشەممە ٢٨ی مارس مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

کە خەواڵوو دەبم، ئاپوورەی شارەکە، دوورم دەبات.
دوور دەکەومەوە، کە رادەستی سڕبوونی قوورسی ناو ئاپووڕەی سەرئاوەکە دەبم.
کە ئاپووڕەکە هێور دەبێتەوە، سڕبوونەکەم دەڕوات و دەگەڕێمەوە سەر بەنداوەکە...
سەر کانیاوەکە...
لەبنەوەی خۆرەکە، هێڵەکانی رووناکی کۆدەکەمەوە.
نەمری بۆ تۆیە ئەی ژیان...
ئەو رۆژەی وەک سەدەفێک.. ماسییەک.. وەک دەرزیلەی رەگی نەمامێک دەستم پێکرد...
شانەیەک لە ملیۆنەها ساڵەوە
شانەیەک، پاش ملیۆنەها ساڵ
نەمری بۆ تۆیە ئەی وەجوود..
هوشیاری ناو ئامێزی وشەیەک
سروەیەک،
پەپوولەیەک،
بێگەردی شینی دەریایەک
رەوەکانی ریشۆڵە لە ئاسمانەوە

**مراوی ناو گۆمەکان**

**لەقلەقی ناو هێلانەکان**

**پەڕەسێلکەی سەر بێچووەکان...**

**ژنێک مەشکە دەژەنێت، منداڵە جووتیارێک شیر دەدات،**

**هەر چرپەیەکی وشە هەژاوە هەراسانە بێدەسەڵاتەکان، ناتوانن بدوێن که سروشت مەند و بێدەنگە.**

**ژیانە جوانە نوێیەکە ئاگام لە تۆیە، شکۆداری من بایەخی تۆ نییە.. پشتت ناگرێت، ناتورووژێنێت..**

**بەڵام، من وا خەریکم لە غروری خۆم تێر بکەم.. کە تێر نابم، بەڕووی تۆوە هاوار دەکەم و دەقیژێنم:**

**ـ سروشت کەساست دەکات، ئەگەر من لە شادی و گەمە و ئازادی قەدەغە بکەیت.**

...

# شارێك نە گوڵ دەفرۆشێت و نە دەیبەخشێت

## رۆژی پێنجشەممە ٢٩ی مارسی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

پەیڤدارێک گوتویەتی:
بە چ جوانتر دەبین، کە پێشوازی لە میوانەکانی لە شارە دوورەکانەوە سەردانمان دەکەن؟ بە چەپکێک لە گوڵ.
بە چ پێشوازی میوانەکانمان بکەین، ئەوانەی تازە و بۆ یەکەمجار پێ دەنێنە ناو ژیانێکی نوێ؟ بە هەموو شادییەکان. ئەگەر شادیش نەبوو، با بە گوڵ بێت! دوو کیژۆڵەی بچووک هاتنە لام. دوو میوانە جوانەکەی یەکەمجار بوو، خەون بە جیهانێکی جوان و گەش دەبینن، رووبەڕووی بوونی مرۆڤایەتی دەبنەوە. کە دەست دەکەین بە خواردن، ئەوان هیچ ناخۆن، کە دەخۆینەوە ئەوان ناخۆنەوە. باشە چی بدەمە ئەو دوو میوانە؟ بە چ بگەمە ناوەوەیان و شادمانیان بکەم؟
بە چەپکێک گوڵ. چوومە ناو بەغدا بەداخەوە ئاخ لەو بەغدایە! بەغدا گوڵفرۆشی تێدا نییە و گوڵی نییە پێشکەشت بکات. لەو شارە، گوڵ نافرۆشن چونکە هێشتا فێر نەبوون. ئەو کوڕانەی بە گوڵفرۆشتنەوە جوان دەبن، وا خەریکن پێڵاو بۆیە دەکەن! ئەوەش هیچیان پێ نابەخشێت...
شارەکە، نە گوڵ دەفرۆشی، نە گوڵیشی هەیە پێشکەشت بکات...
هەزارەها خێزان لەناو خانووی کرێ دەژین، سێ هەتا دە خێزان بەیەکەوە لەناو خانووێکی رووتدا دەژین، خانووەکە باخچەیەک، سەوزاییەکی تێدا نییە. دارێکی تێدا نییە!

ئەوانەش وەک منن، شارەکە هیچ گوڵێکمان پێشکەش ناکات. لەولاشەوە، خانووە گەورەکانی ناو شوورەکان، باخچەکانیان پڕە لە گوڵی جوان. ئەو خانووانە لەسەر خۆیان گرمۆڵەبوون و جوانییەکانی ناوەوەیان تەنیا بۆ خۆیانە و بەس و نایبەخشنە کەس. سەیرە! بەغدا سەیرە! من لەگەڵ ئەوەدا نیم، گوڵیش ببێتە کاڵا و بکڕێت و بفرۆشرێت. گوڵم دەوێ موڵکی ئازادی هەموو خەڵک بێت.. گوڵ بۆ هەموو میوانە نوێیەکان بێت. بەغدا ئەگەر گوڵت نییە و ناتوانی پێشکەشی بکەیت.. بۆ هەر هیچ نەبێ بیفرۆشە!

پرسیارکەرەکە بزەیەک دەکات و دەڵێت:

پاش گەڕانێکی زۆر دۆزیمەوە! لەژێر پەیکەری ئازادی سەلیم جەوادا، پەنیر فرۆشێکم بینی، لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو، سینییەکی لەپێش خۆی دانابوو، تێدا پەنیری هەولێری دەفرۆشت. کابرا وردە گوڵی، هەندێکیان سیس و هەندێکیان گەش و تەڕی بەسەر پەنیرەکەی دادابوو. لەسەر سەری فرۆشیارە نەناسراوەکە راوەستام و پرسیم:

من پەنیرکڕ نیم، بەڵام دەمەوێ گوڵەکانت لێ بکڕم و چەندت دەوێ؟ داوا بکە؟ ئەو گوتی:

تەنیا بیست فلوس! فلوسەکانم بۆ ژمارد و بەپەلە گوڵەکانی سەر پەنیرەکەم کۆکردەوە. توند و بەبزەوە دەستی گرتم و تی:

گاڵتە دەکەم. هیچم ناوێ فلوسێک وەرناگرم! میوانەکانم، ئەوانەی لە شارە دوورەکانەوە هاتبوون، هەردوو کیژۆڵە جوانەکە.. کەس لەو شارە نییە گوڵ ببەخشێت و بفرۆشێت تەنیا پەنیرفرۆشە گەڕۆکەکە نەبێت، ئەوەی گوڵی لە لقێکی نەناسراو قرتاندبوو، تەنیا ئەو نەبێت.

بەسەرهاتێکی راستەقینەیی بوو، کوڕێک بەبێ پارە چەپکە گوڵێکی دامێ. لە هەموو ئەو بەغدایە، کەس گوڵی بە من نەداوە تەنیا ئەو کوڕە نەبێت، ئەویش کوڕێکی خەڵکی هەولێر بوو.

# پارچەی چوارەم

## شادییەکی ڕەوا

## بەردەوام خەون دەبینم

### ڕۆژی یەکشەممە ١ی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

١

هەندێکیان دەیانگوت: خولیابوون و زۆری خەونبینین، ڕەنگدانەوەی خولیابوونی کەساسی و سستی و دامانە!

نازانم! ڕەنگە دەستەواژەکە دروست وا نەبێت!

با خەون ببینین! با ڕووبەری خەونەکانمان فراوانتر بێت...

٢

پەنجەرە داخراوەکانی بەهارم کردەوە، هەوایەکی بێگەرد، زۆر خاوێن هاتە ناو ژوورەکەمان!

## ٣

ئایا ژیان، ئەوەندە بەخشندەیە؟ ئەوەم نەدەزانی...
کۆمەڵە برادەرێکم بینی، چەند ساڵ بوو یەکترمان نەبینیبوو، من لە دووریانی جیاوازەوە لەوانە دابڕابووم. وامدەزانی ئەوانە لەناکاو بۆم زیندووبونەوە! یەکێکیان لە شارێکی کوردستانەوە هاتبوو، یەکێکیان لە شارێکی ئەوروپی.. سێیەمیان لە گۆشەیەکی لاچەپی بەغداوە هەڵقووڵابوو.. چوارەم.. پێنجەم...
ئای ژیان تۆ چەند بەخشندەیت! ئێمەش بە ویژدان و هزر و هەست و وزەکانمان، کەسانی چاوچۆنکین!
بەردەوام خەون بە پەیوەندییە مرۆییە گەرمە راستگۆیەکان دەبینم.. هێڵێکی باریک زۆر باریک، من بە برادەرەکانم دەبەستێتەوە. ئەویش راستگۆیە. من وەک خۆیان دەیانناسم. ئەوانیش من وەک خۆم دەناسن. یەکتری بەڕووتی دەناسین! بەجوانی و بەناشیرینەکانمانەوە، بەدەسکەوت و شکست و سەرشۆڕییەکانیش! کەسمان چاومان لە شتی یەکتری نییە. خۆشەویستی کۆماندەکاتەوە. خۆشەویستییەکی زۆر سەربەست، لە هەموو ئەگەر و رامانەکان.. ئەوەش ئەدیبێکی سەرلێشێواوی هاوڕێمان ناوی ناوە (بێگەردی).. برادەرایەتییەکی راستگۆیانە ویژدانی دەمانبەستێتەوە و ویژدانی و هزری...

## ٤

چۆن کەسێکی ماندووی تەنگاو، دەیەوێ بگاتە بەر سێبەری دارێک، چۆن تینووێک پەرۆشی گلاسە ئاوێکی ساردە.. ئیمڕۆ من بەو شێوەیە کامەرانم!
چۆن باسم دەکەن؟ شێت؟ سۆفی؟ غەریب؟!.. گرینگ نییە.
گرینگ ئەوەیە، من بتوانم بەدوای زانین شەیدا بم.. گەڕان بەدوای

دۆستایەتی.
گەڕان بەدوای گۆمێکی بەسێبەری سۆز و نازی ڕاستگۆ...
ئایا من لە دەرەوەی پێستی خۆمەوە قسە دەکەم؟ ڕەنگە وابێت..
ئەوەش گرنگ نییە...
بەڵێ جوانە، بتوانین هەندێجار لەدەرەوەی پێستمانەوە هەڵپەڕین، وەک پاساری بجریوێنین..
ئەوەندەش باشە کە ئیمڕۆ دەتوانم خەون ببینم.

...

# بەزم و شتەکانی تر

## رۆژی سێشەممە ٣ی پەیریلساڵی ١٩٧٣ی زاینی

بە ئەزموون و تاقیکردنەوە دەرکەوتووە، هەموو پەیڤێک کاردانەوەو شوێنەواری دەبێت، ئیمڕۆ، یان پاش تێپەڕبوونی کاتێکی زۆریش.. وشە وەک تۆو ناوک وایە.. نەک تۆیە لە تۆش بەهێزترە، چونکە زۆرتر دەمینێتەوە، زۆرتریش بەرگری رەوشە سەختەکانیش دەگرێت.

لەبیرمە جارێکیان برادەرێکم گوتی:

_بۆچی لەسەر پەیوەندی مەزاج بە خزمەتی گشتی، بابەتێک نانووسیت؟

منیش وتم: چۆن؟

ئەو گوتی: لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، کۆششی زۆر دەکەن، کارکەرانی بواری خزمەتگوزاری و پەیوەندییە گشتییەکان، هەموو فەمانبەرەکان بەگشتی دڵشادو کامەران بن، بە سینگی کراوەو بەزمی خۆشی و روو بەخەندە بژین، ماوەیەکی زۆر لەو رەوشە کامەرانییەدا بگوزەرێنن.

ئەو تێبینییە سەرپێییە، لەناو بیرەوەرییەکانم بەچەسپاوەیی دەمینێتەوە، لە گۆشەیەکی لاچەپی شاراوە.. مایەوە، هەتا دوێنێ، کاتی عەسرەکەی بایەخ و دروستی بیرۆکەکەم لێ زیندوو دەبێتەوە... زۆرجار پارەوەرگرەکانی ناو پاسە زۆر قەرەباڵغەکان، گران و قورس بە نەفەرەکان دەبینم و سەرنجیان دەدەمێ.. بەزەحمەتی لەناو سەرنشینەکان بەقسەی خۆش و لوتفی شیرین و دووان ئارام دەجولێنەوە.. رۆژێکیان نزیکەی سێ چارەکە سەعات، بینیم جابییەکە لەناو (١) پاسەکە هەر بەکامەرانی و شادمانییەوە، لەناو خەڵکەکە

ڕێگای بۆ هاتوچۆکەی دەدۆزیەوە، لەناو تەنگاوی و هەناسەتەنگییەوە دەدۆزییەوە و دەڕۆیشت!

گاڵتە و بەزم و سادەیی و ڕووی خۆش شتێکی دەگمەنە.. ناوازەیەو خەڵک پەرۆشن بۆ دەستکەوتنی.. بەڵام دەزانم بەیانی، ڕۆژانی ئایندە دەبێتە ڕۆژی خۆشی و سەرفرازی و ڕووگەشی، کە فاکتەرەکانی خەم و کەساسی و تەنگژەکانی ڕۆح دەڕەونەوە.

(١) من لەودەمانە بە پاسەکانی گواستنەوەی گشتی لەناو بەغدا هاتوچۆم دەکرد.

...

# شادییەکی رەوا

## رۆژی چوارشەممە ٤ی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

شادی رەوا، ئەو شادییە هەموو خەڵکەکە بگرێتەوە.
شادی لەگەڵ خەڵک، جەژنە.
جەژن و جوانترە لە جەژنی نەورۆز، کە خەڵکەکە دەزانن هەموویان بەیەکەوە دڵشادن.
نەورۆز لێرە ئەوە دەگەیێنێت، خەڵکەکە هەموو بەکۆمەڵ شادمانن...
نەورۆزی گشتی، هێشتا لەدایک نەبووە.
مرۆڤ لە خۆرسکەوە وایە، ئارەزوو دەکات شادییەکانی خۆی دەربخات و هەموو خەڵکەکە بەشداری پێ بکات...
عاشقەکان ستران بۆ دڵدارەکانیان دەڵێن. دەیانەوێ بە رێبوارەکان، بە نووستوەکان، بەداروبەرد.. بەئاسمان و بە ئەستێرەکانیش، ئەڤینەکەی خۆی رابگەیێنێت، ئەو ناخوازێت بەتەنیا شادمان بێت، لە ساتە سەرفرازەکانی حیساب بۆ سروشت دەکات، هەموو سروشت لە کامەرانییەکانی عیشقەکەی بەشداری بکەن.
شاعیرەکان، کە شیعر لەناو خەڵک دەخوێننەوە، دڵیان خۆش دەبێت.
نیگارکێش، شادمانن کە تابلۆکانیان، لەلایەن جڤاتەوە دەبینرێت.
سترانبێژەکان، دڵشاد دەبن، کە رووبەڕوو گۆرانی بۆ خەڵک دەڵێن.
ئەکتەرەکان، کامەرانن کە دەزانن، خەڵک وەستاوە و سەیریان دەکەن.
منداڵان، کامەرانن کە لەناو باخچەکان گەمە دەکەن.
بەڵام کۆمەڵگەی چینایەتی، خۆپەرستی، تاکویستی و قۆرخکاری،

**کۆشش دەکات، زۆرترین خەڵک لە گۆشەی بەرتەسکدا کۆببنەوە و لە خەڵوەتەکانیان ئاهەنگەکانیان بگێڕن. بەدزی، بۆ خۆیان و لەگەڵ خۆیان و بەس! چونکە ئەو کۆمەڵگەیە تام لەوە دەبینێت، ئارەزوو دەکات بەڕاستی خەڵک کامەران نەبێت!**

**کەی شادی پڕۆژە و بەرنامەکان دەگرێتەوە؟**

...

# برین

## رۆژی پێنجشەممە ٥ی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

تەندروستی و پزیشکی نوێ، ئەوە دەسەلمێنێت کە دەرئەنجامی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆر، خەڵکەکە تووشی برین دەکات.. لە گەدە و ریخۆڵەکان.. یان هەردووکیان.

هۆکارەکانی ئەو نیگەرانییە چییە؟

هەندێکیان پەیوەندی بە گوزەران، هەندێکیان بە نیشتەجێبوونەوە هەیە...

هەندێکیان ئەوەندە خەم لە پێشبڕکێی ئەسپسواری دەخۆن...

هەندێکیان بەخیلی و چاوچنۆکی و ئیرەییە...

هەندێکیان نەبوونی و بێکارییە.

هەندێکیان رق و کینە و ناحەزی و .. زۆر هۆکاری ترە.

بەدکاری و رق و کینەیە، گەدە تووشی برینی کوشندە دەکات.

رق لە ئاشتی..

رق لە دیموکراسی...

رق لەسەر وشەی باشی نەرم...

رق لەسەر ویستی خەڵکی رەوا لە ژیانێکی ئاسوودە..

رق لە ئەوو لە ئەوی تریش، بەبێ ئەوەی رەوشە بابەتییەکە رەچاو بکرێت، کە ئەوی هێناوەو ئەوی تری بردووە..

رق لە رەخنەی راست و رەوا، ئەو رقە، برین بۆ ئەوانەی رقیان لە هەناوە دروست دەکات.

**لێیان مەترسن، چونکە برینەکان بەشیان دەکات و لەناویان دەبات، چونکە سروشت ئەحکامی زۆرە، تۆ خۆت سەخڵەت مەکە.**

## ٢

**نەورۆز هەڵسایەوە...**

**پێشوازی لە کەژاوەکەی میدیا دەکات..**

**لەسەری سەفین، بەیداخەکەی دەشەکێتەوە**

**لەوێ کۆترە سپییەکان باڵەفرەی بۆ دەکەن و لەسەری دەسوڕێنەوە...**

...

# ژنێك و گوڵێك و ئاشتی

## ڕۆژی ٧ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

١

ژنێکی هاوڕێ، لە وڵاتی سوسەنی سپی فەنلەنداوە، بە سەرۆکایەتی وەفدێک دەگاتە عیراق.

گوڵی وەنەوشەیی و سوور، لە یاخەی ئەندامانی ئاشتی فەنلەندی درابوو.

٢

ژن باخی ئارامییە
مێرگی دایکایەتی
ئۆردوگای ئاشتی و دۆستایەتی...

گوڵیش، لەناو باخێک، باخەوانەکەی لەبەر ئارامی ئاشتی دڵنیا بێت، دەکرێتەوە، جوان و تەڕ و گەش دەبێت.. لەو کەشە ئارامە، باخەوانەکە بایەخی زۆرتر بە باخەکەی دەدات...

ئاشتی هیواو ژیانە، بەرهەمی هۆشی زانیارە بە ئایندەی مرۆڤ، ئاشتی ئەوەیە نەک هیوا و مەرامێکی سۆزدار.

هەموو کێشە و تەنگژەکانی دەرئەنجامی گەشەی تەکنەلۆژی و زۆربوونی سەرژمێری، کۆبونەوەی پاشماوەی زۆردارییەکانی قۆرخکردنی چینایەتی و نەتەوەیی کۆنی ئارامپروکێن، بەبێ دەستەجەمی هوشیارانەی ڕێکخراو، لە کەشێکی ئاشتی و ئارامی چارەسەر ناکرێن...

# ٣

ژنێک..

گوڵێک...

ئاشتی...

خاتوو میریام سەرۆکی وەفدی ئاشتی فەنلەندی و ئەندامی وەفدەکە.. بەسەردانێکی رەسمی هاتبونە بەغدا، سەریان لە بارەگای حزبەکانیش دابوو، لەوانە لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سێ گوڵیان هێنابوو.. هیوای دۆستایەتییان پێبوو، بۆ عیراق و فەنلەندا.. بۆ هەوادارانی ئاشتی ئەو دوو وڵاتە، نێوان کورد و فەنلەندییەکان (١)...

ژنێک...

گوڵێک...

ئاشتی...

سڵاو لە میللەتی فەنلەندی دۆست و هاوڕێ.. سڵاو بۆ هاوڕێ و برادەرەکانی میللەتی کورد لە فەنلەندا...

سڵاو بۆ هاوڕێیانی ئاشتی و ئازادی.. هەڵگرانی گوڵ و ئاڵا سپییەکە و نێرگز و هیوا.

منیش یەکێک بووم لە ئەندامانی پێشوازی وەفدەکە.. هەتا ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی بوارم بۆ ساز نەبوو سەردانی فەنلەندا بکەم، لە بارەگای پەرلەمانی فەنلەندی، ژنان بەرووی شیرین و گەشاوەیی وەک میریامی سەرۆکی وەفدەکەی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی بۆ بەغدا پێشوازیان کردم. ئەوانیش هەمان هیوا و خۆزگەیان بۆ ئاشتی و دۆستایەتی ئەو دوو میللەتە دەخواست.

...

# بیر لە ژیان ناکرێتەوە بەڵکو تێدا نقووم دەبیت

## رۆژی یەکشەممە ٨ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

هاوڕێیەکمان هەستی دەکرد پیر بووە.. دەکۆخی.. لە سەرکەوتنی سەر پایەی قاڵدرمەیەک دەست بە دیوارەوە دەگرێت و سەردەکەوێت.

ئەدیب و شاعیرێک خاوەن رەوتێکی تایبەتی ئاڵۆزی هەبوو.. پاش کاروانێکی هەوارە سەخت و ئاڵۆزەکان گێژ دەخوات.. هەندێ لە شۆستەکان سەوز و هەندێکیان قوڕاوی بوون.. بەرگەی بارە قورسەکە دەگرێت.. تەمەن بەشی خۆی بردبوو..

دەژی، دەژی تەنیا بۆ ئەوەی هیچ بەرهەمی تری نەبێت.

لە ئیشکردن سەخڵەت و بێ تاقەت بوو، رۆژێکیان بینیم زۆر بێزار بوو، لێم پرسی:

_ئیمڕۆ چۆن دەگوزەرێنیت و ژیانت چۆنە؟ یان چۆن لەگەڵ ژیان هەڵدەکەیت؟

بە دەستی، ئاماژەی نیوەبازنەیەکی وەهمی دروست دەکات، بێهودەیی نیشان دەدات دەڵێ:

_بیرمەندێکی فەرەنسی وتی:

ژیان بیرکردنەوەی ناوێت، بەڵکو لەناو ژیان نقووم بوویت.

ئێمە لەو ژیانە وەک ماسییەکی ناو ئاوین، بە نەمانی ئاوەکە دەمرین.

من پێکەنیم، برادەرەکەشم پێکەنی.. ئەو ژیاوە وەک چۆن بیرمەندە فەرەنسییەکە لە ژیان تێگەیشتووە، ئەوەندەی بەس بووە لە ژیان کەوتووتە ناو ژیان و بەس، ماوەیەک لەناو گێژاوی ژیانیش ون بووە.

ئینجا پەیڤی سۆفییەکی وتووتەوە:

_کۆڵم بەرنادات تا تێدا خەڵوەت بگرم، لێم وەرناگرێتەوە تا پشوو بدەم.

من ئەو نازەم ناوێ و تێدا هەڵناکەم.

پیاوە سۆفییەکە، باسی مەعشوقە رۆحییەکەی دەکرد و هاوڕێیە شێخەکەشم مەبەستی چ بوو، لەو پەیڤەش مەبەستی چ بوو؟ ژیان؟ پەیڤێک؟ یان.. نازانم؟

...

# هاوڕێ عیسا غێدان

## ڕۆژی دووشەممە ٩ی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

خۆشەویستەکانم دەزانم سەربازی نەناسراو ئەو هاوڵاتییە کەساس و شەیدایە، کە بەهێمنی، بەبێ ئەوەی ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ناونیشانی بزاندرێت قوربانی دەدات.

سەرفرازم ئیمڕۆ، سەربازێکی نەناسراوی بواری گۆڕەپانی پەروەردە و ڕۆژنامەگەریتان، پێ بناسێنم.

هەتا ماوەیەکی زۆر نزیکیش، هاوڕێم عیسا غێدان یەکێک بوو لە خێزانی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی (ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٣١ی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا دەردەچێت و بەردەوامە) سومبلی برایەتییمان، ئێستاش بە نەخۆشی و پیری لەماڵەوە کەوتووە، زۆری نەماوە جووڵەشی نەمینێت.

ئەو ئێستا، پاش ئەوەی گەنجی و ساڵە جوانەکانی تەمەنی لە بواری پەروەردە و فێرکردن، دوایی بە قەڵەمەکەی لەبواری میدیا تەرخان دەکات.. لە کونجی ماڵەکەی پەکی کەوتووە.

نووسینەکانی لە بواری پەروەردە هاوکار بوو، لە چاکی و لێبووردەیی و گەورەیی. شەرەفمەندم کە نامەیەکی ئەو لەو گۆشەیەدا دادەنێم، دەمەوێ وەک ڕێز و مافی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و شانازی بە قەڵەمەکەی شانازی بکەم، کە ئەو بەرامبەر نەخۆشی و پیربوون و ترسی ئیفلیجبوون، سەرکز و شل بووە.

...

کارە وردیلە هاوسەنگەکان، بەرهەمی مەزنی دەبێت.

دەرئەنجامی هەموو ئەو بەرهەمە وردانە کۆتاییەکی مەزنی دەبێت.
لێرەو لەوێ.
ئەگەر سەیری کارە وردەکان بەجیا و دوور لەیەک بکەین، سەرنجمان ڕاناکێشێت.
_ئەو پیاوە دەستی کورتە، ئینجا درهەم درهەم لە مەسرەفی منداڵەکانی دەگرێتەوە، بە پارەکە بەشداری بەرنامە گشتییەکان دەکات.
_ئەو برادەرانە بەیەکەوە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە کێشەیەکی گشتی، هاوکارن، گرێ و ئاڵۆزییەکانی بکەنەوە _یارمەتی منداڵێکی زیرەکی دەستکورت بدەن تا لە خوێندنەکەی بەردەوام بێت و بگاتە ئامانج_ دەستەیەک کۆدەبنەوە سەردانی برادەرێک بکەن لە زیندان، یان لە نەخۆشخانە.
_هاوکارن بۆ سوککردنی باری قورسی زۆرلێکراوێک.
_دەست بەدیارییەوە سەردانی خێزانێکی داماو و سەرلێشێواو دەکەن.
_ڕێنمایی یەکێک دەکەن بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و چاکی.
_دەستخۆشی لە یەکێک دەکەن، کە چاکە و خێری زۆر دەکات.
ئەگەر لە چەندان گۆشەوە سەیری چالاکی و هەنگاوەکان بکەین، کۆشش و کاری چاکە زۆرن، بەڵام پەخشان بوون. ئەگەر ئەو چالاکی و چاکویستیانە، بەیەکەوە ببەسترێنەوە، لە هەنگاوی یەک پیاو دەچێت کۆشش دەکات بۆ یەک مەبەست، ئەویش سازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و برایەتی بۆ ژیانی ئاشتیانە و ئارامی دوور لە زۆرداری و قۆرخکردن!
ئای کە کارێکی شکۆدارە!
ئای کە مەبەستێکی مەزنە!
عیسا غێدان
...

# حەلاجیات

## رۆژی چوارشەممە ١١ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

چەند بچووکن هیواکانم!
چەند پارچە پەڕۆی پێوە لوولدەدەین!
چەند زێدەڕۆیی دەکەین، بۆ دۆزینەوەی بواری بەپێچوپەنا بۆ گەیشتن بەو!
گڕێ لەسەر گڕێ، هەڵەکان لەسەرمان کۆدەبێتەوە.. دەمانخنکێنێت.. نغرۆی ناو ئاومان دەکات...
ئەی خودایە! سۆزەکانم دەمخۆنەوە.. گریانیش سوودی نییە...
شەوق، بۆ کۆچێکی بەسروە، خوێنم دەخواتەوە، سروەیەکی پرشنگدار، نەرم، نەبینراو..
کۆچ بەرەو دوێنێ.. کۆچکردن بەرەو بەیانی.. بۆ سەرچاوەکە... بۆ ناو لانکەکە..
هەموو شتەکان بوون بە لانەو بێشکە..
ژیانم نۆژەندەبێتەوە.. لە ئەشکەوتێکەوە هەڵدەقووڵێت.. ئەشکەوتێکی شاراوە لەناوەوە دەکرێتەوە سەر جیهانێکی شاراوە. بەناسکییەوە دەردەچێت. لەهەر خورپەی هەڵقووڵانێک، هەواڵێک دەردەکات، یادێک، وێنەیەک، دەنگێک، رەنگێک، ماکێک، ژانێک، پێکەنینێک...
ئەی خودایە! پف لەزوڕنای رۆحم بکە.. سۆزو رازێک بێت لە دەوری ئاگردانەکەم بهەژێتەوە..
ئەی خودایە! دەکرێ هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، هاوین و بەهار و

زستان و پایز لەیەک وەرز کۆبکرێتەوە؟ زەمەن وا لەناو گلێنەیەکی وەنەوشەیی ناسک کۆدەبێتەوە.. بەناو قووڵاییەکی زۆر قووڵ دەچێتە خوارەوە.. من خەواڵوو بەڕێوە دەڕۆم.. بوراومەتەوە و دەڕۆم، ناپەیڤم، ناڕەزایی دەرنابڕم، بەرگری ناکەم... نازانم شەوق بەرەو کێندەرێم دەبات؟

ئەی خودایە! هەست بە خۆشی و خەمیش ناکەم، نە کامەرانی و نە ئەشکەنجە، نە برسیەتی و نە تێربوون، نە تینوومە و نە تێرئاو، نازانم نە ماندووم و نە ئاسوودە، پێدەکەنم یان دەگریێم.. نازانم چیم دەوێ؟ چ سۆزێک من بەرەو کۆچ دەبات؟! چ شەوقێکە من بەرەو کۆچ دەبات؟ بۆ کێندەرێ؟ هەستێکە و بەس.. هەستدەکەم پێویستم بە گەشتێک هەیە...

...

# حەلاجیات

## ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

ئەگەر میوەیەکی گەیوو لەکاتی خۆی لێنەکرێتەوە، دەکەوێتە سەر زەوی.
سەرت وا غلۆر دەبێتەوە...
سەرە بڕاوەکەت پێستە داماڵیوەکەت، بە چاوە دەرپەڕیوەکانتەوە هەڵدەبەزێت. پێشبینیت بۆ دەکەم، ئەگەر میوەی گەیو، لەکاتی خۆی لێنەکرێتەوە چی بەسەردێت، من پێت دەڵێم.
بەردەبێتەوە.

### ٢

زمانت بە ڕادیۆیەک گیرساوەتەوە، شەپۆڵەکانی بەرەو خوارەوە بڵاودەکاتەوە...
دەنگت ناگاتە نهۆمی سەرەوە. باڵەخانە هەرەمییەکە پێشبڕکێ دەکات..
بەرزدەبێتەوە.. نهۆمەکانی لەسەر یەک دادەنێن و بەرزتر دەبنەوە..
نهۆمەکان هەناسە بۆ یەکتری هەڵدەکێشن. تۆش.. لەکوێی؟
تۆ لەوێ بەپێی چەپتەوە، بە پەنجەرەی نهۆمێک بەرەو خوارەوە هەڵواسراویت...

**دەنگت لەناو ئاپووڕەی نهۆمەکانی سەرەوە ون دەبێت. لە نهۆمی خوارەوەش هاوارم بۆ دەکەن، دابەزم، ناکرێ چیتر بەهەڵواسراوەیی لەو بۆشاییە بمینێیتەوە.**

**پاشماوە و زبڵی نهۆمەکانی سەرەوەت، بەسەردا دەکەوێتە خوارەوە، منداڵە لاسارەکانی نهۆمەکەی ژێرەوە، بەردبارانت دەکەن.**

**ئاگادارت دەکەمەوە ئەگەر دانەبەزیت بەردەبیتەوە...**

**میوەی گەیوو ئەگەر لەکاتی خۆی لێ نەکرێتەوە بەردەبێتەوە.**

...

# بلاوکراوەکانی هەژارانی ئەلئەوزاعی

## رۆژی شەممە ١٤ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

ئەوان نەهاتن...
خوێندکارێک شەهید دەبێت...
کەنەفانی! لێرە چیرۆکە باشەکانت تەواو بکە.
شەهیدێکی تر بەردەبێتەوە...
کەمال ناسر! دوا دێری چامە شیعرییەکەت لەسە کەناری ئەلئەوزاعی تەواو بکە.
سێیەم کەسیش بەردەبێتەوە...
چوارەمیش...
کەمال عدوان! باوکی یوسف!
پاسەوانە شەریفەکان ونبوون و دیار نین!
پێنجەم کەس لە رۆڵەکانمان بەردەبنەوە.. ئەوان نەهاتن
ئێمە هەژارەکانی ئەلئەوزاعیین.

(ا)

هێشتا بەرگری دەکەین و کۆڵنادەین..
کەنەفانی!
کەمال ناسر!

٢

کرێکارە نازدارەکان
توتنەوانەکان
هەژارەکانی باشووری لوبنان...
ئێمە ـ فیدائییەکان و هەژارەکانی ئەلئەوزاعی_ بێکەسین...
بێکەسین لە شەڕەکە، گوللە دەتەقێنین
کۆشش دەکەین...

## ٣

دەمانچە بێدەنگەکان
مینە بێدەنگەکان
دەنگیان کپ کردوین.
کۆششەکان سڕ و کپ دەکەن.
کپ دەکەن بۆ دیموکراسی
بۆ نان و شادی و ئازادی.
ئەوانە بەڵێنەکانیان بۆ میللەت جێبەجێ ناکەن و فێڵبازن
ئەوانەی سواری پشتی خەونەکانمان دەبن
ئەوانە جنێو بە شەهیدەکانمان دەدەن.
بە زۆرداری.. بە ستەم
ئەوانە پەیڤەکان کپ دەکەن..
لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەرامیتەکان جنێو، بە قەرامیتەکان دەدەن.
ئەوانەی هەواڵەکانی حەلاج و کاوە و هاوڕێیەکان کپ دەکەن.
تفەنگەکانمان دەدزن،
سەرە خەنجەرە ژەهراوییەکان لەپشتمان رادەکەن.
گوللە تۆپیش لەبەردەمان دەکەوێتە سەرزەوی...
بە رووومان دەکەوێت...

ئێمەیان لەگەڵ هەموو خەڵکەکە هاوێرکرد...
نێوان ئێمە و هەموو خەڵکەکە..
ئێمە، فیداییەکان و هەژارەکانی ئەلئەوزاعی بێکەس ماوین...
لەناو ئاگری شەڕەکان، گڕمان گرت و هەر بەردەوامین...

## ٤

هەژارە عەرەب و کورد و فارس و تورکەکان
ئەی پێشمەرگە هەژارەکانی کوردستان
ئەی هەژارەکانی کوردستان پێشمەرگە.
ئەوانەی هێزەکانمان کپ دەکەن، بوارمان نادەن هەناسەیەکیش بدەینەوە...
ئێمە فیداییەکان و هەژارەکانی ئەلئەوزاعی بێکەسین
لەناو شەڕەکان سووتاوین.. بەبێ هاوڵاتیانی دانیشتووی باڵەخانە بەرزەکان، بەدرێژایی نێوان خەڵکە هەژارەکە، بەردەوام و پێشەنگ بووین...

لە هەواڵەکان ئەوە راگەیاندرا، لە ئەنجامی شەهیدبوونی چەند فیداییەک، هەژارەکانی ئەلئەوزاعی رووبەڕووی دەستدرێژی پەلاماردەران لە سەر کەناری ئەلئەوزاعی لە بەیروت دەبنەوە. لە پێنج شەهیدەکە، رۆماننووس غەسان ئەلکەنەفانی و شاعیر کەمال ناسریان لەگەڵدا بووە. ئیتر لەودەمەوە ئەلئەوزاعی دەبێتە سومبڵی هەموو ئەو شوێنانەی، هەڕەشەی ستەم و خۆسەپاندن و مردنی لەسەر بێت.

...

# دۆڵی شەنگاڵ لە سەرەتای سەدەی حەفتای بەر لە زایین

## رۆژی یەکشەممە ١٥ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زایینی

### ١

هەواڵێک: گروپێکی کەڤناسی شوێنەواری لەناو دۆڵی شەنگال لەو رۆژانەی دوایی، گوندێکی جووتیارانە دەدۆزنەوە، وا مەزندە دەکەن ئەو گوندە کۆنترین ئاوەدانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێت.
لەو گوندە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زاین _سەدی حەفتای پێش زایین ـ لەوێ شوێنەواری کۆنەخان و کەرەستە و پەیکەر و سیرامیک و گەنجینە دەدۆزنەوە.
سەرۆکی گروپەکە دەڵێت، ئەو دۆزینەوەیە رێگامان بۆ ساز دەکات، بگەینە زانیاری زۆرتر لەسەر چۆنیەتی پەیدابوون و گەشەسەندنی نیشتەجێبوونی سەرەتاکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دۆزینەوەی راوکەرە رەوەندەکانی بە چاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵ ژیاون.

### ٢

من میللەتە کارکەرەکەم.. من درەختەکەم
لەبن سێبەرەکەم پشوو دەدەن، میوەکانم لێ دەکەنەوە.. دواییش لقەکان و قەدیشم دەشکێنن...
منم میللەتە بەرهەمهێنەرەکە.. من درەختەکەم. رەگم هەڵدەتەکێنن.. خاک و زەوییەکەم تەخت دەکەن، بەڵام رەگەکانم لەناو قوژبن و کەلەنە قووڵە شاراوەکان، لە ئارامی و دوور لە مەترسی دەمینێنەوە.

# من سروشتم.. سروشت منم

## ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

من هەندێجار لەسەر سروشت دەنووسم...

لەسەر سەرەتاکانی ژیان و سۆزەکانم بۆ ژیان، لەسەر دەریا و پەرۆشم بۆ چوونە ناو قووڵایی دەریا...

دەنووسم، دەمەوێ بگەمە ئەو ئاستەی مرۆڤ چۆن هەست ناسک و گەشەکەی لەنزیکەوە بە سروشتی دەبەستێتەوە، مەیلی کۆچ دەمگرێت، کۆچ بەرەو دوور .. بۆ دوور...

هەندێک وادەزانم ئەوە ڕاکردنە لە واقیع.. وەهمێکە.. تێکچوون و شپرزەبوونە... یان شێواندنێکە لە بینین.. بەڵام مەسەلەکە لەلای من، وا نییە، من بە ئاوێتەبوون و هاوسۆزی لەگەڵ سروشتی دەزانم. زانست لەو جۆرە گەشتانەمان ڕادەهێنێت.. ئەوە چوونە ژێرئاوە لە دەریا.. ئەوە سەیرکردنی بەرزاییە، بەرز بەرز.. من پەیوەندییەکانم بە سروشت لەرەگەوە دەگۆڕم. ترساو و پەریشان ناوەستم.. دەچمە ناخی سروشت، ناخی ژیان.. بەوپەڕی ئازایەتی و خۆشەویستییەوە دەچمە ناخی سروشت، زانستەکان دەستم دەگرن و یارمەتیم دەدەن، غەواسە ناوەکییەکان.. کەشتییە ئاسمانییەکان، دۆزینەوە بایۆلۆژییەکان و زۆری تر و زۆری تر. من لێرە مرۆڤی سروشتم، سروشتیش مرۆڤە...

کە دەچمە قووڵایی دەریا، دەچمە ناو ئەشکەوتەکان، دەزانم چ دەڵێم و مەبەستم چییە.. دەزانم لەوێ هەزارەها کەس دەژین، بۆیە دەچمە ئەو شوێنانە.

...

# بەکارهێنانی پەیڤیش هەڵوێستە

## ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

نەک بەس بۆچوونی روون، شێوەی نووسین و رادەی هەڵچوون و کاردانەوەش هەڵوێستە.

هەندێ جار، بەکارهێنانی یەک وشە، وشەیەکی ئاسایی، یان بێ ئەوە وشەیەش، دەبێتە هەڵوێستێکی تایبەتی، هەڵوێستێک، دەبێتە ئاماژەیەک بۆ پێگەی نووسەرەکە، یان پەیڤدارەکە.

وشە دەفری هزرە.. هزر تەنیا لەناو دەفر و جامی وشە بوونی هەیە.

بەهای وشە، لە پیت و دەربڕینەوە نییە، بەڵام پەیڤەکان، لەناو شت و چەمکەکانی جڤاتێکی تایبەت، یان لەسەردەمێکی دیاریکراو کۆیاندەکاتەوە، کە دەگوترێن، دەردەبڕێن و دەبیسترێن، بەها پیرۆز و مەبەستەکەی دەردەکەوێت.

لێرەوە ترسناکی ئەوە دەردەکەوێت، کە کۆششە گەرمەکان لە مەیدانی رووخان و تێکدانی هزری، بۆ شێواندنی مانا و چەمکەکان، هەندێ زاراوە و وشەکان، لە شوێنی دروست و پێگەی خۆیان بەکارناهێندرێن.

ئیتر ئەوەیە سەرچاوەی رێگاگرتن و قەدەغەکردنە، بۆ بەکارهێنانی یەک وشەی تایبەت، یان حەرامکردنی وشەکە لە شوێن و مەبەستی دروستی خۆی، یەکێک لەو وشانە بۆ نمونە وشەی نەورۆزە.

رۆژانێک، وشەی نەورۆز حەرام بوو. میللەتی کورد خەباتی دەکرد بگاتە

ئەو مافەی بتوانێت، سەربەستانە یادی جەژنی نەورۆز بکاتەوە، جەژنە نەتەوەییەکەی بە شێوەیەکی رەوای شەرعی.

لەم رۆژانە، نامەیەکم لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆ بۆ هاتووە.. لەناو عیراق، تێدا نامەکە ئاماژە بەوە دەدات، کە هێشتا لەناو کەشی زانکۆ، هێشتا هزری کۆن ماوە، لەوێ وشەی نەورۆز حەرام و قەدەغە دەکەن، بەوەی سۆز و بارێکی نەژادپەرستی تێدایە! وەک چۆن هەندێک لەوانە بیر دەکەنەوە!

گومان لەوەدا نییە، رامان لەسەر نەورۆز بە بۆچوون و پەروەردەی کۆنەپەرستی و شۆفینی ماوەی نیو سەدەیە، هەر ماوە. مانەوەی ئەو هزرەش مەسەلەیەکی سروشتییە.. ئەو هزرە و دژایەتی نەورۆز، هەر دەمینێت و بەردەوامە لەگەڵ بوونی فیستڤاڵەکانی نەورۆزیش، بەتایبەتی ئیمساڵ، ئاهەنگەکان وێنەیەکی پرشنگدار و رووناکی لەناو عیراق و لە کوردستان کێشابوو، دیمەنەکە بووبووە ئاماژەیەک بۆ گەشەی ئایندە، تا نەورۆزێکی گشتی دەستەبەر دەکرێت.. نەورۆزێک بۆ هەمووومان.. نەورۆز دەبێتە جەژنی هەموو زەحمەتکێش و کەساسەکانی سەر رووی زەمین (١).

**رێکخراوی یونسکۆی جیهانی کلتووری ساڵی ٢٠١٠ نەورۆز وەک کەلەپوورێکی رۆحی هەموو بەشرییەت لە جیهان دەناسێت.**

...

# وزەیەکی لەبن نەهاتوو

## ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

ئەو کیژۆڵەیە دەنوزێتەوەو دەقیژێنیت و پەریشانە، بە توندکردنی دەسترازەکەی سەر سینگی.

ئەو هێشتا، وەک گەورەکان نەغاراوە. ئەگەرچی ساوایە و تازە هاتووتە ناو بوونی مرۆڤەوە، وا وزە مەزنە گەورەکەی دەردەخات.. وزەی ویستی سەربەستی و نەفرەتکردنی دەسترازەکە!

### ٢

بەیانی، کە لە خەو هەڵسام، خاو و شل و قورس بووم. چەند مەشقێکی وەرزشی سویدییم کرد، تا خوێن لەناو دەمارەکانی جەستەم بخولێتەوە و جەستەم ببوژێتەوە، لەبن تەمی تەمبەڵی و سستی، وزەیەکی شاراوەی رادەبەدەرم تێدا بوو.

### ٣

لەناو جڤاتیش سستی و تەمبەڵی و خاوی هەیە. ئەویش پێویستی بە بزاڤ و جووڵەیەک هەیە.. گۆڕانێک بەرەو پێشەوە، قووڵ و زۆر قووڵتر، بەرین و بەرینتر.. گۆڕانەکە لە ژێرخان و سەرەوەش پێویستە.. دەبێ وزە و توانا مەزنەکانی هەموو تاکێکی ئەو جڤاتە، بخرێتە کار و سوودی لێ وەربگێڕدرێت.

## ٤

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: شەڕ لە دەستبەتاڵی باشترە. بێکاری دەتکوژێت.

بێکاری بەهرەی ڕۆژنامەنووسێک بابەتەکانی بڵاونەکاتەوە دەکوژێت، هونەرمەندێک ئازادی داهێنانی نەبێت، زانایەک بواری نەدەن لە بوارە پسپۆرییەکەی کار بکات.. چۆن دەکرێ ویستی خەڵکە زۆرەکە زیندان بکرێت؟

لە رستەیەک، لەسەر ئەهرامەکانی میسر خوێندمەوە.. لەودەمانە سەردەمی خۆشگوزەرانی بوو لە میسر. زانا و پیتۆل و فەرعۆنەکان وتوویانە بێکاری لەگەڵ بەزمە خۆشەکان، خەڵک دەکوژێت.. بۆیە خەڵکەکە بە دروستکردنی ئەهرامەکان سەرقاڵ دەکەن.

ئێمە، هێشتا نەگەیشتووینەتە خۆشگوزەرانی کارکردن، بۆمان ببێتە پێویستییەک و بەس...

ناکرێ، تا لە مەترسییەکانی بێکاری دەربازمان بێت، یەخەی یەکتر بگرین و شەڕ بکەین! بەڕاستی بێکاری لەناوماندا هەیە.. بێکارییەک، هەموو بەهرە و تواناکانمان دەگرێتەوە.

زۆرمان لەبەردەمە و دەبێ بیکەین بۆ کۆبونەوەی دەستەیی وریا، دژ بە ناکۆکی و شەڕەکان.

ئەوەش یەکێکە لە توندکاری و ڕەقییەکانی سروشت.. پاشکەوتن هەیە.. سامان و سەرمایەکانمان کەم بەکارهاتووە، سوودمان لێیان نەدیوە. بێکاری بەهرەمەندەکان هەیە، جەماوەرە بەرینە زۆرەکە بێکار و چاوەڕوانن، لە پێگەکانی پێشکەوتنی ژیان جێگە بگرن.

## ٥

وزە و تواناکان وەک مادە نەمرە. مرۆڤ بەشێکی کەمی وزە

گەورەکەی بوونی بەکارهێناوە. خەڵکەکە بەشێکی کەمی وشکایەتییان بەکارهێناوە. سێ بەشی زەوییش بریتیە لە دەریاو زەریاکان.. هێشتا گەنجینە شاراوەکانمان نەدۆزیوەتەوە.. سیحرەکان.. کێ دەزانێت چی هەیە؟! ئەو سروشتە چەندان وزەی تری، وەک کارەبا و ئاو و ناوەکی تێدایە، زۆرن وزەکان، لەناو ئاو یان لەهەوا و لەبن خاکیش.. زۆرن هێشتا نەدۆزراونەتەوە؟!

لێرە هزری مرۆڤ بە خەونێکی سۆفییانەی نامۆ دەگیرسێتەوە.. گەشبینییەک نزیک لە غەیب، ئەگەرچی شەڕێکە لە زانست نزیکە.. هەواڵەکانی قەیرانی وزە لە ئەمریکا و چەند بەشێکی تری ئەو جیهانە، هەواڵە سەیرەکان، بەڕاستی سەرسوڕهێنەر و سەیر بوون.

واباشە، هیچ مەترسییەک نەورووژێنیت، ئەوە وزەکان نییە چک دەکەن.. ئەوە تواناکان نییە، کەم دەبنەوە. ئەوە قۆناخێکی تایبەتە لە مێژووی مرۆڤایەتی _قۆناخی کۆیلیەتی_ ئەوە وا بەیەکجاری نامینێت، دەستەوەستانە بتوانێت خزمەتیک بە مرۆڤ بکات، بەپێچەوانە وا مرۆڤ دەڕوخێنیت و ئیفلیجی دەکات، چارەسەری لۆژیکی و تاکە بواری ئاسانیش ئەوەیە، بەشەرییەت لەو قۆناخە گواستنەوەیە خۆی دەرباز بکات، بەرەو سەکۆی ئازادی هەنگاو بنێت.

وزەکان وشک و کەم نابنەوە، مرۆڤیش باشتر و جوانتر و گەرمتر بووە.

...

# پشوودان

## ڕۆژی شەممە ٢٨ی مانگی ئەپریل ساڵی ١٩٧٣ی زاینی

### ١

ڕێنمایی تەندروستی نویێ دەڵێت: هەندێ لە تەمبەڵییەکان پێویستە. ئادەمیزاد دەبێ، ڕۆژانە چەند خولەکێک پشوو بدات، وچانێکی باش بدات، بەوەش چالاکییەکانی بگێڕێتەوە و مەزاجی ئارام بێت...

پشوودانیش جۆرو شێوەی زۆرە.

پشوودانی ڕۆژانە هەیە.. پشوودانی مانگانە هەیە، ماوە ماوە پشووێک وەربگریت.. پشووی ساڵانەش هەیە، مۆڵەتی درێژ وەربگرن.

مەرجەکانی پشوودان زۆرە: دەبێ لەناو سروشت پشووەکە بدەن.. دوور لە ئاژاوە و قەڕەباڵغی و کێشە و گرفتەکانی ڕۆژ.. لە وڵاتێکی وەک هیند پشوودان سرووتی خۆی هەیە. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی، بە یارمەتی تەکنەلۆژیای سەردەم، بوار و ئامرازی نوێیان داهێناوە بۆ پشوودان.

### ٢

ئاپووڕە بەردەوامەکانی ناو شارە گەورەکان بواری پشوودان نادەن، چونکە، نیگەران و شڵەژانێکی گەورە دەخولڤێنن.. هەژارەکانیش هیچ بوارێکیان نییە پشووێک بدەن. کرێکارەکان مافی خۆیانە، سەندیکاکانیان نواو هەواری حەوانەوەیان بۆ دابین بکەن، تا ئەندامەکانیان لەو هەوارە تایبەتییانە، ڕۆژەکانی مۆڵەتیان بەئارامی بەسەربەرن...

لە کوردستان هەواری حەوانەوەی سروشتی زۆرە، زۆریشی ناوێت بۆ ئەوەی بکرێنە، هەواری هاوچەرخی پشوودان، زۆری ناوێت، بە سەرمایەی کەم ئەوە ساز دەبێت...

## ٣

لەو دەمانەی پرسیارێکی پێویستم، لەسەر قەیرانێکی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەو باوشکی دەهاتێ و وتی:

_ئەو قەیران و گرفتانە پیر بوون، چارەسەرەکانیش کۆن بوون...

من وتم: بەڵام کێشە هەستیارەکان هێشتا تازە و بەرچاون. رەنگە. تۆ.. ئەوو ئەوانی تریش.. ئەوانە پیر بوون!

## ٤

بەڵام ئێمە.. لە جڤاتی شارە عیراقییە قەرەباڵغییەکان.. وچان و مۆڵەتی تێدا نییە، نییە و بوویتە سروشتی ناوازە و دەگمەن.. یان بە ئامێری (پشوودانی ئیجباری) دەکرێن.. ئێمە نیگەرانییەکان ساز دەکەین!

# بەشی سێیەم

# پاشبەندی کتێبەکە:

**ئەو بەشە بریتییە لە بەدواچوونەوە و ڕاڤەی هەندێ لە نووسەرە بەرێزەکان:**

١. امەی مامۆستا عوسمان موفتی.

٢. پێداچوونەوەی مامۆستا تاریق کارێزی.

٣. پێداچوونەوەی مامۆستا محمد سعدون السباهی.

٤. لە عیشقی خوداییەوە: لەلایەن نووسەر لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠١١ی زایینی نووسراوە، بۆ تەواوکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە، بابەتەکە بڵاوکراوەتەوە.

٥. کتێبی حەوتەم، نووسەر.

# نامەی مامۆستا عوسمان موفتی

- سڵاو و پەیوەندی هزری و هاوسۆزی.. هیوای بێگەرد بۆ هەموو شتێکی جوان.. ئەگەر رووناکی نەبوایە، نەدەکرا جوانی ببینین، کە کردوتە، بە ناونیشانی کتێبە تژییەکەت بە هزری مرۆیی.

ئەی برای قەدگرانم، بوار بدە نامەیەکت لەسەر هەوا و مەزاجی خۆمەوە بۆ بنووسم.. نامەکە لەسەر رەوتی هزری کتێبەکەت. هەرگیز ناکرێت، ئەو کتێبە بە چاو، یان بە دانوستانێکی ئەکادیمیش هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.. ئەو کتێبە بەر لە هزر، دڵی دەوێت.. بەڵام چ جۆرە دڵێک...؟ یان کام هزر....!

- ئەی شاعیرەکەی ناو ئەدەیبەکان.. ئەدیبی ناو شاعیرەکان...

- ئەی هەڵگری جامی لاهوت، لەناو مەیخانە ناسوتیێ سروشتی مرۆڤ...

- رووناکی لەدەوری رەنگەکانی کۆڵکەزێرینەی بەر خۆرەکە دەدرەوشێتەوە، ئەویش قەڵەمەکەی تۆیە...

- ئەوە کتێبێکی ئاسایی نییە.. ئەو شەرابێکە، دڵۆپ دڵۆپ لە جۆرەها شەراب کۆکراوەتەوە...

- قەڵەمێک، گاڤێک دەبێتە منداڵ و گەمە دەکات و جارێکیش دەگرێت...

- قەڵەمەکەت، جارێک قوتابییە لە سالۆنی فەیلەسوفەکان.. یان هاوڕێیەکی مەیخانەی (حافیز) و (ئەلرومی) و (ئەلحەلاج)ە...

- جارێک: شۆڕشگێرە و قەڵەمی لەناو دەستە. چەکی لەناو دەستە. بەڵام ناچارە.. قەڵەم سروشتە..

- ئەی شۆڕشگێرەکەی دەرچوو لەبن عەباکەی خەیام...

- شاعیرێکی هاوشانی سپارتاکۆس...

- پیرۆزباییت پێ دەڵێم، چونکە زۆر لە رووناکی نزیکبوویتەوە.. هەرگیز ناگەیتە رووناکی.. هەرگیز...
ئەوەندە بەسە، لە دەوری رووناکی بخولێیتەوە.. بەڵی لەدەوری بخولێیتەوە و شەیدای بیت.
- چەند پێداگرییم لێ دەکەیت، لەو دەستەواژەیەی لە باوکی کۆچکردووم بیستبووم (کەمهێنان لە هەستکردن بە هەستیاری، هەستیارییە)، لوتکەی گەیشتنی تۆ کەمهێنان و نسکۆیە...ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە، دەگاتە دواخاڵ، کە وەهمە.
- لەسەر نۆشێکدا.. لەهەر مژێکی هزر، تامێکی هاوبەش لەنێوان هەموو مژەکاندا هەیە، ئەویش تۆ خەمی میللەتەکەت بارکردووە.. ئەوەش جەمسەری سەرەکی هزری تۆیە، ئەوەی تر هەمووی بریتیە لە سازکردن و بەهێزکردن و راستکردنەوەی ئەو جەمسەرە، خزمەت پێ کردنیەتی.
- ئەوەش راستییەکەیە. هەستکردن بە چارەنووسی نەتەوەکەت، باڵاترین شکۆ و نمونەیە، ئەویش شارە بێگەردەکەیە.. ئەوەش پاش ترسان، لە خودا سەرووی حیکمەتە.. کە هەستی بەهاکانی مرۆیی ومافە رەواکانی نەبەزێنێت.
- هەر کەسێک، خەمی نەتەوەکەی لەسەر شان بێت و لەپێناوی ئەوەدا کۆشش بکات بەرەوشتە.. بەپێچەوانەی ئەوەش، بێگومان و بەردەوام راستە.
- ئەو رووناکییەی تۆ بۆی دەگەڕێیت: زانستی یەزدانییە.. زانستێکە بە سامان دەست ناکەوێت، تەنیا و بەس وزە شاراوەکان رووی تێدەکەن.
ئەی حەکیمە جوامێرەکە:
- من وادەزانم، لەو کاروانە درێژە بەخشندەیە، تەنیا بوویت.. تۆ چێنراوی دەستی خۆتی.
- هیج لێکچوونێک، لەنێوان تۆ و کەسانی تردا نییە. چاوم بەو دێرە

**شیعرە دەکەوێت:**

وما الوزير (ومنا) الامير و ومنا المشير و منا انا (١)

**- کتێبەکەت، پڕە لە پەندی فەلەکی. دەکرێ کۆبکرێنەوە ببێتە سەبەتێک لە گوڵزار.**

**- کتێبەکەت، پێویستە زۆرتر لە جارێک بخوێندرێتەوە.**

**ئەگەرچی مێژوو و زەمەنی نووسینەکان زۆرتر، لە سی ساڵی بەسەردا رۆیشتووە، کە دەکاتە سێ سەدە لە پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆیی، ئینجا کتێبەکە، بەکەڵک هەموو زەمانێک دێت، چونکە بەندەبە مرۆڤایەتی، ئینجا لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکیش بێت.**

**- نمونە لە پەندەکان:**

**تا ببیتە شاعیر.. بوار بدە کانییەکە هەڵقووڵێت (ل١٨٧).**

**هەموومان لە هەموو شتەکان بەرپرسین ل (٧٧).**

**ئەوانە و نمونەی زۆری تریش هەیە.**

**سارتەر، لە شانۆگەری دەستە پیسەکاندا، لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی (هودرر) دەڵێت:**

**رۆشنبیر نابێتە شۆڕشگێر.**

**- تۆ سەرووی هزری ئەلمعەریی، کە گوتویەتی:**

فی اللاذقیه ذجه مابین (احمد) و (المسيح)

هذا بناقوس يدق و ذلک بماذنه يصيح

وقد تهت و الله فيها ياليت شعری ما الصحيح

- تۆ زۆر لە مەحمود دەرویش باڵاتر و ئازادتری کە نووسیویەتی:

سجل انا عربی

ورقم بطاقتی خمسون الف

واطفالی ثمانيه

وتاسعهم سياتی بعد صيف

- تۆش وتت من کوردم لە ڕەچەڵەک و نەوەی ئادەم و حەوام...
- چەتری تۆ، ئەی کوڕی هزری کوردییە ڕەسەنەکە، لەوانە باڵاتر و جوانتر و گەورەتری.
- سەرت لە پێغمبەرەکان و ئەسحابە و فەیلەسوف و کەسانی عیرفانداوە: سڵاوت لێیان کردووە و شەرابی ئەوانت نۆشکردووە و بە شیلەی ئەوانە گەڕایتەوە.
- باسی تاغوورت کردووە تۆ، کە فەرموویەتی، گوڵ لە تۆ و ناوکەوە ڕەنگەکان هەڵدەگرێت.. بۆچوون و هزرەکەت زۆر لە بوزاوە نزیکە.. وەک دەزانیت ئەو، چەند شار و گوند بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت گەڕاوە، ئینجا کە گەڕاوەتەوە گوتویەتی حەقیقەت، لەناو خودی خۆتانە و لێی بگەڕێن.
- ئەو ڕووناکییەی تۆ ئاماژەت پێی کردووە هەیە، کلیلەکەی لەناو دڵە.. هەموو کەس، هەموو کەس بۆ دۆزینەوەی ڕێگای کلیلەکە دەگەڕێن و بیدۆزنەوە، چونکە ئەو کلیلە، دەرگای هەموو شتە جوانەکان دەکاتەوە، تێدا ئاشتی و ڕەحمەتیشی تێدایە. ددانی کلیلەکەش بریتییە لە:
- قورئانی موحەمەد.
- ئەنجیلی عیسا.
- تەوراتی موسا.
- کنزی یەحیا.
- فەرموودە و ڕێنماییەکانی زەردەشت کە نزیکن لە هزری ئیسلام.
ئەوانەی لەدوای ئەوانەوە هاتوون، تیرێژی ڕووناکییان هەڵگرتووە و ڕۆیشتوون.
ناکرێ کلیلی ڕووناکی دڵ، بێ خۆشەویستی و هۆشمەندی بجولێتەوە.
لەوپەڕی ناسکی مرۆڤ، تەواوی هێز و نهێنییەکانی دەردەکەوێت...
کەسی بەهێز هێزدار نییە، ئەگەر دادوەر و حیکمەتی نەبێت.. بۆیەش

**خودا فەرموویەتی:** العزیز الحکیم...
**تا پەیڤەکەم درێژتر نەکەم، لە دوماهییدا دەڵێم.. منیش وەک تۆ مەخلوقم.. وەک تۆ نیگەرانم.. وەک تۆ دڵتەنگم.. ئەو خەمە گەردوونییە چەند خۆش و بەتامە.. داماوە ئەو کەسەی خەمێکی گەردوونی و بوونی نییە. خەمە دروستکەرەکە.. خەم زادی گەورەکانە.. لەخەمی گەورە، شادی گەورە لەدایک دەبێت....**
**ببوورە زۆرم درێژ کردەوە.. من لە حوبری قەڵەمەکەتم خواردەوە.. ئەگەر قەڵەم نەبێت، مرۆڤ ون دەبێت.. حەزرەتی مەسیح گوتویەتی، سەرەتا وشەیە.**
**هەروەها** (اقرا باسم ربک الذی خلق) **یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆزە، کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری مەزنمان موحمەد د. خ و فەرمودەی کردگار (کن)، واتە دروست بە، پێش هەموو بونەوەر و خالیقیش حیجاب و بەربەستە، ئەوە نەبوایە هەمووومان دەسوتاین.**
**- پیرۆزە و خودا موبارکت بکات، لەو ئەڤینە شاراوەیەی ناو هەموو پیتەکان..**
**دیمانەی زۆرتر و قووڵترمان لەسەر هزرە زیندووەکەت دەبێت..**
**سوپاس کاتت رەخساند بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەکانم**
**حوبر و قەڵەمەکەت بەردەوام بێت**
**سڵاو و دووبارە سوپاس.**
**لە پارچە شیعرێکم بۆ موتەنەبی نووسیومە:**

وفی حالە العرفان جلست بجمعهم
فاذا بهم الصالحین والناس نوم
وکنت ندیمهم ومن یکن الندیم
فلا یشتکی یوما و لا یتندم

اشد بدربی نحو باب احبتی

وفمی باذکار الجمال یرذ

واخبر قولی فی رحابک اننی

ابکی بصمت والسکوت تکلم

وفی محنه الانسان فی هذه الدنا

ابدا ینوء بثقلها ویدمدم

فانظر الی حقب الزمان وصرفه

هل جاء عصر لیس فیه تازم

کثر الطغاه عبر العصور فلا تری

الا جرادا فی السنابل یقضم

هزم الذی حرم المحبه والحجی

لکن من منح الهدی لا یهزم.

**سوپاس ئەی مامۆستای گەورەمان.. خۆشحاڵی و سەرفرازییە بەیەکەوە لەو سەردەمە دەژین...**

**عوسمان موفتی**

**هەولێر ٢٠٠٩/٨/١١**

**هەولێر.**

(١) لابی سجاده الفقیه: ل ٣٤ **له کتێبی** (الملف السری للنکته العربیه)، حسین علی الدامونی، موسسه الانشار العربیه لبنان ٢٠٠٥.

# دوو کتێبی نوێی رووناکبیر و رۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی

## خۆم نا، وشەکانم سەردانی ماڵەکان دەکات!

## نمایش: تاریق کارێزی

زۆرجار رۆژنامەنووس، بەپەلە و بەخێرایی ئەستێرەی دەبریسکێتەوە، بەهەمان خێراییش، دەکرێ ئەستێرەکەی داببەزێت و بکوژێتەوە، رۆژنامەنووس بواری لەبەردەمە بە ستوون و نووسینە بەردەوامەکانی لە رۆژنامە و ماڵپەڕەکان بناسرێت، چونکە میدیا بوارسازە نووسەر وەک چۆن دەردەکەوێت، بەو شێوەیەو بەخێراییش ون بێت! ئەوە دونیای جیهانی ماندووبوون و سەرئێشییەکانە، بەپێچەوانەی کتێب و نووسەری دەق و وەرگێڕەکان، کە زۆرتر ناوداریيەکەیان دەمینێت، بەڵام ئەوەش پابەندە بە ئاستی داهێنانەکە، رەواجی لەناو خوێنەران، بەڵام کەسایەتییەکی وەک مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، نمونەیەکە لەنێوان نووسەر و رۆژنامەنووسی هاوسەنگی راگرتووە. دیارە کە بەرهەمەکانی سنوور ناناسن. لە ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی سەرنووسەری ئەلتەئاخی بووە، رۆژانە دوو هەتا سێ وتاری، شرۆڤە و پێداچوونە و لێکدانەوەی سیاسی و هزری وهەواڵی نووسیوە، کە ژمارەی وشەکانی دەگاتە چەند هەزارێک. نووسینەکانی لە چەندان بابەتی ئاڵۆز بووە، کە زۆربەیان سەبارەت بە پرسە سیاسییەکانەوە بووە، لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی کانییەکی هەڵقووڵاوی بەردەوام بووە لە نووسین، ئەگەرچی تەمەنی

سەرووی شێست ساڵ بووە، بەڵام قەڵەمەکەی بۆ چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری بێ پسانەوە لەناو کوردستان تەرخانکردووە.

نووسینەکانی کاکەیی، لەو جۆرە نووسینانە نەبووە لەگەڵ ڕۆژگار بایەخیان نەمینێت، زۆربەیان لە بوارەکان جیهانی هزر و تەسەوف و فەلسەفە و زانستەکان و ئەدەب و مێژوو و ژینگە بووە. لە بەرهەمەکانی کایە نوێیەکانی وروژاندووە، خوێنەری بەرەو کەشی نوێ بردووەو زۆر گرێی بەستراوی سەختی کردیتەوە، بۆیەش کۆشش بۆ کۆکردنەوەی نووسینەکانی لە یەک کتێب، بایەخی نووسینەکان زۆرتر دەردەکەوێت و شاناز دەبن.

ئەگەر قسەمان لەسەر میدیاش هەبووبێت، ئەوە لە ڕۆژنامەگەری قەڵەمی تیژکردووەو بواری ڕەخساندووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەردەوام، ڕۆژنامەنووسی هانداوە، بەردەوام بنووسێت و نەوەستێت، ئەو پیشەیە وەک ئاش وایە، گەنمی وشەکان بێ وەستان لەسەر لاپەڕەکان دەکاتە ئارد. خوێنەریش، سوود لەو بەرهەمە دەبینێت، بەپەرۆشەوە بابەتەکان دەخوێنەوە، بەڵام زۆریان لەگەڵ خۆرئاوابوون لەبیردەکرێن و باسیان نامینێت.

ڕەنگە لەوەیاندا ڕۆژنامەنووس نائومێد و بەختیاریش بێت، هەرچی بنووسێت و هەرچەند هزر و خەونەکانی نمایش بکات، دەرئەنجام لە سەردەمی گلۆبالیزم، نووسینەکانی دەکەوێتە بەر باهۆزی ڕەحمەتی میدیا و بیرەوەری خوێنەرەکان، بەرامبەر فشار و زۆری بوارەکانی گەیاندن، لە هەموو کەناڵەکان بە جیاوازی هەموو بابەتەکانەوە.

کۆشش و سازییەکانی کۆکردنەوەی هەموو نووسینە ڕۆژنامەگەرییەکانی فەلەکەدین کاکەیی، هەنگاوێکە بۆ نیشاندانی کۆی بەرهەمە هزرییەکانی، لە دووتۆی کتێبدا بۆ خوێنەرەکانی. لەو دواییانەدا دوو کتێبی دەردەچێت، یەکەمیان بە زمانی عەرەبی (موگن النور _الکتاب الپانی)

زۆر ئەزیزم لەکیسچوو، ئاسان نییە جارێکی تر بەخێوبکرێنەوە، بەرگە دەگرم ـــئاسن و پلاستیک و دووکەڵـــ دژایەتی ئەوە دەکەم، کە جیهان لەناو هزری مندا بوویتە ئاسمانی پیسکراو، بە دووکەڵ و راو و ئاوی قوورس، شارەکان بە گەڕەکە پیس و نارێکەکان ئاخنێراون، وا شەختەی جەستەی ئاسن و پلاستیک هەڵدەکشێن و دێنە پێشتر، دەگەنە دەشتاییەکان، دواجارە، یاخی دەبم و ناتوانم ماڵی بکەمەوە. چ بکەم بچمەوە ناو ئەشکەوتەکان؟ هێشتا دەسترازەکەم لەوێیە، دایە ناچارم دێمەوە بەر سێبەری بێشکە کۆنەکەت).
دەکرێ بڵێین خوێنەرەکانی فەلەکەدین کاکەیی، بواری زۆرە بەئاسۆیی و ستوونییەوە، سەرنج بداتە گەشتە زانستییەکانی. لەبەر رۆشنایی زانیارییەوە، ئەو دەچێتە ناو واقیعی کوردستان و کەلەپوورە کوردییە دێرینەکەی سەردەم و مێژووی کۆن، ئاوێتەی دەکات بە بینین و خەونی رەگ داکوتاو بە واقیعی ئیمرۆ، زۆر لە نهێنی و گەوهەرەکانی ئاشکرا دەکات. خوێنەرەکان بەرەو کیشوەر و شەختەبەندەکان دەبات، بۆ دۆزینەوەی ئاسۆی هەندێک لە کەلەپووری میللەتان و نەتەوە فەرامۆشکراو دوورەکان.
لە لاپەڕە ٣٠ی ئەو کتێبەدا نووسراوە:
هۆشمەند و فەیلەسوفەکان، کۆشش دەکەن بەدوای رووناکی ناوەوەی مرۆڤ بگەڕێن، هانیان بدەن بۆ هوشیاربوونەوەی ناوەوە و هزری خۆیان، وەک چۆن فەیلەسوفی هیندی باگوان شیری راجنیش ناسراو بە ئوشو گوتویەتی.. مەبەست و خۆشییەکانی ئەو، گەیشتنی مرۆڤە بە رۆشنگەری و رووناکبوونەوە. ئەوەش گوزارشتێکی ترە کە جاران سەهروەردی ناوی نابوو ئیشراق. گوزارشت و بوارەکان زۆرن، بەڵام مەبەست و دوا وێستگەش یەکە.
خوێنەری عەرەب، بەئاسانی دەتوانێت بە خوێندنەوەی کتێبی موگن

و دووەمیان بە زمانی کوردی (رووناهی زەردەشت).

لە وتارە کۆتاییەکەی کتێبی (موطن النور) ئەوە دەخوێنینەوە:

(پەیڤەکەم.. دەچنە ناو ماڵان، من ناتوانم سەردانیان بکەم، شوورەی سەیر دەبەزێنێت، دەفڕێت، دەفڕێت و لەسەر مێزی ئۆفیسێکی نازدار دەنیشێتەوە، یان دەچێتە ناو گیرفانی چاکێتێک، رووبەڕووی ئاکاری باش دەبێتەوە، کە زۆر خۆشیانویستووە. بەڕووی جۆرەها خەڵک پێدەکەنن، رەش، شین، بەکل، خەواڵوو، ماندوو، سەرسام، منداڵانە. دەگاتە ناو دەستی نەرم و ناسک و نیان و بەبازن.. چۆن دەتوانم ئەو دۆستایەتییە رەسەنە وێنا بکەم؟ دەتوانی هزرەکەم وەربگریت یان توڕیان بدەین. لە هەردوو رەوشدا، من هیچم پێ نییە دانوستانت لەگەڵدا بکەم، من ئەوەی دەیزانم و لە سنووری زانیارییەکانم بوونیان هەیە دەنووسم و بەس، ئەگەر دەمزانی کامیان باشتر و قووڵتر و جوانترن، گومانم نەدەما).

لەگەڵ حەقیقەت توندکار و غەدار نین، کە دەڵێن فەلەکەدین کاکەیی پرشنگدارترین ناوە لە رۆژنامەگەری عیراقی. بەهرەیەکی بێ سنووری لە نووسینی ستوونی رۆژنامەگەریی و راڤەی سیاسی و پێداچوونەوەی هەواڵسازی هەیە. ئەو نووسەرێکی ئینسکلۆپیدیایە، بە عەرەبییەکی ئاسان دەنووسێت، هزرەکەی ئاسان دەگات و بیانووی توندی پێیە. خوێنەری ئاستی مام ناوەندییش، بەئاسانی دەتوانێت بە نووسینەکان لە هزرەکەی تێبگات. لێکدانەوە و رۆژەڤە سیاسییەکانی ئاسۆیەکی مرۆیی و نیگایەکی کراوەی هەیە. زۆر بەوردی و کاریگەری گەرمەوە بە زمانێکی شیعری لە دەرگاکانی عیرفان و تەسەوف دەدات.

لە لاپەڕە ٣١٩ی کتێبی (موطن النور _ الکتاب الثانی) لەسەر پێداگری لە پاراستنی ژینگە دەنووسێت:

(بەرائەتی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، من وەک مرۆڤێکی بەستەزمان شتی

النور، سەرنج بداتە خەرمانی نووسینەکانی فەلەکەدین کاکەیی. بە نمایشکردنی نووسینە کوردییەکانی بەردەوام دەبین، ئەو بە کوردییەکی رەوان و زیندوو و ئیشراقەوە دەنووسێت، کوردییەکەی وەک عەرەبییەکەی پتەو و زمانزانە، لە هەردوو زمان شارەزا و لێهاتووە.

ناوی کتێبە کوردییەکەی روناهی زەردەشتە، باس لە پێغمبەرە کوردەکە، زەردەشت و کەلەپوورەکەی دەکات، هەندێ لە وتارەکانی ئەو کتێبە زووتر بە پیتی لاتینی و بە زمانی کوردی لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە.

بۆ رۆشنکردنەوەی هزری خوێنەر، نووسەر بەشێکی کردۆتەوەو لەوێ نووسیویەتی:

مەبەستم لە وڵاتی رووناکی، وڵاتی کەلەپووری زەردەشتە، توێژەر و پسپۆران دەڵێن، زەردەشت زمانەکەی مانای ئەستێرە و درەوشانەوە و ئیشراقە، واتە رووناکییە زێڕینەکە، ئەوەش ئاماژەیە بە رووناکی خۆر. باوەڕدارانی زەردەشتی، تەواو بڕوایان بە پاراستنی ژینگە هەیە، خاوێنکردنەوەی، زۆر لە دابونەریتی کوردەواری سەرچاوەکەی کەلەپووری زەردەشتە، لەبەر ئەوەی ژینگە لەناو کلتووری کوردی بایەخدارە، بۆیە ناوی مانگەکان بەپێی وەرزەکان پۆلینکراوە، ئاماژەیە بە گۆڕینی ژینگە و کەشوهەوا لە کوردستان.

نووسەر دەڵێت: من لەساڵی ١٩٦٧ی زایینییەوە بەشێک لە نووسینەکانم تەرخانکردووە بە پاراستنی ژینگە، بەپێی بۆچوونی زانا و توێژەرەکان ئاینی زەردەشت، زەردەشتی یەکەم ئایین بووە، بایەخی بە پاراستنی ژینگە داوە. زەردەشت، لە رێنماییەکانی جەخت لەوە دەکاتەوە بایەخ بە پاک و خاوێنی ئاو وهەوا و خۆڵ بدەن. ئەو کەسێکی دلۆڤان بووە و داوای لە پەیڕەوانی کردووە، لەگەڵ خەڵک و ئاژەڵ و باڵندە هەموو بونەوەرەکان، دلۆڤان و نەرم بن، سۆز و بەزەیی ببەخشە سەر هەموویان. من کامەرانم، ئەوە چل ساڵە بڕوام بە نامەکەی زەردەشت

هێناوە. ئیمڕۆش بوزییەکان و کریستیانییەکان و مرۆدۆستەکان و بەرگریکەرانی ژینگە، فەرموودەکانی زەردەشت دووبارە دەکەنەوە. کلتووری زەردەشتی دووبارە دەبێتەوە، دەبێتە پەیامێکی جیهانی بۆ پاراستنی ژینگە).

نووسەر، توێژینەوە لەسەر زەردەشت و کتێبەکەی دەکات، رووناهی زەردەشت رووناکی ویژدانە، وەک چۆن نەورۆز رووناکی ویژدانە. هاوارێکە بۆ بەجیهانیکردنی جەژنی نەورۆز. زەردەشت کامەرانی کردووە بە مەبەستی ژیان. ئەو پەیوەندی باشی بە پزیشکی و فەلەک هەبووە، کەسایەتی پیرشالیاری بەکارهێناوە و تیشکی خستووتە سەر وشەی (پیر)، وەک زاراوەیەکی کەلەپووری بە هەڵوێستی مێژوویی، کە چەندان مانا و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی و عەقائیدی و ئەفسانەیی هەیە، بوویتە پردی بەستنەوەی ئیمڕۆ و دوێنی دێرینی لەبیرکراو، بەداخەوە هێشتا توێژینەوە لەسەر کەلەپووری کوردی و مێژووی کوردستان و کەلەپووری رۆحی میللەت و نەتەوەکانی لە کۆنەوە و لە سەرەتای مێژوو و پێشتریش لە کوردستان ژیاوە کەمە، دیارە لە سەردەمی پەلاماردانەکەی ئەسکەندەر مەکدۆنی، هەموو هێرشەکانی تر و سووتان و سوتماک و کاولبوونەکان زیانی زۆریان بەو کەلەپوورە گەیاندووە، ئەوەش بوارساز بووە، دابڕانێکی زۆر لەگەڵ رابردوو هەبێت، بۆ زانین دوو لە چوار کتێبخانە گەورەکانی جیهان لە کوردستان بووە، بەڵام پاش ئەو هەڵمەت و رووداوانە بوونەتە بەشێک لە رابردوو.

فەلەکەدین کاکەیی داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، چالاکی پاراستنی کەلەپووری رۆحی کوردی و ئاینە کوردییە کۆنەکان، بکاتە شوێنەوارێکی مرۆیی گرینگ. هەر بەو بۆنەیە، لەو رۆژانە، روسیا دان بەرەسمبوونی ئاینی ئێزدی دەنێت، وەک ئاینێکی کۆنی کوردی زەردەشتی، دەبێتە یەکێک لە ئاینە رەسمییەکانی روسیای فیدراڵ،

بڕیارەکەی رووسیاش رەمەکی نەبوو، بەڵکو پاش توێژینەوە و گوێگرتن لە بۆچوونی زاناکان و بنچینەی مێژوویی کۆن بووە بۆ ئەو ئاینە.

یەکێک لە بابەتە وروژێنەرەکانی ئەو کتێبە (کریستیانیەتی سەلاحەدینی ئەیوبی)یە، نووسەر دەڵێت:

سەلاحەدین موسڵمانێکی سادە نەبووە، بەڵکو زانایەکی گەورە بووە. زانیاری زۆری لەسەر فقە و شەریعە و دابونەریتی کۆمەڵگەی موسڵمانان هەبووە، کەسێکی دادوەر بووە، بواری بۆ رەخساوە پیادەی قەزا بکات و کێشە و گرفتی هاوڵاتیانیش چارەسەر بکات.

نووسەر بەردەوامە و دەڵێت:

رۆژێکیان سەلاحەدین لەسەر کورسی قازییەتی دانیشتبوو، پیاوێک شکایەتی لەسەر ئەو دەبێت، ئەویش لەسەر کورسییەکە دادەبەزێت و قازییەکی تر لە شوێنەکەی خۆی دادەنێت، خۆی وەک تومەتبار لەبەردەم قازییەکە دەوەستێت، چاوەڕوانی دادگایی دەکات، تا قازییەکە بڕیاری خۆی لەسەر دەربکات. بۆیە دەپرسین (موسڵمانێک لەو جۆرە بووبێت، چۆن دەڵێن بەحەق ئەو کریستیان بووە و موسڵمان نەبووە؟) بۆ بەدواچوونی ئەو رووداوە، فەلەکەدینی رووناکبیر لەناو جۆرەها بۆچوونی ناو سەرچاوە ئەورووپی و خۆرهەڵاتییەکان، بۆ زۆرتر ناسینی ئەو سەرکردەیە، لەناو هەموو سەرکردەکانی لەو سێ هەزارەی زایین ژیاون توێژینەوەی کردووە.

خوێنەرانی عەرەب، ناتوانن ناوەڕۆکی کتێبەکەی رووناهی زەردەشت بخوێننەوە، تا ئەودەمانەی لە زمانی کوردی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی. ئەوەش پێشنیارێکە بۆ رۆشنبیران عیراقی بۆ دامەزراندنی خانەیەکی تایبەت بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی ئەو دوو زمانە، هەتا نەوەکانی ئەو دوو میللەتە، شارەزای کلتوور و داهێنانەکانی یەکتری بن.

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (احتفالا بالوجود)

**موحمە سەعدون ئەلسباهی**

لە دەزگای حکومی ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، لەزنجیرە کتێبە رۆشنبیرییەکانی ئیمساڵ ٢٠١١، کتێبی (احتفالا بالوجود) بۆ نووسەر و رۆسنبیری گەورە مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، کتێبی سێیەمی پاش هەردوو کتێبەکەی یەکەمیان حلاجیات و دووەمیان موگن النور چاپ دەکەن.

کتێبەکە، بریتییە لە چەندان وتار و شانۆنامەی کورت و شیعر، کە زووتر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢_١٩٧٣ی زاینی لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی بە زنجیرە لەژێر ناوی (×وت _ دەنگ) بڵاوکراوەتەوە، دیارە بەباشی زانیوە لە کتێبێک و لە حەڤدە بەش چاپیان بکاتەوە، ئیشێکی چاکە، بۆ زۆرتر چاکە بگەێنێت، بابەتی سەرنجراکێش و ئازایەتی بۆچوونەکانی پەخشان بکات، حەزیشی کردووە ناو لە دەقەکانی بنێت (لوحات_ تابلۆکان)، هەموویان بریتییە لە هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری و رۆحیش، هەمووش رەنگدانەوەی هەست و نەستی رۆژانەی خۆیەتی، بابەتەکانی بە ژینی تەسەوف و رووناکبیری دەوڵەمەندی کردوون، شوێن پەنجەی کەسایەتییەکانی ناو کلتووری گەلانی پێوەیە، وەک: ئەلسەهرەوەردی (شێخی ئیستشراق، ئەوەی نەفامەکان لە زیندانییە تاکە کەسییەکەی لە شاری حەلەب دەیکوژن) و ئەفلاتون و فیساگۆرس و زەردەشت ـ پێغەمبەرە هۆشمەندەکە ـ

وەک ئەو بەوە ناوی بردووە و دیوجین و سوکرات و بن عەرەبی و ئیبنی سینا و ئەلحەلاج، ئەوانە و زۆری تریش لە گەورە هزرمەندانی مرۆڤایەتی نوێخواز.

(ئایا هیچ رۆژێک لەو گەردوونە، بە بوونی خۆت ئاهەنگت ساز کردووە؟ ئاهەنگت نەکردووە؟ کەواتە، تۆ غافڵگیر ژیاویت لەو بوونە جوانەدا، ئەوەی سەرووی هەموو پەرجوویێکە)، نووسەر بەو وشانە کتێبەکەی دەستپێکردووە!

کەواتە ئەو تێدەگات، داواکارە ئێمەش بەشداری بکەین لە (ژیان کامەرانی و شادی و ئاسوودەیی) گلگامش بەو رستەیە، داستانە ناودارەکەی کۆتایی پێ هێناوە، هوشیاری دەداتە، ئەو کەسانەی دوور لە حەق و مافەکانیان شەڕ و ململانێی لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەن، لەسەر رۆژێکی سەخیف و بەڕێکراوی دەکەن، ئەوانەی دڵیان بەر بێژینگی چاوچنۆکی و خۆویستی و ئیرەیی و ناپەسەندی کەوتووە، ئەوانە کارەساتێکی زۆر کوشندە و گەورەن، میکرۆبن و کەوتوونەتە بەر گیانی هەموو مرۆڤایەتی، نەک ئەوە و بەس، لە زانین یان لە نەزانینەوە، هەڵپەیەتیان بۆ سستی و بێزاری و گەندەڵی و بۆگەنبوون و ئینجا فەوتان و رەشبوونەوە.

بەپێی پەیڤی نووسەر، بەختیاری رۆحی لەناو ئامێزی سروشتە، دایکە سەخییەکەیە، نەک ژیان لەناو باڵەخانەی کۆنکریتی و شەقامی قەرەباڵغ، بە دەنگی هۆڕن و دووڕووی و راکێشراکێش و دزییەکان، (ئەگەر شیرینییەکەی ژیانیش، وەک چۆن خۆر ئێواران ئاودیو دەبێت نەمینێت، دەتوانین بێ شەرم رۆحمان بەرەو کردگاری مەزن بچێت ل٢٧).

لەسەر رێنمایی و پەروەردەیی چاکسازە کۆمەڵایەتییە دڵسۆزەکان، پەیوەندی دروستی نێوان حاکم و میللەتەکی بەو شێوەیە داناوە:

مەحکومکراوێک بە حاکمەکە دەڵێت: تا چیتر نەپاڕێمەوە و هاوار نەکەم گەورەم! گەورەم! هەموو سکالای داوا و رەحم و پاڕانەوەکانم بدڕێنە، داواکانم بەو دوو وشەیە کورت بکەوە: سڵاوو رێز.. ئەوە حەقی منە، ئەوەم بدەرێ، ل٣٥.
لە هاوارێکی تردا نووسیویەتی: لافاوەکە بەرەو شارە ناشیرینەکان برۆ.. بۆ زیندان و برسیەتی.. بەرەو شەڕ ئەی تۆفان. هەموو قەباحەتەکان بخنکێنە ئەی لافاوەکە ل٤٩.
ئەویش وەک هەر هۆشمەندێکی تر، نەفرەت لە موڵکایەتی تایبەت دەکات، چونکە دەربازبوون لە بەدکارییەکانی مرۆڤ، لەسەر ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، ئەو چینایەتییە سەرچاوەی هەموو بەدکارییەکانە و بێبەری و خاوێنی دەکاتەوە، لە ئیرەیی و ئاڵۆزییەکان، بەپێی بۆچوونی مارکس و پێش ئەویش خرمی و قەرامیتییەکان، موڵکایەتی دەبێتە فاکتەری میراتگرتنی سامان و نازناو و پێگە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو دیاردەکانی مرۆڤی فانی، پەرۆشە دەستی بکەوێت، بەبێ ئەویش ئاوی رووی نامینێت و وشک دەکات، بێ ئەو هەڵچوونی هەستکردن بە کەرامەتی ناسکی رووت.
بەژانەوە ئاماژە بەوە دەکات، ئەوانەی دەیانەوێ ببنە گەورەی سەر خەڵک، یان ببنە کۆیلەی کەسانی تر، قسە لەسەر ئەوانەی هیچ نابینن و ئەگەرچی خۆیان کەماسی گەورەیان زۆرە! قسە لەسەر کەسە گیراوەکەی ناو زیندان دەکات، کە جارێک ژنەکەی سەردانی کردووە و پێی وتووە: هیچ دەرباز و چارەمان نەماوە، دەبێ منداڵەکان بخەمە هەتیوخانەیەک، تەنیا گریان و هاوارم لە دەست دێت: چۆن منداڵ رەوانە هەتیوخانە دەکرێت و من هێشتا لە ژیاندا بم؟
بابەتەکان زۆر زۆرن، هەمووش سەربردە و ئامۆژگاری خەڵکە شەریف و جوامێرەکانە!

بەرامبەر ئەوەش، ڕێزی هەموو بەرهەمە ئەدەبی و زانستییەکان دەگرێت، وەک ئەوەی توانا و بەرهەمی ڕێزپەڕ بن و دووبارە نەبنەوە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێمە، کە زۆر پیویستمان بەو جۆرە بەرهەمانە هەیە، بوار بدەن پێگەکانیان دوور لە کێشە و گرفت و پێناو و ڕێکەوت و سەرئێشییەکانی رۆژگار بگرن، زۆریش پێویستە کەسە تەمبەڵەکان و هەڵەپاس و زۆربڵێیەکان بدۆزرێنەوە، ئەوانەی ڕێگای داهێنەر و بەرهەمدارەکان دەگرن، ئەو کەسە تەمبەڵانە وەک گەڵای سیسی دارەکان، هیچ بەرهەم و سوودێکیان نییە!

بەناڕەحەتییەوە وەک ئەوەی شیعرێکی خەمگین بنووسێت:

لەناو تاریکی ترسناکی شەو، کیژۆڵەیەکی سیسی نائومێدم بینی

بزەیەک بۆ ئەڤین ناکەن.. بەدوای دۆزینەوەی لەتە ئاوێنەیەک ناگەڕێن

چاوەڕوانی زەنگی قوتابخانەکان و

تکیتی سینەماش ناکەن

لەو فەزایە قووڵەدا

لەو سەرزەمینە بەرینەدا

تەنیا داوای هەوارێک دەکەن..

لە سروودێکی تردا نووسیویەتی:

پۆستە پڕەکەی لە گلەیی و سکاڵای بەردەم ڕۆژنامەکە

لەسەرمانا دەلەرزێت

لە بێزاری و ناڕەحەتی دەلەرزێت

یاخی دەبێت

پۆستەکە لە ترسانا دەلەرزێت

چاپخانەکەش دڵۆپ دڵۆپ سکالای رەش هەڵدەڕێژێت...

ئەوانە و قسەی مەزن و نازداری زۆرە، دەبینین چۆن بەدەنگێکی بەرز

جنێو دەدات: زیندانی زۆردارەکان و مۆزەی ئاوەگرەکان و شەڕ و پلانە نەگریسەکان و کۆکردنەوەی سامان و توندڕەویی نەتەوەیی و هەڵچوونی تایەفی، هەموو ئەوانەی ئاوەزی دروست پەسەندی ناکات، دڵی سپی پاک نەفرەتی دەکات...
بەڕێز کاکەیی، سێ بەشی نووسینەکانی تەرخان دەکات، کە بریتییە لە ٣٢٠ لاپەڕە بۆ شادمانی بە سروشت و ئاهەنگسازییەکان وەک چۆن نووسیویەتی:
من دەنگم، دەنگێک لەناو قووڕو قەوزەو هەواوە هەڵدەقووڵێت ل١٢٥.
ئەی ئادەمیزاد ناودەستت بۆ با بکەرەوە، هەردوو باسکت بۆ فەزا بکەرەوە.. تۆ لەسەر ئەو زەمینە بەهاداری، لە هەموو دەوڵەمەندەکان ئەوانەی بایەخی سروشت نازانن، دەستت لەناو هەوا هەڵبێنە، لەناو ئاو، لە گەرد و دار و رووناکیش ل ٨٥.
مرۆڤ غافڵگیرانە دەڕوات، شوێن پێی خۆی نادۆزێتەوە، بیر لەو زەوییەش ناکاتەوە، کە پێی لەسەر داناوە، بیر لە درەخت و بەردەکانی لێیان تێدەپەڕێت ناکاتەوە ل ١٠.
لەبەر ئەوەی زۆر پەرۆشی سروشتە، بۆیە بەردەوام و زۆریش پەرۆشانە هانی هەوادارەکانی لە رۆشنبیرو سیاسییەکانی جیهان دەدات، و زۆریش لەسەر بیرەوەری و یادی شەهیدی کورد شاکر فەتاح ئەوەی رژێمی وەحشیانەی بەغدا، لەسەر دۆزی میللەتی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ لەسێدارە دراوە، جەخت لەسەر هزری ئەو دەکاتەوە کە شەهید زۆرترین کات و بایەخەکانی بۆ ئەو مەبەستانە تەرخانکردووە، لەو کاتانەی بەرپرسی بەڕێوەبەربردنی چەندان ناوچە بووە لە کوردستان، کۆششی کردووە ژینگەیەکی خاوێن دابین بکات، زۆرترین باخ و سەوزایی دروستکردووە، بەوەش نەک لەسەر ئاستی هەموو عیراق، بەڵکو لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش پێشەنگ بووە لە بواری پاراستنی

ژینگە! لەسەر بنچینەیەکی دروست و لەسەر زمانی دیوجینی هۆشمەند، لەو و لە زۆر لە رووناکبیرە گەورەکانی جیهان، دەمامکی هونەری بۆ تێپەڕاندنی هزرەکەی بەکارهێناوە، ئەو کێشەی ئاڵۆز و دڵەڕاوکێیەکانی دەستنیشانکردووە، ئەوانەی دوایی بۆ هاوڵاتیان بازارەکانی کەرەستە سەرەکییەکان داگیر دەکەن، بەو مانایە گوتویەتی:

مانای چییە لە دابەشکردنی کەرەستەو پێداویستەکانی هاوڵاتییان، ئەو شپرزەیی و بەڕەڵاییەوە هەیە، بەوە چارەسەر ناکرێت و نرخەکان مەعقوڵ نابن، ئەوانەی لەپشت ئەو بەدکارییانە دەوەستن، بەشێکن لە گەندەڵی بەڕێوەبردن و چاوچنۆکی و بەرتیل و نادروستی پلان و سوو و قازانجکردن و شپرزەیی نەخشەکسازییەکان!

بەهەرحاڵ، ئێمە بەرامبەر چاکسازێکی کۆمەڵایەتی گەورە وەستاوین؟ بەرامبەر شۆڕشگێڕێکی جیهانی بە ئیمتیازەوە؟ یان لەگەڵ سۆفییەکی ئەفسوناوی عرفانی دەخولێینەوە، کەسێکە زۆر مرۆڤ و سروشتی لە خۆی خۆشتر دەوێت؟

دوایی، پاش هەموو شتەکان، دەبێ بزانین، پەیڤەکانی شیرینی و تامی لێوە دێت، پەیڤەکانی تێگەیشتنێکی رێزپەڕە، لە هەستیاری مرۆڤ و ترپەی سروشت، قەڵەمی ئەو نووسەرە، وا چل ساڵە ئەو هزرەی نەخشاندوە، لەوەتی گەنج بووە دەنووسێت و سڵی نەکردوتەوە!

لەسەرخۆ و نەرم و مەوزوعیانە بیر بکەنەوە، بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی ئەودەمانەی گەنج بووە چۆن بووە، مرۆڤ غافڵگیرە، نازانێت حاکمە خراپەکان چییان لە پلان و فێڵبازی بۆ ساز دەکەن، یان خەوتوون و ئەو بێدارێکی خەمبارە، وەک باڵندە ئەفسوناوییەکەی فینیقییەکان دەسوتێت، لەجیاتی ئەوان بیردەکاتەوە، بەباشترین و ئاسانترین شێوە، تا رێبوارەکانی بەرەو کامەرانی و بەختیاری ببات؟!

# لە عیشقی خودایی

**ئەو بابەتە بۆ تەواوکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە، لە مانگی مای ساڵی ٢٠١١ی زاینی نووسراوە.**

من کە خوداپەرستی دەکەم، لە ترسی سوتانی ناو ئاگر نییە، لەبەر خۆشییەکانی بەهەشتیش نییە، بەڵام بۆ خۆشەویستی ئەوە، هەتا هەناسەشم بێت، هیچ فەرمانێک ناتوانێت لەوم داببڕێت.

(١)

(رابیعە ئەلعەدەویە)، ژنە شاعیرە هۆشمەندەکە گوتویەتی: پەیڤەکەی مانای ئەوەیە، من خودا دەپەرستم تەماحیم لە بەهەشتەکەی، یان لە ترسی ئاگرەکەی نییە، بەڵکو خۆشمدەوێت، وەک خۆی، واتە لەبەر خودی خۆی.

ئەو پەندو قسە نەستەقە، بەر لە هەزار ساڵ لەلایەن ئەو وتراوە.

ئەوەش یەکەم گوزارشت نییە، لەسەر عیشقی خودایی، کە چەندان ناویان لەو عیشقە ناوە، هەر میللەت و زمان و ئاینێک، گوزارشتێکی تایبەتی، یان کولتوورێکی تایبەتی بۆ عیشقی خودایی هەیە، بەڵام شتەکە هەر یەک شتە، هەمان عیشقە، هەستێکە لەناخی هەموو بونەوەرەکان، لە گچکەوە هەتا باڵاترین بونەوەر، نەک تەنیا بونەوەرەکان، بەڵکو بێگیانەکان، هەتا رووەک و ئاژەڵیش، مرۆڤیش بە وەهمەوە خۆی بە

بالاترین بونەوەر دەزانێت، ئەگەرچی ئەو لە کولتوور و هەڵسوکەوتی، لەگەڵ شتەکان و بونەوەرەکانی تر، بەرەو ژێرەوە دەچێت، شکۆو شانازەکانی بە هەستکردن بە عیشق لەدەست دەدات.

عیشق ناکەوێتە بەر پێناسەو لێکدانەوەو شرۆڤەکردن، هەر کاتێک مرۆڤ بیەوێت شرۆڤەی بکات، بیناسێت، ون دەبێت و دیار نامینێت و لەبەر چاوان و ئاوەز دەسڕێتەوە، وەک ئەوەی هەستێکی تێدا بێت، قەوارەیەکی تری تیدابێت، لەدەرەوەو لەپشت پەردەوە .. لەپشت دیوارەکەوە بەرجەستەی تام و چێژی عیشق دەکات.

بۆیەش شاعیر و بیرمەند و عارفەکان، بە هەموو زمانە جیاوازەکانەوە نەیانتوانی جیاوازییەک لەسەر عیشقی خودایی بکەن (یان عیشق.. ئیتر بەو جۆرە، بەبێ ناوە تەماوییەکان، کە زۆرجار چەمک و رامانەکان ئاڵۆزتر دەکەن و لە عەقڵ دووریان دەکەنەوە).

نەمتوانی لەنێوان بنی القارص بە زمانی عەرەبی و مەلای جەزیری بە زمانی کوردی بەراوردێک بکەم، لەنێوان تاغووری بەنگاڵی رەچەڵەک و زێد و لویس ئارگۆنی فەرەنسی، یان لەنێوان جەلالەدینی رومی ئەفغانی زێد و رەچەڵەک و زمان فارسی و دەربڕین بکەم، ئەو کە لە هەموو شاعیر و فەیلەسوفەکان زۆرتر عیشقی خودایی هەتا مەستبوون ئیلهامی لێ وەرگرتووە.. بەڵام موستەحیلە مرۆڤ لە عیشق تێر بێت، کە لێوەکانی بە یەک مژو قووم تەڕ کردبێت بەعیشق.

کەواتە من، ماوەیەک، لەنێوان جۆرەها زمان و کولتووری هەمەرەنگەوە خەریکی دانانی بەراوردکاری بووم، لەنێوان چەند شاعیر و عاشقەکان، وازم هێنا، نەوەک جوانییەکانی عیشق و رووناکییە بەرەونەقەکەی شێلوو بکەم، هەموو سەرچاوە و کتێبەکانم لە گۆشەیەک لەسەریەک کۆکردەوە، من کە خەریکی دانانی ناونیشانەکەش بووم، هەستم کرد بەرەو گۆشەیەکی ئەو عیشقە ئیلاهییە کەنارگیر دەبووم، نەک بچمە

ناو قووڵایی باسکردن، لە فەلسەفەیەکی عەبەسییانە، لەسەر ئەوەی کە هەیە یان ئەوەی کە نییە.. هەست بە گەرماییە خۆشەکەی دەکەین، یان دەستەوەستان دەبین لە بینین و دەستلێدانی.. یان رەنگە و ئاساییشە ببینین، کە زۆریش بەجووڵە و هەڵبەزو دابەزەو دەردەکەوێت و ون دەبێتەوە...

## (ب)

من لێم پرسی، نهێنی دووبارەبوونەوە و بەردەوام و گەڕانەوەی ئەو سۆز و ئاوازە تەماوییە قووڵە، لەسەرەتای چرینی گۆرانییەکانت، لەگەڵ ژەنینەکەت چییە؟! ژنە هونەرمەندە ژەنیارەکە، بە دەنگێکی کز و نەرم، وەک ئەوەی بیەوێ مەسەلەیەکی گرینگ و باڵکێش بشارێتەوە، گوێی کەسانی نەناسراوی لێوە دوور بێت گوتی:

- ئەوە عیشقە.

سەرسام بووم کە بینیم بەرەو دەروازەی بەرینی ئاخاوتن دەچێت، بۆیە من وتم:

- تۆ باس لەکام عیشق دەکەیت؟

بە بزەیەکەوە، بە دەنگێکی کزتر گوتی:

- عیشقە ئیلاهییەکە...

شۆک بووم، کە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت، بێ پچران گوتی:

- من چاوەڕوانی ساتێکم دەکرد، تا بتوانم ئەوەت لەکن بدرکێنم، من ژنێکی عاشقم. لەمێژە من پەرۆشم، بگەمە ئەو ساتە و بتوانم ئەوە بڵێم، وامدەزانم هێزێک پاڵم دەدات، ئەوە بدرکێنم، ئەو قسەیە بکەم.

بەو قسەیەی سەرسامی کردبووم، من رادەستی بووم، من لە ئاهەنگە سازە نازدارەدا، ئەوەم لێی چاوەڕوان نەدەکرد، بەو دانوستانە ئازایانەی ئەو ژنە زۆرتر منی پەریشان کرد، من یەکەمجار بوو رووبەڕوو ئەو

ژنە ببینم، ئینجا کە قسەکانی دەکرد وامدەزانی لەمێژە دەیناسم، بەڵام زۆریش گوێم لە ئاواز و سترانەکانی بووبوو، لە دیمانەی یەکەم وامدەزانی لەمێژە دەیناسم. بەڵام ئەو ژنە بۆ ئەو نهێنییەی بۆ من درکاند، بۆ .. بۆ من؟
من دەمویست لێی بپرسم، بەڵام پرسیارەکەم نەکرد، چونکە ئەزمونم لەگەڵ ئەو جۆرە عاشقانە زۆرە، کە بوونەتە تاکە سەرچاوەی خۆشی و سەرفرازییەکانم. بەڵام من هێشتا نازانم بۆ ئەوانە روو لە من دەکەن، شادمانن قسەکانیان بۆ من دەگێڕنەوە، نهێییەکانیان ئاشکرا دەکەن. بەڵام ئێستا و لەو رەوشەدا، بەرامبەر ئەو ئەزموونە نوێیە، من سەرسام و پەشێوکاوم، ئەزموونی ژنێکی تەڕی جوان لە هونەر و تەمەن، داهێنەر لە ژەنین.. ئەوەی من سەرسام دەکات و سەرسامم پێی، ئەو ژنە هەموو جارێک ئاوازەکە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بێ ئەوەی تێبگەن، سۆزێکی نوێی نادیاری تێدا زیاد دەکات، ئەو ئازادانە ودوور لە سیستەم و رێنمایی و رێساکان، ژەنینی خۆی دەکات، لە قاڵبەکان دەردەکەوێت هەتا لە تێکست و چرپەی موزیکیش.
من لەناو ئوقیانووسێکی بەریندا نوغرۆ ببووم، خۆم دابووە دەست شەپۆڵەکانی دەیانخنکاندم، سەبر سەبر (وشەکانی هونەرمەندی میسری - اغرق اغرق - دەخنکێم، دەخنکێم، نازانم بۆ ئەوە ئەوەی وتووە، لەکام هاژە و شێتبوونی شەپۆڵێک دەخنکێت...) ئەو لەسەر ئاخاوتنەکەی بەردەوام بوو، وەک ئەوەی قسە بۆ بونەوەرێکی تر بکات، نەک بۆ یەکێکی داماوی وەک من، دەیگوت:
- ناسیت...
من بەپەلە پرسیم:
- کێ؟
- ناسیت.. یان بینیت.. یان نەتبینی.. تەنیا هەستم پێی کردووە. ئەو

لەوێ جارێکیان لەگەڵم بوو، بوونی ئەو، لەوێ منی بە رووناکییەکی خۆش داپۆشی، ناتوانم رەوشەکەش بگێڕمەوە. زۆر نازدار بوو، لەوپەڕی جوانی و ئیشراق و ئەڤین، ئەو.. دەرکەوت و بەیەک سات ون بوو، جارێکی تر نەهاتەوە و نەمدیتەوە رۆیشت.

ئیتر من لەو ساتەوە، لەو دەگەرێم تا جارێکی تر چاوم پێی بکەوێتەوە.. چەند سەیر و باڵکێش بوو، سۆزی شادییەکەی بوونی منی هەژاند، چەند پڕ و شیرین و نازدار بوو.. ئەو منی پڕکردبوو. چ بڵێم؟ چۆن گوزارشت بکەم...؟ من لەودەمەوە لە هەموو سات و شوێنێک لەو دەگەڕێم.

بیرم لەوە کردەوە، نازانم بۆ تۆ رەنگە ببیتە تاکەکەس بەشداری ئەو نهێنییە شاراوەم بکەیت. لەیەکێک دەگەڕام تێمبگات، کە تۆ لە منت پرسی، نهێنی ئەو ئاوازە چییە، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، هەستم کرد بەو پرسیارە تێگەیشتم، من ئەو کەسەی دەمویست دۆزیمەوە، هەر هیچ نەبێت بەشداری ئەو هەستەم دەکات.

وتم:

- بەڵام هەستکردن وەک خۆی ناگوازرێتەوە لای یەکێکی تر، هەستکردن تایبەتە، بە ویژدانی خاوەنەکەی، بەڵام من هەر ئەوەندە دەتوانم گوێت لێ رابگرم و بەس.

- منیش ئەوەم دەوێ. تۆش دەزانیت من ئەوەندەم بەسە. تێدەگەم. چ دەڵێیت فەرموو، من پێویستم بە راڤەکردن و لێکدانەوەش نییە، پێم بڵێ.. بەس، تۆ لە من حاڵی دەبیت؟

بزەیەکم بۆ کرد:

- هیوادارم بتوانم وابم. لەسەر هونەرە جوانەکەت بەردەوام بە، ئەوەی خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە، وەک چۆن خۆت دەبینیت و دەبیستیت. وەک پەپوولەیەک بیەوێ بفڕێت، هەڵسایەوە، هیچی تری نەوت، منیش

هیچ پرسیاری ترم لێی نەکرد. منی لەناو خەیاڵدا جێهێشت، ئەویش بەشکۆوە، ناسک ناسک جولایەوە، گەیشتە سەر ئامێرە ژێدارەکەی، وتبووی من هەندێ گۆڕانکاری سادەم تێدا کردووە، ئەوەش زۆر گرینگە، کەسی تری ئەوە نازانێت، بەس بە خۆم.. لەگەڵ ژەنینەکە بەدەنگە خۆشە سازگارەکەی گۆرانیشی بۆم چڕی.

ئەوە یەکەم و دوا دیمانەی ئێمە بوو.. ئەگەرچی من لە زۆربەی ئاهەنگەکانی ئامادە دەبووم، تەنیا سڵاوێکی بەئاماژەم پێی دەگەیاند، ئەویش بەباشترین شێوە وەڵامی دەگەیاند. لە شوێنی تایبەتی خۆی لەناو هۆڵەکە دادەنیشت. هەندێ جاریش دەهات بەخێرهاتنی دەکردم.. ئەوەندە و بەس.

بوار نەبوو دیمانەمان ببێتەوە، ئەویش خۆی لەوە دەپاراست. بە دیتن و بیستنی دەنگی، زۆر کامەران و شادمان دەبووم. وەک ئەوەی سازببووین بەبێ ئەوەی قسەش بکەین بەو جۆرە بمینێنەوە و بەس.. هەر چەند سەیرم دەکرد و گوێم بۆ رادەخست، قەناعەتم زۆرتر دەبوو، ئەوەی ئەو دەیڵێت، لە نێو وشەکانی لەگەڵ سازی ئاوازەکانی، من بەتەنیا بەشێوەیەکی تر و جیاواز لە هەموو، یان زۆربەی خەڵکەکە تێیدەگەم. من لێم نەپرسی، ئایا ئەو لەسەر عیشقە ئیلاهییەکە، قسەی لەگەڵ کەسی تر، بێجگە لە من کردووە؟

ئەو رازە لە هۆش و دڵم، چەند شەپۆلێکی لە رامان و پرسیار بۆم دروستکرد، منیش بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک، لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە نەک لەناوەوەی بۆی دەگەڕام.

رۆژێکیان لەناکاو و لە ئاسۆیەکی دوورەوە، تروسکاییەک منی ئاگادار کردەوە کە نهێنییەکی تری نهێنییەکانی عیشقی خودایی هەیە.. ئەویش ئەوەیە، حەقت هەیە تەنیا تام و چێژ وەربگریت، بێ ئەوەی لە سەرچاوەکەی بپرسیت، یان بزانیت چۆن پەیدابووە. تۆ بەبێ ئەوەی

بپرسیت بۆ بوونت هەیە؟ شێتانە و بەخۆڕاییە ئەگەر کاتت بەفیڕۆ بدەیت و لەو بگەڕێت، ئینجا هەر چەندە زۆریش بێت. با مەسەلەکان وەک خۆی بڕۆن. ئەوەش مانایەکی تری عیشقە.

## (ج)

لە ژووری برادەرە نەخۆشەکەم دەرچووم، لە سالۆنەکە، ژنێکم بینی بەدیار لانکی منداڵێک، لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو، دیاربوو تەمەنی منداڵەکە تەنیا چەند مانگێک دەبوو. سەیری ئاکارە بەستەزمانە کامەرانەکەی منداڵەکەم کرد، وادیار بوو، سازی بە عیشقێکی خودایی دەکات و شادمانە بەو بوونە. بەبی ویستی خۆم، راوەستام و سڵاوێکی نیمچە سەربازییم لە منداڵەکە کرد، بەبێ ئەوەی ناویشی بزانم وتم:

_بەخێر بێت بۆ جیهانەکەمان. گەورە و سازی بکە ژیان، لەو ژیانە رابوێرە. لەگەڵ هەر وشەیەکی لەدەمم دەردەچوو، منداڵەکە جوان جوان بۆم پێدەکەنی، وەک ئەوەی بیەوێ وەڵامم بداتەوە، یان رەنگە گاڵتەی بە بۆچوونەکەم بێت، کە هەموو شتەکان بە پێوەری خەڵکە پێنەگەیوەکان دەپیوێت، ئەوانەی وەک من. وتم.. وتم.. لەبیرم نەما من کێم، ئاگام لە دایکی نەما، چۆنم دیبوو، وام هاتەوە بەرچاو، نزیک کەوتەوە و سوپاسی کردم.

دایکەکە زۆر جوان و ناسک بوو، برادەرەکەم نوقرچکەیەکی لێدام و بەئاگاهاتمەوە و گوتی: بەسە! با بڕۆین.

ئینجا گوتی:

- دەبوایە ئاگاداری داپیرەکەیان بیت (ئەگەر بەڕاستی داپیرەی بێت) ئەو سەیری دەکردین، من و منداڵەکە و دایکەکە، تەنگاو بووبوو و دەپرسێت دەبێ من کێ بم؟! ئایا من زووتر ئەو دایکەم ناسیووە؟

تێگەیشتم برادەرەکەم مەبەستی چییە. ئاوڕێکم لە داپیرەکە دایەوە و وتم:

- رووخۆشی منداڵەکە سەرسامی کردم، راوەستام و پیرۆزبایی بوونی بکەم.

ئەویش دەستی بەرزکردەوە و سوپاسی کردمەوە، منداڵەکەی لەناو بێشکەکە هەڵگرتەوە.

برادەرەکەم گوتی: چ سەرسامی کردیت؟ زۆری نەمابوو بەربیبێتەوە سەر ئەرزەکە، جارێکی تر ئەوە بەرامبەر خەڵکی نەناس نەکەیت، دووبارەی نەکەیتەوە، ئەوان لە تۆ تێناگەن. منیش زۆرم نەمابوو تۆ لەبیر بکەم و نەزانم تۆ کێیت، چونکە نامۆ دیار بوویت.

منی داماوی سەرلێشێواو، زۆر لەو رەوشە خۆم دەدۆزمەوە، کەوتبوومە ناو جیهانێکی تری زۆر دوور و سەیر، لەو دەمانەش تروسکاییەکی گەش لەسەرانسەری ئەو گەردوونەش دەدرەوشایەوە. من لەوێ بووم، نەک لێرە.

تێگەیشتم ئەو دەیەوێ وانەیەکی تری قوتابخانەی عیشقم فێربکات.

(د)

پێغەمبەرەکان، لە بەشێکی نەزانراوی ژیانی رۆحییاندا، عاشقەکانی خودا و مرۆڤ و ژیان، ئەوانە پەیامێک بۆ ژیانی باشتر و پەیوەندی گونجاوی دروست و راستی ناو خەڵک، پاراستنی کەرامەتی مرۆیی بڵاودەکەنەوە.

ناکرێ جیاوازی لەنێوان عاشقە مەزنەکان و عاشقە بچووکەکان بکرێت، کە مرۆڤ دەگاتە ئاستی کشان و عیشق و سووتان، ئەوە عاشقە و تەواو، گرینگ گوزارشت لە خۆی بکات یان نا، گوزارشتەکە، بە موزیک

یان شیعر و سەما و هەر شێوە و ئامرازێکی تر بێت، هەروەها گرنگیش نییە هاوار بکات، خۆی ئاشکرا بکات، یان بەدرێژایی تەمەنی مات و بێدەنگ بێت، زۆربەی عاشقەکان، حەز دەکەن بێدەنگ بن، چونکە هیچ لەو جڤاتە چاوەڕوان ناکەن، هیچ نە سوپاس و نە سزاش.

فەرموو چەند دێرێک لە شیعر و پەیڤی هەندێ لە عاشقە ناسراوەکان، وەک بەراوردکردنی خێرای نێوان زمان و کولتووری جیاواز، ئەوەی جوانە هونەرەکانی دەربڕین، هەمەڕەنگ لە مانا و لە ئاماژەکان:

ـ لەئەدەبی کوردی:

مەلای جەزیری لە جوانی رووناکییدا دەڵێت:

یەغما ژ مە جان کر کو تەجەللایێ ل دلْدا

من روحێ د قالب تویی تەنیا قەفەسم ئەز.

مانای وشەکان:

**یەغما**: تاڵا

**تەجەللا**: ئاشکرابوون

**قەفەس**: ڕکە

پوختەی مانا:

یاری نازدار! هەر کە پرشنگی جوانی تۆ، خۆی بۆ دڵم ئاشکرا کرد، گیانە رواڵەتییەکەمی بەتاڵان برد. ئێستا تۆم گیانی شیرینی و من بوومە قەفەسێک بۆ تۆ.

**دیوانی مەلای جەزیری، هەژار ل ٢٨٤ و ٢٨٥**

جەزیری ناسراو بە مەلای جەزیری، عیشق بە نوێ و دروستكراو نازانێت، لەگەڵ جوانی بە كۆنی دەزانی، كۆن و لەناو چوارچیوەی بەهاكانی كۆنی زەمانی دوور لە پێوانەی عەدەم، لەسەر حیكمەت و ویستی یەزدانی مەزنیش ئاسایيە، لەیەك دابڕاون...

جەزیری، عیشق لە ئامراز و پێكهاتەی پێنجەمی شتەكان دەزانێت، پاش: ئاو، خۆڵ، هەوا و ئاگر.

ئەویش وەك بن عەرەبی وادەزانێت، ئەڤین ئەسڵی جیهانە. ئامرازی سەرەكی لە پێكهاتەی بونەوەرەكان، شتەكان ئەو ئامرازە ڕۆحانییە نورانییەی ئاگرە نازدارەكەیە.

جەزیری ژنی نەهێناوە، ئەوە ئاینزای ئەو بووە، كە هێزی ویستی مرۆڤ و ئارەزوو و خۆشییەكانی تێدا دەردەكەوێت. ئەوانی تر بێجگە لە جەزیری بڕواداری ئەو ڕەوتە بوون، ئیبراهیم بن ئەدەهم (١٦١ی كۆچی)، ئەبو یەزید یەلبساتی (٢٦١ی كۆچی)، بشر ئەلحافی (٢٢٧ی كۆجی)، مەعروفی ئەلكەرخی (٢٠٠ی كۆچی)، ئەبو ئەلای ئەلمەعەری و زۆری تریش.

- لەئەدەبی عەرەبی:

- بن ئەلفارض ٦٣٣ی كۆچی، ناسراو بە سولتانی عاشقەكان، ئەویش لەسەر مەزهەبی عاشقەكانی ترە، ئەو وادەزانێت جوانی ڕاستەقینەیی بەس شیاوی ئەڤینە، بەڵام ئەو جوانییە كەوتووتە بەر دەمامكی وێنە جەستەییەكان، ئەو گوتویەتی:

- بدات باحتجاب واختفت بمظاهر

على صبغ التلوين فی كل برزه

ففی النشاه الاولى تراءت لادم

بمظهر حواء قبل حكم الامومه

فهام بها كیما یكون بیا ابا

ویظهر بالزوجین حکم البنوه.
وما برحت تبدو وتختفی لعله
علی حساب الاوقات فی کل حقبه
وتظهر للعشاق فی کل مظهر
من اللبس فی اشکال بدیعه
ففی مره لبنی واخری بثینه
واونه تدعی بعزه عزت
ولیس سواها لا ولکن غیرها
وما ان لها حسنها من شریکه

**محیەدین بن عەرەبی، ئەو هەمەرەنگییە، لە دیاردەکانی ئەڤین بەو دێرە ناسراوانە وێنا دەکات، گوزارشت لە مەزهەبی یەکێتی بوونیش دەکات، ئەو وتویەتی من ئیماندارم بە ئاینی خۆشەویستی، ئەڤین ئاین و ئیمانەمە.**

لقد صار قلبی قابلا کل صوره
فمرعی لغزلان ودیر لرهبان
وبیت لاوثان وکعبه طائف
والواح توراه ومصحف قران
ادین بدین الحب انی توجهت
رکائبه فالحب دینی وایمانی

**- عشیق لەلای مەلای جەزیری وەک حوسێن بن مەنسوور ئەلحەلاج دەفرێت، لە مەستبوون بە ئەڤین، جەزیری گوتویەتی:**

**- ئەلشبلی (٣٣٤ی کۆچی):**

**من و حوسێن مەنسوور یەک شت بووین، بەڵام ئەو شتەکەی ئاشکرا کرد و منیش بێدەنگ مامەوە.. ئەلشبلی گوتویەتی: ئەلحەلاج لەسەر**

**خاچیش بوو، ئەوەی بە هەوادارەکانی وتووە، ئەوەش دەقەکەیەتی:**

الا ابلغ بانی رکبت البحر وانکسر السفینه

علی دین الصلیب یکون موتی ولا البطحاء ولا المدینه

**ئەوە حەلاجە، دەیەوێ لەسەر ئاینی خاچ بمرێت، واتە ئاینی خۆشەویستی...**

**(ە)**

**وتارەکە ئەوەندە نمونەی هەڵدەگرت، ئەگەر لە هەموو رەوش و پەیڤی عاشقەکان وردببینەوە زۆرە، زۆریش لەیەک نزیکن و هەموویان، لەسەر بنچینەی رووکردن لە رووناکی کۆدەبنەوە.**

**بن عەرەبی، وادەزانێت بزاڤی گەردوون بزاڤێکی ئەڤینە، چونکە دونیا لەسەر ئەڤین بنیاتنراوە، بوونیش جولانەوەی ماتبوونە، چونکە جولانەوە بوونی جیهانە و بزاڤی خۆشەویستییە.**

**(د)**

# کۆتاییەکی دڵخواز

**- بەڵام پرسی گوڵ، بۆ کێ دەپشکوێن، لەنێوان خۆم و خودی خۆمەوە دەکەم، چەند ساڵە ئەو پرسەم هەیە، دیارە وانزیک بووە، جورئەتی ئەوە بکەم، وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزمەوە، ئەویش بەشێکە لە گەردوون و بزاڤەکەی، کە لەسەر جەمسەری خۆشەیستی دەخولێتەوە، وەک چۆن محیەدینی بن عەرەبی گوتویەتی: رەنگە گوڵ بۆ عیشق بپشکوێت و گوزارشت لەو حاڵەتە دەکات، بانگەشەی بوونی وەک زیندووێکی بەردەوامی بێ ئاژاوە و هەڵپەکردن. بێدەنگ و بەمەندی و کرنۆشەوە**

**چەکەرە دەکات و دەکرێتەوە. هەرگیز نەمدیوە، گوڵاڵەیەک ناڵەیەکی لێوە بێت، هاوارێکی عەبەسییانە و ئاخێک هەڵکێشێت. رووناکبیر شاکر فەتاح، ئەوەی رژێمی سەدام لەسەر بەرگریکردن لە مافی کورد و وتنی وشەی حەق، لە تەمەنی حەفتا و پێنجساڵی دەیکوژن، قسەیەکی جوانی هەیە.. گوڵ مامۆستای مرۆڤە. با لە سیستەمی ژیانی گوڵاڵەیەک و نەوازەیی بێ سنووری و خۆشەویستی سروشت فێر بین. رەنگە مەزنی گوڵاڵەیەک، لەوە بەرجەستە دەبێت، کە خودی خۆی خۆشدەوێت و سۆز بەخۆی دەبەخشێت، ئەوەش گەنجینەیەکی شاراوەیە، دەپشکوێت تا جیهان بیناسێت.**

# پەراوێز و سەرچاوەکان:

- **مەلای جەزیری شاعیرە کوردەکە، بە چەندان ناو دەناسرێت،مەلای جەزیری، شێخی جەزیری، یان شێخ جزری.**

- نایف طاهر میکائیل، الشیخ الجزیری، نهجه وعقیدته من خلال **دیوانه الشعری. وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر لە بڵاوکراوەکانی خانەی سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی چاپکراوە.**

- رشید فەندی، من ینابیع الشعر الکلاسیکی الکردی، **بەشی یەکەم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردستان هەولێر ٢٠٠٤ی زایینی.**

- **محمد امین دوسکی، فلسفه العشق الالهی فی شعر الجزیری، بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی هاوار دهۆک ٢٠٠٠ی زایینی.**

- لدکتور احمد محمود الجزار، الغناء و الحب الالهی عند ابن عربی، مکتبه الثقافه الدینیه القاهره ٢٠٠٦م.

- دیوان الحلاج، جمع و تقدیم الدکتور سعد ضناوی، دار صادر، بیروت الطبعه الثانیه ٢٠٠٣م.

**تێبینی:**

لێرە تەنیا وەک نمونە ئاماژەم بە شاعیرانی کورد و عەرەب کردووە، بۆ بابەتی سەرەکی، کە بەراوردکردنە لە نێوان ئەدەبی کوردی و عەرەبی لە جیهانی تەسەوف و عیشق، لەبەر کەمی کات، نەکرا نمونەی زۆرتر بهێنینەوە، ئەگەرچی من کەرەستە و بابەتی زۆرتر و ناسراویشم ئامادە کردبوو، بابەتەکەم بەو چەند لاپەڕە کەمە کۆتاییمپێهێناوە، ئەگەر بوار بوو ڕۆژێکیان بگەڕێمەوە سەری، چڕتر باسی بکەم، بەڵام وادەزانم ئەوەیان هیوایەکی دوورە و ئاسان نییە بە من بکرێت!

# کتێبی حەوتەم

پاش کۆتایی هاتنی کتێبی چوارەم (لمن تفتح الازهار) ئەوە شەشەم کتێبە لەو زنجیرەیە کە چاپکراون:

کتێبی یەکەم: الحلاجيات

کتێبی دووەم: موطن النور

کتێبی سێیەم: احتفالا بالوجود

کتێبی چوارەم: لمن تفتح الازهار؟

کتێبی پێنجەم: انقلاب روحى

کتێبی شەشەم: لحظه الحكمه

ئەو کتێبانە زنجیرەییەکە، باس لە بوون و مرۆڤ و شتەکان بە بینینیەکی سۆفییانە دەکات.. لە سەرەتای مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ هەتا مانگی یولیوی ساڵی ٢٠١٢ی زاینی حەلاجیات نووسراوە.

کتێبی حەوتەم، کورتەیەک دەبێت لەو ئەزموونە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، ناوم لە کتێبەکەش ناوە، بەڵام هەتا بڵاونەبێتەوە و چاپ نەکرێت، لە بڵاوکردنەوەی ناوەکەی زۆر وریام و ئاشکرای ناکەم، دەرچوونی ئەو کتێبەش کاتی دەوێت، بەڵام هەنگاوێکی باشی بڕیوە و لە خولی گەشەسەندن و تەواوبوونە.

ئەوەی شایانی باسە، من تا ئێستا چوار کتێبم بە زمانی کوردی لەسەر هەمان بینین نووسیوە، هەردوو کتێبی پێنجەم و شەشەمیش ئامادەیە.

نامەوێ لیستی ناوی کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرچوون بنووسمەوە، ئەوەش بەپێویست نازانم، بابەتەکانیان ئەدەبی و سیاسییە، کە ئێستا شیاوی بایەخ نین.

بوار بۆ نووسەر و رەخنەگرەکان جێدەهێڵم، قسە لەسەر کتێبەکان

بکەن.

هەندێ لە مامۆستا بەڕێزەکان باسی کتێبەکانیان کردووە، رامان و نووسینەکانیان لە بەرگی سێیەم و چوارەم بۆ ڕێزگرتنیان بڵاوکردیتەوە، بێگومان نووسینەکان، بیرۆکەی نووسینەکانم دەوڵەمەند دەکەن.

نازانم و ئەوە بۆ زەمەن جێدەهێڵم، ئایا من توانیومە شتێک بکەم.. من مەبەستم نەمری بۆ بابەتەکان نییە، ئەوەش موستەحیلە، چونکە گۆیی زەوی و گەنجینەکانی زانیاری و بەرهەمە شارستانییەکانیش لەو هەسارە جوانە، بۆ نەمری دانەنراوە، کە لە تەقینەوەی گەورە و لێکدانی ئەستێرە گەورەکان، بەپێی ئیقاعی بزاڤێکی جوان و سەرمەدی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو گەردوونە شاراوەیە، کە تا ئێستاش تێگەیشتنی لەلایەن مرۆڤەوە زەحمەت و ئەستەمە.

**نووسەر ٢٤ی یولیوی ساڵی ٢٠١٢ی زاینی**

## پەراوێزی گشتی:

**زەنجیرەیەک کتێب لەسەر یەک بابەت ئەویش حەلاج و عیشق و تەئەمول لە گەردوون و مرۆڤ:**

**کتێبەکان:** الحلاجيات، موطن النور، احتفالا بالوجود، لمن تفتح الازهار؟ **لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپکراون**

## (سی ڤی) وەرگێڕ:

لە ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێر بووم، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

## چاپکراوەکانم:

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی (هەولێر) م ئامادەو چاپکرد.

٢. هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.

٣. کەلاوە، ١٩٩١ رییپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

٤. دیوەخانی فلێن، رۆژانەیە، لە ١٩٩٩ لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی بڵاوکرایەوە.

٥. هەولێر تا دبلن ٢٠٠٠ رییپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

٦. بەغدا بۆ هەولێر ٢٠٠٠ رییپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.

٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان،٢٠٠١ رییپۆرتاژ، سلێمانی.

٨. کاکە، ئەبو ئیسماعیل ٢٠٠١، سلێمانی.

٩. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ رۆمانی گابریل مارکیز.

١٠. رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.

١١. سارد، یان گەرم (١٢) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی .

١٢. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.

١٣. مەملەکەتی کەلاوە، وەک نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.

١٤. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر ٢٠٠٧.

١٥. هولۆکۆست.. وەرگێڕان .. سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.

١٦. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ.. هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

١٧. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١ سەنتەری مەسەلە هەولێر ٢٠٠٨.

١٨. بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک، روایال، سارکۆزی و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨.

١٩. سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ و: سەردەم ٢٠٠٨

٢٠. تەها حوسین، نابینایەکی بینا، دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨

٢١. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە، دەزگای نما ٢٠٠٨

٢٢. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨

٢٣. مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە سلێمانی ٢٠٠٨

٢٤. من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم، وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠٠٩

٢٥. مۆساد وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ١ و ٢ و ٣ هەولێر ٢٠٠٩، ٢٠١٠،

٢٦. دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر ٢٠٠٩

٢٧. ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات وەرگێڕان دەزگای موکریانی ٢٠٠٩
٢٨. نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩
٢٩. کاکە ئەبو خەلیل، بەسەرهات رەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩
٣٠. برادەرە جوانەکە رەشیدە داتی دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩
٣١. سارا پالین ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٢. دەسەڵات و نەخۆشی وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠
٣٣. سیاسەتی دڵ وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٤. جیهان لە دیدی کۆشنێر وەرگێڕان دەزگای نما ٢٠١٠
٣٥. سیڤییەکان ١وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩
٣٦. گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ دەزگای ئاراس، وەرگێڕان ٢٠١٠
٣٧. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠
٣٨. چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تاریکی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٣٩. تووتنەوانەکە رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤٠. ئەستێرە سەرگەردانەکە رۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤١. دەربازبوون وەرگێران دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٢ مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٣. سیڤییەکان ٢ کۆمەڵێک راز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١
٤٤. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسبوک، نۆڤڵێت دەزگای نما ٢٠١١
٤٥. غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا چ، ٢،١، ٣ ئاوێر ٢٠١١، ٢٠١٣
٤٦. سەگەکان لە ریگا، رۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

٤٧. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٢
٤٨. سیڤییەکان ٣ کۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢
٤٩. دەسەڵاتی دوو ژن ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میرکل، بەدرخان ٢٠١٢
٥٠. چراکانی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆمان، ئاوێر ٢٠١٢
٥١. شۆرشەکانی جیهان ئامادەکردن، ئاوێر ٢٠١٣
٥٢. هەولێر، ئیبنی مەستەوفی، رۆمان مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣
٥٣. هەولێر، سێتاقان، رۆمان خانەی ئەربیل ٢٠١٣
٥٤. گێلە، دۆستویڤسکی، وەرگێڕان رۆمان ئاوێر ٢٠١٣
٥٥. زستانی خێزانەکە، وەرگێڕان رۆمان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٣
٥٦. کەسایەتە مەزنەکانی جیهان، دەزگای نما هەولێر ٢٠١٣.
٥٧. سیڤییەکان ٤ کۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣
٥٨. رێنسانسی ئەوروپا مێژوو، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٣
٥٩. چرکەساتی حیکمەت. فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٤
٦٠. هەولێر تەعجیل رۆمان بەرگی ٣ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤
٦١. حەلاجیات، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان چاپخانەی رۆژهەڵات ٢٠١٤
٦٢. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ رۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سەنتەری نما ٢٠١٤
٦٣. دەریاوانە خنکاوەکە رۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بڵاوکراوەکانی م. چینی ٢٠١٥

٦٤. هەولێر تەیراوە رۆمان، چاپخانەی زانکۆ ٢١٠٥
٦٥. ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، چ٢، دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١٥.
٦٦. هەولێر چۆمان رۆمان ٢٠١٥
٦٧. هەولێر سەعدی گچکە رۆمان ٢٠١٦

## ئامادەی چاپە :

١. پایزە ساڵ تۆماری رووداوەکان ٢٠٠٩
٢. گەرمێن و کوێستان یادەوەری و سەفەرەکانم
٣. حەریمەکانی سوڵتانی عوسمانی ئامادەکراوە
٤. کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیم وەرگێڕان
٥. سەربازکانی سالامینا وەرگێڕان
٦. لەسەر پشتی حوشترەوە لە دیمشق تا حائیل، وەرگێڕان
٧. سیڤییەکان ٥ ئامادەکردن و وەرگێڕان
٨. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێڕان
٩. کوبا لە سەردەمی گەرمارۆەکە. گابریل مارکیز
١٠. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئەخوان لە میسر
١١. نیکۆس کازانتزاکیس لە میسر
١٢. کودەتای رۆحی، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان